# رووداو
# RÛDAW

ژما... وشەممە 2017/7/24 – 2ی خەرمانان 2717 (750) دینار

## سالانە 480 ملیۆن دۆلار بۆ گەرمکردنی ئاوی مالان دەڕوات

**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی بەدواداچوونی شارەزایەکی بواری وزەی کارەبا، لە هەرێمی کوردستان سالانە 480 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ گەرمکردنی ئاوی مالان دەڕوات.

سیروان محەممەد، لەو بەدواداچوونەدا کە چەند بەشێکە و لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی بلاوکراوەتەوە، باسی بەفیڕۆدانی کارەبا و گرفتەکانی کورتهێنان لە بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات و کێشەکە بۆ بێپلانیی حکومەت دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی لەڕووی ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی کارەبا کە سالانە ملیۆنان دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێ.

بەپێی ئەو بەدواداچوونە، حکومەت نازانێ سالانە چەندە وزەی کارەبا بۆ گەرمکردنی ئاوی مالان دەڕوات. ئەو دەلێت: "بەپێی داتاکان (360) دۆلار خەرجیی کارەبای بەرهەمهاتووە بۆ بۆیلەری هەر هاوبەشێک. ئەگەر ئەو ژمارەیە جارانی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بکەین لە کوردستان کە 1.35 ملیۆن هاوبەشە، ئەوا 480 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ گەرمکردنی ئاوی مالان دەڕوات".

بەڕای ئەو، ئەگەر لەجیاتی کارەبا روو بکرێتە بەکارهێنانی غاز بۆ گەرمکردنی ئاو، ئەوا "هەر مالێک سالانە هەشت بوتل غازی دەوێت. ئەگەر نرخی بوتلێک غاز 7.5 هەزار دینار بێ (8×7.5 دینار = 60 هەزار دینار) لە سالێکدا. بۆ کۆی هاوبەشانی کارەبا کە 1.35 ملیۆن هاوبەش هەیە، دەکاتە 81 ملیار دینار کە بە دۆلار دەکاتە 64 ملیۆن دۆلار".

9«



### شوێنی شەهیدبوونی شیفا گەردی دەکرێتە مۆنیومێنت

2

### عومەر سەید عەلی بۆ دوو سال دەبێتە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان

3



**ئەسیل نوجێفی بۆ (رووداو):**

### داوامان کردووە گشتپرسی لە نەینەوا نەکرێت

7

**سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا بۆ (رووداو):**

# بەرژەوەندیی هاوبەشمان لەگەل کوردستانی عێراقدا هەیە

4 «



وەک یەکێک لە گرووپە دانپێدانراوەکان سەیری کوردی سووریا دەکەین

ئێمە وەک گوزارشتکردن لە خواستی گەلی کورد لە گشتپرسی دەڕوانین

پێویستە خواست و ئامانجەی یاساییەکانی گەلی کورد بەدی بهێنرێن

راپۆرت 7

### عەرەبی هاوردە جووتیارانی کورد دەدەنە دادگا



راپۆرتە هەوال 2

### پاداشتی دۆزینەوەی هەر کوردێکی ئێزدی یەک ملیۆن دینارە

کۆمەلایەتی 13

### پیاوێک لەسەر جۆگەلە ئاوێک دەکوژرێت



تاراوگە 11

### هاوسەرگیریی نێوان کورد و مەغریبی زیاترە لە دهۆکی و سلێمانی



## مووسڵ مادەی کیمیایی مەترسیداری تێدا بووە

**رووداو- هەولێر**

رۆژنامەیەکی ئەمریکی ئاشکرای کردووە دوو کۆگا مادەی کۆباڵت ـ 60 لە ئەمبارێک لە ژێر زانکۆی مووسڵ بووە و ماوەی سێ ساڵە داعش دەستی بۆ نەبردووە. کۆباڵت مادەیەکی کانزاییە و لە خشتەی توخمەکاندا توخمی ژمارە 27ە. ئەو کانزایە دەتوانرێت بۆ چارەسەری هەندێک جۆری شێرپەنجە، هەروەها وەکوو مادەی خاو لە دروستکردنی چەکی کیمیایی و ئەتۆشمیدا بەکاربهێنرێ، تواناى وێرانکارییەکەی زۆر بەرزە. وەک لە راپۆرتەکەی واشنتن پۆستدا دەردەکەوێت چەکدارانی داعش دەستیان لەو مادە کیمیاییە نەداوە. دەزگاکانی هەواڵگری رۆژئاوا لە سەرەتای کەوتنی مووسڵ لە 2014 زانیبوویان ئەو مادەیە لە مووسڵ ماوە، بەڵام لەبەر هەستیاربوونی پرسەکە نەیانتوانیوە ئاشکرای بکەن.



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە ( 466 ) - دووشەممە 2017/7/24

# شوێنی شەهیدبوونی شیفا گەردی دەکرێتە مۆنیومێنت



**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو- مووسڵ**

بەرپرسی یەکەمی ئیدارەی پارێزگای نەینەوا دەڵێت چاڵی خەسفە، ئەو شوێنەی شیفا گەردی لێی شەهید بوو دەکرێتە مۆنیومێنتێک بۆ بیرهێنانەوەی تاوانەکانی داعش.

چاڵی مەرگ یان خەسفە بەلای خەڵکی شاری مووسڵەوە شوێنێکی ئاشنایە. داعش ئەو چاڵە ترسناکەی کردبووە گۆڕی بەکۆمەڵ بۆ هەزاران قوربانی کە هەڵدراونەتە ناو ئەو چاڵە و بەوهۆیەوە بە (چاڵی مەرگ) ناوی رۆیشتووە. خەسفە دەکەوێتە دووریی 20 کیلۆمەتر لە باشووری مووسڵ و 5 کیلۆمەتر لە گوندی عەزبە، لەسەر رێگەی مووسڵ- بەغدا هەڵکەوتووە.

دانیشتووانی گوندی عەزبە شایەتحاڵن لەسەر هەموو ئەو تەرمانەی فڕێدراونەتە چاڵی خەسفەوە، چونکە رێگەی چاڵەکە بەنێو گوندەکەی ئەواندا تێدەپەڕێت.

نەوفەل حەمادی، پارێزگاری مووسڵ بە (رووداو)ی گوت: "چاڵی خەسفە دەکەینە سیمبولی تاوانەکانی داعش، چونکە ئەو چاڵە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە دانیشتووانی مووسڵ ئەنجامیداون". نەوفەل حەمادی گوتیشی: "داعش سەدان تاوانی دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی خەسفە زۆر روون و دیارە، بۆ ئەوەی تاوانەکانی داعش لە بەرامبەر دانیشتووانی مووسڵ لەبیر نەکرێن، ئەو شوێنە دەکەینە سیمبولێک و دەیپارێزین".

فالح شممەری، بەڕێوەبەری شوێنەواری نەینەوا لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "زۆر ناوچە هەن لە مووسڵ شایەتی دەدەن لەسەر تاوانەکانی داعش، بەڵام چاڵی خەسفە باشترین شوێن و شایەتحاڵە لەسەر تاوانەکانی داعش، چونکە سەدان کەسی بێتاوانی بۆ هەتا هەتایە خستە نێو چاڵەکەوە و بزری کردن".

رۆژی 2017/2/25، شیفا گەردی، رۆژنامەڤانی دیاری تۆڕی میدیایی رووداو کە دەیویست راپۆرتێک لەسەر چاڵی خەسفە ئامادە بکات، لەکاتی نزیکبوونەوە لە چاڵەکە لەگەڵ هێزێکی حەشدی شەعبی، بۆمبێکی چێندراویان پێدا تەقییەوە، بەو هۆیەوە شیفا گەردی شەهید بوو، یونس مستەفای کامێرامانیش بریندار بوو.



داعش سەدان کەسی فڕێداوەتە نێو چاڵی خەسفە

### شیفا گەردی

- لە 1986/7/1 لە ئاوارەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.
- ساڵی 2006 بەشی کۆمپیوتەری لە پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر تەواو کردووە.
- ساڵی 2013 بەشی راگەیاندنی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە.
- ساڵی 2007 تاوەکو 2010 لە پاڵ کاری رۆژنامەنووسی، مامۆستاش بووە.
- لە سەرەتای دامەزاردنی تۆڕی میدیایی رووداو، وەک ئەستێرەیەکی دیاری شاشەی رووداو دەرکەوت.
- بەڕێوەبەری بەشی ئاوتپوتی رووداو بوو.
- لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بەرنامەی فۆکەس مووسڵی پێشکەش دەکرد.
- رۆژی 2017/2/25 لە نزیک چاڵی خەسفە بۆمبێکی داعشی پێدا تەقییەوە و شەهید بوو.

## سێ ساڵە 39 هیندی لەدەستی داعشدان

# هیندوستان لە مووسڵ بەدوای کرێکارە رفێنراوەکانیدا دەگەڕێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

خەریکە خۆری خەلافەتی داعش بە یەکجاری لە عێراق ئاوادەبێ، بەڵام چارەنووسی ئەو 39 کرێکارە هیندییەی لەلایەن داعشەوە لە مووسڵ رفێنران، هێشتا نادیارە، هەوڵە دیبلۆماسی و ئەمنییەکانیش بۆ دۆزینەوەیان بەردەوامە.

کاتێک داعش لە 2014/6/10 پەلاماری مووسڵی دا، ژمارەیەک بیانی کە لەو شارەدا بوون، لەلایەن داعشەوە بە بارمتە گیران، لەوانەش 49 کارمەندی کونسوڵخانەی تورکیا لە مووسڵ، 30 شوفێری بارهەڵگری تورکی و 40 کرێکاری هیندی. دوای ماوەیەک داعش سەرجەم تورکەکانی ئازاد کرد، بەڵام کرێکارە هیندییەکان لەو رۆژەوەی رفێنراون، هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسیان نەزانراوە.

د.ئەحمەد جەلال، کونسوڵی فەخریی سریلانکا لە هەرێمی کوردستان و دیبلۆماتکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، باسی هەوڵەکانی هیندوستان بۆ ئازادکردنی ئەو بارمتانە دەکات و دەڵێت: "لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا حکومەتی هیندوستان لەرێی جیا جیاوە چەندین هەوڵی بۆ رزگارکردنی ئەو کرێکارانە داوە، تەنانەت ئامادەبوون ملیۆنان دۆلار بۆ رزگارکردنیان بدەن، بەڵام هەوڵەکان سەریان نەگرت".

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کرێکارانە، د.ئەحمەد دەڵێت: "بەگوێرەی زانیارییەکانی حکومەتی هیندوستان، هەتا کۆتایی شەڕی نزیک زیندانی بادۆش دیلەکان سەلامەت بوون و لەوێ بوون، بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنەوەی بادۆش، بۆ شوێنێکی دیکە گواستراونەتەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکان لەدوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، دوو بەرپرسی باڵای هیندوستان بۆ سۆراغی 39 کرێکارەکە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. دوو مانگ لەمەوبەر جێگری سەرۆکوەزیرانی هیندوستان سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. هەروەها رۆژی 12ی ئەم مانگەش ڤیجای کومار سینگ، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمنی لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، دواتر بە نهێنی سەردانی بەنداوی مووسڵی لە نزیک بادۆش کردبوو.

د.ئەحمەد جەلال کە یەکێک بوو لە ئەندامی ئەو شاندەی سەردانی بەنداوی مووسڵیان کرد، گوتی "وەزیری دەوڵەتی هیندوستان بۆ کاروباری دەرەوە، سەرەتا لەگەڵ راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و چەند بەرپرسێکی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە و باسی چارەنووسی ئەو دیلانەی کرد، پاشان بە نهێنی سەردانی ناحیەی وانکێیان کرد لە نزیک بادۆش، لەوێ لەگەڵ بەرپرسی باڵای هەواڵگریی پێشمەرگە قسەیان لەبارەی نوێترین زانیاری لەبارەی ئەو دیلانە کرد".

زیندانی بادۆش یەکێکە لە زیندانە گەورەکانی عێراق، دەکەوێتە ناوچەی بادۆش لە پارێزگای مووسڵ، بەر لەوەی داعش پەلاماری مووسڵ بدات، شوێنی بەندکردنی دەیان چەکداری ئیسلامیی توندڕەو بوو، بەڵام داعش بەر لەوەی مووسڵ بگرێ، پەلاماری ئەو زیندانەی دا و 300 لەو چەکدارانەی لە زیندانەکە دەرهێنا و دواتر پەلاماری مووسڵیان دا. پاشان داعش ئەوێی کردە گەورەترین بەندیخانە بە تایبەتی بۆ ئەو کوردە ئێزدییانەی لە شنگال رفاندنی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت پێش ئەوەی بادۆش بکەوێتەوە دەست هێزە عێراقییەکان، داعش نزیکەی 600 کەسی لەو بەندیخانەیە گوللەباران کرد، بەڵام کرێکارە هیندییەکانی نەکوشت".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی هەوڵەکانی حکومەتی هیندوستان دەکات بۆ رزگارکردنی ئەو کرێکارانە و دەڵێت: "هەتا ئێستاش زانیاری هەیە کە کرێکارەکان سەلامەتن، بۆیە بڕیارە هەفتەی داهاتوو شاندێکی ئاژانسی هەواڵگریی هیندوستان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، دواتر سەردانی مووسڵ و بادۆش دەکەن بۆ بەدواداچوونی چارەنووسیان".



هەفتەی داهاتوو شاندێکی ئاژانسی هەواڵگریی هیندوستان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

## لە دۆخێکی دەروونی و جەستەیی یەکجار خراپدان

# رزگارکراوە ئێزدییەکان وایاندەزانی داعش جیهانی گرتووە

**رووداو- دهۆک**

نزیکەی دوو هەفتە بەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا تێدەپەڕێت، بەڵام سێ ئافرەتی کوردی ئێزدی نەک بڕوا ناکەن داعش لە مووسڵ و دەوروبەری دەرکراوە، بەڵکو پێیانوایە داعش دەستی بەسەر هەموو جیهاندا گرتووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، سێ ئافرەتی کوردی ئێزدی لە کاتی گەیشتنیان بە کەمپێکی ئاوارەکانی رۆژئاوای مووسڵ "بەشێوەیەکی نائاسایی" هەڵسوکەوتیان کردووە "ئامادە نەبوون نیقابەکانیان لابدەن". ئافرەتەکان خۆیان بە "موسوڵمان" لەقەڵەم داوە، ئەو چەکدارانەشی ئەوانیان لە شنگال رفاندووە بە "هاوژین"ی خۆیان ناویان هێناون. وەکوو لە راپۆرتەکەدا دیارە، رفێنەرەکان کوژراون، بەڵام ئافرەتە ئێزدییەکان بە "شەهید" ناویان بردوون. سێ ئافرەتەکە بۆ دوو کەمپی دیکە گوازراونەتەوە.

لەکاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی رزگارکردنی گەرەکێک یان ناوچەیەک لەژێر دەسەڵاتی داعش، خەڵکانێکی زۆری کوردی ئێزدی بۆ دۆزینەوەی خزم و کەسە شوێنبزرەکانی خۆیان یان وەرگرتنی سۆراغیان روو لە کەمپەکان دەکەن.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، بارودۆخی دوو لەو ئافرەتانە زۆر خراپە و لە دۆخێکی دەروونی و جەستەیی یەکجار نالەباردان و لەوە دەچێت لە "وەهمێکی بەردەوام یان کۆمایەکی دەروونی"دا بن.

راپۆرتەکە دەڵێت، کەسوکاری ئافرەتەکان لەناو خێوەتەکەدا قسەیان بۆ ئەو دوو ئافرەتە دەکرد "بەڵام ئەوان خەیاڵیان لە شوێنێکی دیکە بوو".

دوو ئافرەتەکە لەناو خێوەتەکەدا لەسەر زەوی پاڵکەوتوون "زۆر نەخۆش دیارن و ناتوانن جەستەی خۆیان رابگرن". وەکوو لە راپۆرتەکەدا دەردەکەوێت "شێوەی ئافرەتەکان لەوە نەدەچوو دوو ئافرەت بن کە ئاینی خۆیان بۆ ئیسلام گۆڕیبێت و بە ئاسانی بە رفێنەرەکانی خۆیان بڵێن شەهید".

### سوهەیلە: چەکدارەکان پێش و پاش دەستدرێژی نوێژیان دەکرد

ئافرەتی سێیەمیان لە کەمپێکی دیکە بووە، بەڵام حاڵی ئەویش هیچ جیاواز نییە لە حاڵی دوو ئافرەتەکەی دیکە، چونکە وەکوو رۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێت، ئەویش وەکوو دوو ئافرەتەکەی دیکە "لەسەر زەوی پاڵکەوتبوو، بەو گەرما سەختە جلە رەشەکانی لەخۆی ئاڵاندبوو". ئافرەتەکە تەنانەت توانای ئەوەشی نەبووە سەری بەرز بکاتەوە، یەکێک لە کەسوکارە پیاوەکانی ئافرەتەکە سوور بووە لەسەر ئەوەی چیرۆکی ئەو ئافرەتە بڵاوبکرێتەوە.

ئەو ئافرەتە ناوی سوهەیلا دەخیلە و تەمەنی 16 ساڵە، ئەو فایلە پزیشکییەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی ئامادەکراوە، ئاماژە بە کۆمەڵێک نەخۆشی دەکات، بەڵام هیچکام لە نەخۆشی و حاڵەتەکان هی ئەوە نین وەها لە سوهەیلا و دوو ئافرەتەکەی دیکە بکەن هێندە لاواز بن و تەنانەت نەتوانن سەری خۆیان بەرز رابگرن.

بەگوتەی خۆی، لەو ماوەیەدا بە نۆ چەکداری یەک لەدوای یەک فرۆشراوە کە حەوتیان دەستدرێژییان کردبووە سەری. چەکدارەکان دەرمانی رێگری لە سکپڕیشیان بە سوهەیلا دابوو. دەشگێڕێتەوە کە هەندێک لە چەکدارەکان پێش و پاش دەستدرێژی، نوێژیان دەکرد.

سوهەیلا، جارێک ویستوویەتی بە بڕینی دەماری مەچەکی خۆی کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، ئەوەش کاتێک بووە کە یەکێک لە چەکدارەکان ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەری.

وەکوو لە قسەکانی سوهەیلا دەردەکەوێت، داعش هەوڵێکی زۆری دابوو مێشکی ئەو ئافرەتانە بشواتەوە. وەهای تێگەیاندبوون کە دەستیان بەسەر شنگال و تەنانەت هەموو جیهاندا گرتووە، هەتا رۆژی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەش ئافرەتەکان هەر لەسەر هەمان را بوون.

ئامادەکاری راپۆرتەکە وێنەکانی ئەمدواییەی خۆی لەگەڵ پێشمەرگە و شەڕڤانان پیشانی سوهەیلا داوە، پاش بینینی وێنەکان "سوهەیلا وەکوو بڵێی هێزێکی بۆ گەڕایەوە، مەزاجی گۆڕا، بزەیەکی هات و تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت پێکەنینیشی هات". بەڵام کاتێک پرسیاری لێکرا ئاخۆ ئێستا بڕوا دەکەیت داعش لەو ناوچەیە نەماوە، سوهەیلا لە وەڵامدا گوتی "دەمەوێ ئەو شوێنانە بە چاوی خۆم ببینم".

# پاداشتی دۆزینەوەی هەر کوردێکی ئێزدی یەک ملیۆن دینارە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا:

## تاوەکوو ئێستا هەشت کەسمان بەم رێگایە دۆزیوەتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ئەندامانی کوردی ئێزدی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیاریانداوە هەر کەسێک زانیارییان بداتێ لەسەر شوێنی ئافرەتە کوردە ئێزدییە رفێنراوەکان، یەک ملیۆن دیناری وەکو خەڵات دەدەنێ. تاوەکو ئێستاش هەشت کەسیان لەو رێگەیەوە دۆزیوەتەوە.

لەگەڵ دەرکردنی داعش لە سەنتەری شاری مووسڵ، تەنیا هەفتەی رابردوو 50 کوردی ئێزدی لە مووسڵ دۆزرانەوە، بەشێک لەوان بەهۆی ئەو بانگەوازەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواوە بووە.

سەیدو شنگالی، سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی گوت، وەکو کوردێکی ئێزدی، ئەوەی لە دەستمان هاتبێ کردوومانە بۆ رزگارکردنی ئەو رفێندراوانە".

سەیدۆ شنگالی دەڵێت بەشێک لەوانەی رفێندراون، بە تەواوی ناسنامەی ئێزدیاتیان لێ داماڵراوە، ناو و ئاینیان گۆڕدراوە و مێشکیان شۆردراوەتەوە.

شنگالی باسی دوایین هەوڵی خۆیان دەکات بۆ دۆزینەوەی رفێنراوان و دەڵێت: "ئێمە چوار ئەندامی ئێزدی لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ هەماهەنگیمان کردووە لەگەڵ نووسینگەی رزگارکراوانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکاریی ماددی پێشکەش دەکەین بۆ دۆزینەوەی کەسوکارمان. ئێستا هەر کەسێک زانیاریمان پێبدات و زانیارییەکەی ببێتە هۆی دۆزینەوە و رزگارکردنی کەسێک، یەک ملیۆن دیناری وەکو پاداشت دەدەینێ". گوتیشی کە تاوەکو ئێستا هەشت کەس بەو رێگایە دۆزراونەتەوە.

سەیدۆ شنگالی چیرۆکی یەکێک لەو کەسانەی گێڕایەوە کە زانیاریی پێداون و گوتی "هاووڵاتییەکی بەری چەپی مووسڵ کە زیاتر لە سێ مانگە لە دەستی داعش ئازاد کراوە، هاتە لامان و گوتی دراوسێیەکمان هەیە، کچێکی حەوت ساڵانی ئێزدی لە ماڵەکەیەتی، دوای بەدواداچوون قسەکەی راست دەرچوو، ئێمەش خەڵاتمان کرد".

سەبارەت بەو کەسانەشی ئێزدی لە ماڵەکانیان هەیە و ئاشکرای ناکەن، سەیدۆ شنگالی گوتی "هەر کەسێک ئێزدی لە ماڵەکەی بێت و خۆی ئاشکرا نەکات، وەکو داعشێک مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ئەوەشمان بە هێزە ئەمنییەکان و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق راگەیاندووە".

سەیدۆ باسی چارەنووسی 200 کوردی ئێزدی دەکات کە بەمدواییە بەسەر ماڵە داعشەکانی مووسڵدا دابەشکراون و گوتی: "سێ رۆژ لەمەوبەر کچێکمان رزگار کرد، ئەو کچە پێیگوتین ئێمە نزیکەی 200 کچی ئێزدی بووین، پێکەوە بووین، بەر لەوەی سوپا هێرش بکاتە سەر مووسڵی کۆن، ئێمەیان بەسەر ماڵی داعشەکاندا لە مووسڵ دابەش کرد".

لە کاتی پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە سێی ئابی 2014 هەزاران کوردی ئێزدی رفێنران، تاوەکو ئێستا چارەنووسی نزیکەی سێ هەزار کەسیان دیار نییە. سەیدۆ شنگالی لەبارەی چارەنووسی ئەو کەسانەی رزگار نەکراون، دەڵێت: "زانیاریمان هەیە چەندین کچ و منداڵی ئێمە ئێستا لەناو کەمپی ئاوارەکانی مووسڵن، بەڵام ئەو خێزانانەی لە خۆیان گرتوون، خۆیان ئاشکرا ناکەن".

### داوای دامەزراندنی "حەشدی کوردی" دەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

ئیحسان شێخ عەلی عەبدولعەزیز، سەرکردەی ئیسلامی داوای دامەزراندنی "حەشدی کوردی" دەکات، ئەوەش بە ئامانجی "پاراستنی وڵاتەکەمان و پاڵپشتی پێشمەرگە".
ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆچوونی خۆی لەبارەی ڕەوشی کوردستان لە ناوچەکەدا خستووەتەڕوو و بەپێویستی دەزانێت بەزووترین کات هەموو هێزە کوردستانییەکان سازش بۆ یەکدی بکەن. هەروەها داوا دەکات "لەزووترین کاتدا هێزێک بەناوی (حەشدی کوردی یان حەشدی سەلاحەدین) بۆ پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە دابمەزرێت". لەبارەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی، ئیحسان شێخ عەلی دەڵێت "نابێ چاوەڕوان بکەین دوژمنانی میللەت و دینمان بێن پاڵپشتیی ئێمە بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام ئێستا گۆڕانکارییەکان بەخێرایی تێدەپەڕێت و ئینشائەڵڵا هەمووی لە قازانجی دۆزی ڕەوای میللەتمان کۆتایی دێت".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (466) - دووشەممە 2017/7/24

## قادری حاجی عەلی ڕێکخەری داهاتووە

# عومەر سەید عەلی بۆ دوو ساڵ دەبێتە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

وادەی ئەو پرۆسەیە نزیک دەبێتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان لە پاش کۆچی ڕێبەرەکەیەوە خەریکیەتی، ئەویش هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندنە. دووەمیان ئەو ئۆرگانە سەرەکییەیە کە نەوشیروان مستەفا لەسەردەمی خۆیدا پەنای بۆ پڕکردنەوەی نەبرد و هەندێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەش دەڵێن بەهۆی ئەوە بووە کە ترسی لە لێکترازانی ئەو بزووتنەوەیە هەبووە.

دوای دوو مانگ لە کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی، هاوڕێکانی نەوشیروان مستەفا سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن. 16 کەس خۆیان بۆ شەش پۆستی باڵا پاڵاوتووە.

زمناکۆ جەلال، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوانەی فۆڕمی خۆپاڵاوتنیان وەرگرتووە، مەرج نییە هەموویان مافی خۆکاندیدکردنیان هەبێت، چونکە ئەو بابەتە ڕاساندنی ژووری یاسایی ماوە، بەپێی ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی کە دەستوورەکەمان بۆی داناون".

هەتا هەفتەی ڕابردووش، قادری حاجی عەلی ئەو سەرکردەیەی گۆڕان بوو کە لایەنگرانی خواستیان ئەوە بوو لەپۆستی ڕێکخەری گشتیدا ببینن، بەڵام ئەو خۆی کاندید نەکرد.

هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کۆتایی هەفتەی ڕابردوو قادری حاجی عەلی و هەندێک لە دۆستەکانی، بەتایبەتی عوسمانی حاجی مەحموود لە کۆبوونەوەیەکدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە لە ئێستاوە کار بۆ ئەوە بکەن کاک قادر لە خولی داهاتوودا بێتە پێشەوە، بۆیە کاک قادر بڕیاری دا وەکو ڕێزێک بۆ تەمەن و ماندووبوونی کاک عومەری سەید عەلی، فۆڕمی خۆپاڵاوتن وەرنەگرێ".

عومەر سەید عەلی کە هاوڕێی نزیکی نەوشیروان مستەفا بووە، بەهۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە پێدەچێ تەنیا بۆ دوو ساڵ ببێتە ڕێکخەری گۆڕان.

(ڕووداو) لیستی ناوی کاندیدان و ئەو پۆستانەشی دەستکەوتووە کە بۆ 25ی تەمووز کێبڕکێیان لەسەر دەکرێت: عومەر سەید عەلی بۆ ڕێکخەری گشتی. جەمال محەممەد، دلێر عەبدولخالق و سەعید کاکەیی بۆ سکرتێری جڤاتی نیشتیمانی. عوسمانی حاجی مەحموود و محەممەد تۆفیق ڕەحیم بۆ سکرتێری کاروباری ژوورەکان. ئاسۆ مەحموود، ئاسۆ ڕەحیم و جەلال جەوهەر بۆ سکرتێری کاروباری بازێڕەکان. شۆڕش حاجی و ئیسماعیل نامیق بۆ سکرتێری کاروباری فراکسیۆنەکان. عەبدوڵڵا مەلا نووری، سوعاد عەبدولڕەزاق، شیروان ئیبراهیم، کاوە موفتی و دیاری وەستا عەزیز بۆ سکرتێری کاروباری خەڵک.

لەنێو ئەو کاندیدانە هەر یەک لە عوسمانی حاجی مەحموود و محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ڕکابەری یەکدین بۆ سکرتێری کاروباری ژوورەکان. چونکە هەر کەسێک ئەو پۆستە وەربگرێ، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ژوورەکاندا دەبێ.

لەهەشت ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتێک کە بزووتنەوەی گۆڕان پەیڕەوی کرد، هێنانە پێشەوەی ژمارەیەک گەنج بوو، بەڵام هێشتا ئەو گلەییەی گەنجەکانیش هەر باس و خواسە کە هەندێکجار وای پیشان دەدەن، بزووتنەوەکە بەدەست مەکتەب سیاسییەکانی پێشووی یەکێتییەوەیە.

سەعید کاکەیی کە خۆی بۆ پۆستی سکرتێری جڤاتی نیشتمانی کاندید کردووە، بە (ڕووداو) ی گوت: "وەکو ئەندامێکی بزووتنەوەی گۆڕان مافی خۆپاڵاوتنم هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش خۆم کاندید کردووە، من پێشتر لە گۆشەی ستراتیژی گۆڕان کارم کردووە و پێشتریش ڕاوێژکاری وەزیری پێشمەرگە بووم".

ئێستا بۆ نێوخۆی بزووتنەوەکە زۆر شت گۆڕاون، لەلایەک قۆناغی دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفایە، لەلایەکی دیکەش ستافێکی نوێ ئیدارەی بزووتنەوەکە دەکەن، هەموو ئەمانە دەکەونە دەست کەسانێک کە هەشت ساڵە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، دروشمی ریفۆرمیان بەرز کردووەتەوە، بەڵام گۆڕانخوازان پێیانوایە "هەرکەسێک بەرپرسیارێتی وەربگرێت تەنیا کار بە دەستوور دەکات، نەک دەسەڵاتی ڕەها".

خەلیک سەرکانی، ئەندامی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوانەی خۆیان کاندید کردووە، ئەگەر دەریشچن، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بڕیار بدەن و کار بکەن، بەڵکو دەستوور هێڵ و دەسەڵاتی بۆ دیاری کردوون".

دوو ساڵی داهاتوو بۆ کەسی یەکەمی گۆڕان سەخت و دژوار دەبێت، چونکە جگە لە یەکلاکردنەوەی هەڵوێستی سیاسی بزووتنەوەکەی، ئەرکی خستنە سەر هێڵی نێوخۆی بزووتنەوەکەشی لەسەرشانە، بەوپێیەش هەڵگرتنی ئەو لەمپەرانە بۆ مانەوە یان شوێنگرەوەی پۆستەکەی لە خولی داهاتوودا، دەبێتە سەنگی مەحەک.

لەدوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی گۆڕان، بڕیاروایە لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیدا جگە لە دیاریکردنی کارنامەی دوو ساڵی خانەی ڕاپەڕاندن، وادەیەکیش بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دیاری بکرێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەفتەی ڕابردوو داوای لە گۆڕان کردبوو.



## داوا دەکات عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن بێ

# پارتی بە مەرج بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبەکەی بە مەرج بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات و داوا دەکەن عێراق بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش ناوی یەکێتی، پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی، وەکو کیانی سیاسی پەسەند کردووە، بەڵام گۆڕان و کۆمەڵ هێشتا وەکو کیان پەسەند نەکراون.

ڕۆژی 2018/4/30 خولی ئێستای پەرلەمانی عێراق کۆتایی دێت، لایەنە کوردستانییەکان لەسەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بۆچوونی جیاوازیان هەیە، پارتی دەڵێت هێشتا بڕیاری کۆتایی نەداوە کە بەشداریی دەکات یان نا.

ڕۆژی 2017/7/6 کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ناوی پارتی وەکو کیانێکی سیاسی پەسەند کرد. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوەکو ئێستا ئێمە بەشێکین لە عێراق، هەر داواکاری و ئەرکێکی یاسایی لەسەر شانمان بێ جێبەجێی دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە ناوی خۆمان لە کۆمیسیۆنی بەغدا تۆمار کردووە".

سەبارەت بەبڕیاری کۆتایی پارتی لەبارەی بەشداریکردن یان نەکردن لەو هەڵبژاردنە، خەسرۆ گۆران گوتی :"جارێ زووە بڕیاری کۆتایی لەسەر بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بدەین، بەڵام بۆچوونێکی بەهێز لەنێو پارتی هەیە کە بەشداری هەڵبژاردن نەکەین، چونکە شەراکەتی حوکم لە عێراق پێشێلکراوە، کورد چارەنووسی لە عێراقدا دیار نییە".

بەڵام شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پارتی لەوبارەیەوە گوتی: "ئەگەر سەربەخۆییش ڕانەگەیێنین، بەم سیستەم و یاسایەی ئێستا بەشداری هەڵبژاردن ناکەین، داوا دەکەین عێراق بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن، چونکە کورد زیاتر لە 20 کورسی لەدەستداوە و بە سەدان هەزار دەنگمان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق فەوتاوە، دادپەروەریی تێدا نییە نرخی کورسی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بگاتە 40 هەزار دەنگ، لە پارێزگایەکی دیکەی عێراق 4000 بێت".

### گۆڕان لە کۆمیسیۆن یەکلانەبووەتەوە

بەپێی قسەی کارزان گەردی، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان بۆ (ڕووداو)، بزووتنەوەی گۆڕان زۆربەی ڕێوشوێنە یاساییەکانی لە قۆناغی کۆتاییدایە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و تۆمارکردنی ناوی بزووتنەوەکە وەکو کیانێکی سیاسی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق.

پێشتر شۆڕش حاجی، گوتەبێژی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو، هیچ هۆکارێک شک نابەن بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن:"ئێمە هیچ هۆکارێک نابینین بۆ ئەوەی گۆڕان بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات".

> **87 حیزب ناوی خۆیان تۆمار کردووە**
>
> سەربەست ئامێدی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارەی ئەو حیزب و کیانانەی ئاشکرا کرد کە ناوی خۆیان تۆمار کردووە و گوتی "تاوەکو ئێستا 87 پارت و لایەنی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە و لەلایەن کۆمیسیۆنەوە وەکو کیانێکی سیاسی پەسەندکراون".

### یەکێتی: بایکۆتکردن لە دەسەڵاتی سەرکردایەتییە

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە یەکێکە لەو لایەنە کوردستانییانەی بە فەرمی مۆڵەتی وەرگرتووە، پێیوایە زووە بۆ قسەکردن لەسەر بەشداری یان بایکۆتی هەڵبژاردن.

بەختیار شاوەیس، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "کۆمیسیۆن پەڕاوی یەکێتی وەکو کیانێکی سیاسی پەسەند کردووە، بەڵام پرسی بەشداری و بایکۆت هێشتا لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی لێوە نەکراوە، ئەوە لە دەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیە، هێشتا زووە قسە لەسەر ئەوە بکەین".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "پارتی پرسی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراقی لەگەڵ باسکردووین، بەڵام نەبووەتە بابەتێکی سەرەکیی گفتوگۆکان، یەکێتی پێیوایە هەرێمی کوردستان نە جیابووەتەوە لە عێراق نە هێشتا ریفراندۆمی کردووە، بۆچی لە ئێستاوە بڕیار بدەین، مادام بەشێک بین لە عێراق، کورسییەکانمان نادەینە کەس".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان یەکێکە لەو پارتانەی مۆڵەتی لە کۆمیسیۆن وەرگرتووە و بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەکات.

موسەننا ئەمین، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند:"لای ئێمە ئەسڵ بەشداریکردنە، هەتا کوردستان بەشێک بێت لە عێراق ئێمە بەشداری پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن دەکەین".

هەر لەوبارەوە زانا ڕوستایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی، باسی هەڵوێستی حیزبەکەی کرد و گوتی "هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکانمان تەواو کردووە، چاوەڕێی وەڵامی کۆمیسیۆن دەکەین بۆ پەسەندکردنی ناوی کۆمەڵی ئیسلامی وەکو کیانێکی سیاسی". گوتیشی "تا بەشێک بین لە عێراق بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەین".

## ناتوانن وەڵامی بارزانی بدەنەوە

# ناکۆکی پێنج لایەنەکە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانیشی گرتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەچوونی گشتپرسی، لەناو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران دروست دەبێت، بەو هۆیەوە وەڵامی کۆمیسیۆن بۆ بارزانی لەبارەی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن دوادەکەوێ.

ڕۆژی 2017/7/12 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەرسوومێکی هەرێمی ڕۆژی 2017/11/1ی بۆ ئەنجامدانی هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیاری کرد.

کێشە و ناکۆکیی سیاسی لەسەر پرسی گشتپرسی لە نێوان هەر پێنج حیزبە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، پەڕیوەتەوە نێو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، بۆیە نەتوانراوە پرسی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن یەکلایی بکرێتەوە.

پێشتر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2017/6/8 مەرسوومێکی پێنج خاڵی دەرکردبوو کە تێیدا دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی بۆ کۆمیسیۆن جێهێشتبوو، بەڵام لایەنەکانی نێو کۆمیسیۆن نەیانتوانی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە، بۆیە بارزانی لە دوای 35 ڕۆژ چاوەڕوانی، ڕۆژی 2017/7/12 بە مەرسوومی ژمارە 128 ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ڕاگەیاند کە 1ی نۆڤەمبەری ئەمساڵە.

> ### پەرلەمانتارێکی پارتی:
> ### ئیشی کۆمیسیۆن نییە گفتوگۆ لەسەر لایەنی یاسایی فەرمانەکانی بارزانی بکات

> ### پەرلەمانتارێکی گۆڕان:
> ### دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی لەلایەن بارزانییەوە نایاساییە

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمیسیۆن زنجیرەیەک کۆبوونەوەی کرد، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بۆ وەڵامدانەوەی مەرسوومەکەی بارزانی. بەپێی زانیارییەکان بۆچوونی نوێنەری کۆمەڵ و یەکگرتوو کە نوێنەرایەتی ئیسلامییەکان دەکەن لەناو کۆمیسیۆن، ئەوەیە کە کۆمیسیۆن لە شەڕی سیاسی تێوەنەگلێ و دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز نەکات، پێویست نییە وەڵامی مەرسوومەکە بدرێتەوە، بەڵکو کۆمیسیۆن لە ماوەی 180 ڕۆژدا ئامادەکاری خۆی بکات و ئەگەر توانی هەڵبژاردن لە 1ی نۆڤەمبەر بکات، ئەگەرنا دوای بخات.

ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئیشی کۆمیسیۆن نییە گفتوگۆ لەسەر یاسایی و نایاساییبوونی فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بکات، چونکە کۆمیسیۆن لایەنێکی جێبەجێکارە. دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنیش بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یاسای کۆمیسیۆن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکە".

بەڵام بەهار مەحموود، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر پشکی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە دەرکردنی مەرسوومی هەرێمی لەلایەن بارزانییەوە "نایاساییە"، چونکە بە بۆچوونی ئەوان لە 19ی ئابی 2015 ماوەکەی تەواو بووە. بەهار دەڵێ: "هەر شتێک لەسەر باتڵ بونیاد نرابێت باتڵە، بۆیە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنیش نایاساییە ئەگەرنا لە ڕووی یاساییەوە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە".

ڤالا فەرید دەڵێ:" خودی ئەندامانی ئێستای ئەنجوومەنی کۆمیسیۆن بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دامەزران، بۆیە مافی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانیان نییە". بەڵام ئەو بۆچوونە لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕەتدەکرێتەوە و دەڵێ: "ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە پەرلەمان متمانەیان پێدراوە، مەرسوومی دەستبەکاربوونیشیان پێش کۆتایی ویلایەتی کاک مەسعود بارزانی بووە، مەرسوومی ئەمدواییە بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بوو".

بەپێی یاسای ژمارە چواری ساڵی 2014 ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران کە ژمارەیەن 9 کەسە، پێویستە بێلایەن بن و ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نەبن، بەڵام دابەشبوونە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کاریگەری لەسەر کارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە داناوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"ئێمە بڕیارمانداوە پیشەییانە و دوور لە ململانێی حیزبی کارەکانمان بکەین، بۆیە نامانەوێ کێشە و جیاوازییەکانمان ببەینە نێو میدیاکان و ئەزموونی ناکۆکییەکانی پەرلەمان دووبارە بکەینەوە".

خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2017/11/6 کۆتایی دێت، (ڕووداو) زانیویەتی نوێنەرەکانی گۆڕان لەگەڵ ئەوەن هەردوو پرۆسەکە بەیەکەوە بکرێن، هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە پێیوایە ناتوانرێت گشتپرسی بکرێ، چونکە یاسای لە پەرلەمان بۆ دەرنەچووە، نوێنەرەکانی پارتیش پێیانوایە کۆمیسیۆن دەتوانێ هەردوو پرۆسەکە لەو کاتەی بۆیان دیاریکراوە بەڕێوە ببات. نوێنەری یەکگرتوو و کۆمەڵیش ڕۆڵی نێوەندگیر دەگێڕن.

## سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووس

# پەیوەندییەکی زۆر ب
# ڕۆڵەی گەورەی ک



**سێرگێی ڤیکتەرەڤیچ لاڤرۆڤ، ماوەی 13 ساڵە وەزیری دەرەوەی رووسیای فیدراڵە. چ خۆی و چ وڵاتەکەی رۆڵێکی میحوەری دەگێڕن لەو ئیدارەدان و چارەسەرکردنی ئەو کێشمەکێش و ململانێیانەی ئەمڕۆ لە چەندین ناوچەی جیهان و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاویان سەندووە. خالید حوسێن، پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداو لە مۆسکۆ، ئەم هەڤپەیڤینە تایبەتەی لەناو بارەگای وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لەگەڵ سازکردووە بۆ ئەوەی رای حکومەتی مۆسکۆ لەسەر کۆمەڵێ بابەتی گرنگ بخاتە روو، لەوانەش کۆمەڵێ بابەت لەوانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بە گەلی کوردەوە هەیە.**

هەڤپەیڤین: خالید حوسێن

**رووداو: دەمەوێ لە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سانت پیتەربورگ دەستپێبکەم، ئێوە چۆن پێناسەی پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان رووسیا و هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**سێرگێی لاڤرۆڤ:** ئێمە لەگەڵ کورد، لەگەڵ عەرەب و کورد ، پەیوەندییەکی لەمێژینە و زۆر باشمان هەیە ، ئەو پەیوەندییە مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەروەک لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو رۆڵەی گەورەی کورد مستەفا بارزانی لەگەڵ یاوەرەکانی لە وڵاتی ئێمە بووە ، ئەمڕۆش ئێمە پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ کوردی عێراق هەیە . لەساڵی 2007ەوە کونسولخانەمان لە هەولێر هەیە ، لە مۆسکۆ نوێنەرایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق هەیە . ئێمە پشتیوانی لە پەیوەندییەکانمان دەکەین لەگەڵ هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق . ئەوە بەشێوەیەک دەکەین کە کاریگەری خراپ ناکاتە سەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق. هەروەها گەشە بە پەیوەندییە مرۆیی و پەروەردەییەکانمان دەدەین. ساڵانە کۆرسی خوێندن و زەماڵە دەدەینە عێراق، لەو چوارچێوەیەدا نوێنەرایەتی کوردستانی عێراق بەشی سەربەخۆی خۆی هەیە لەو زەماڵانە. لە هەولێر ماوەی سێ ساڵ و نیوە گرووپی راگەیاندنی ئێمە، رووسیای ئەمڕۆ RT کاردەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ زانیاری بگوازێتەوە بۆ هاونیشتمانیانی ئێمە. بەگشتی پەیوەندییەکانمان زۆر باشن و زۆر سوودبەخشن بۆ هەردوولامان.

**رووداو: کەواتە دەتوانین بڵێین سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێک بوو بۆ سەرەتای پەیوەندییەکی نوێ لە ئاستێکی نوێدا لەنێوان رووسیا و کوردستانی عێراق؟**

**لاڤرۆڤ:** دەزانی ، با من نەڵێم پەیوەندییەکانمان نوێن و لە ئاستێکی نوێدان. دووبارەی دەکەمەوە کە پەیوەندیی ئێمە لەمێژینەیە و ساڵانێکی زۆرە گەشەمان بە پەیوەندییەکانمان داوە ، بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی ، ئەوە درێژەپێدانی ئاراستەیەکە لە پەیوەندی کە هەروەک گوتم لە بەرژەوەندیی هاوبەشی رووسیای فیدراڵ و کوردستانی عێراقە . هەر لەو چوارچێوەیەدا رۆڵی کوردی سۆڤیەت ، ئەو کوردانەی کە لە رووسیا دەژین دەبێ لەبەرچاو بگیرێت کە رۆڵی گرنگیان هەبووە لەو پەیوەندییە باشەی بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کورد هەمانە لەچوارچێوەی پەیوەندیی گشتیمان لەگەڵ عێراق .

**رووداو: من چەند جارێک گوێم لە بەڕێز ڤلادیمیر پووتین بووە کە لە گوتارەکانیدا زۆر بە ئەرێنی باسی کوردی کردووە . رووسیا تا چ رادەیەک ئامادەیە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؟**

**لاڤرۆڤ:** بێگومان ئێمە پەیوەندییەکی زۆر باشمان هەیە لەگەڵ گەلی کورد و زۆر بە باشی یەکتر دەناسین، بۆ ئێمە جێگەی بایەخە کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی سەر زەوی خۆزگە و مافە یاساییەکانی خۆی و ئامانجە یاساییەکانی بەدی بهێنێت. ئەگەر سەیری مێژووی عێراق بکەین، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە بە نایاسایی شەڕێک هەڵگیرسا ، کاتێک بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی دەرەکی ئەو وڵاتەی وێران کرد و ئەوەی ئێستاش هەیە و دەگوزەرێت بە ئاسانی چاک نابێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا. ئێمە دەزانین کە تائێستاش هەوڵ دەدرێ زۆر پرسی دەستووری چارەسەر بکرێن ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە خاک و پەیوەست بە پرسی دابەشکردنی بودجە و سەرچاوەکان و ئەو داهاتەی کە لە نەوت دەستدەکەوێت. بەردەوام هەولێر و بەغدا هەوڵیانداوە ئەو پرسانە و چەندین پرسی دیکەش چارەسەر بکەن، چەندین رێککەوتنیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە چوارچێوەی گفتوگۆی سیاسیدا. من جارێکی دیکە دەڵێم کە خواست و ئامانجی یاسایی گەلی کورد وەک هەموو گەلانی دیکە پێویستە بەدی بهێنرێن، بەپێی ئەو مافەی کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، ئەوەش پەیوەندی بەو بڕیارەوە هەیە کە وەک ئێمە تێیدەگەین بڕیاری کۆتایی دراوە لە هەولێر بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی .

**رووداو: تێڕوانینی رووسیا چییە سەبارەت بەو گشتپرسییە؟**

**لاڤرۆڤ:** من پێشتریش گوتم کە ئێمە وەک گوزارشتکردن لە خواستی گەلی کورد لە گشتپرسی دەڕوانین، ئەوەندەی من لێی تێدەگەم زۆربەی دانیشتووانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی پشتگیریی لە ئەنجامدانی ئەوگشتپرسییە دەکەن. وای دەخوێنینەوە کە دوای بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو پرسە بیر لەهەموو شتێک دەکرێتەوە، پەیوەست بە دەرئەنجامەکانی ئەو هەنگاوە وەک دەرئەنجامی سیاسی ، دەرئەنجامی جیۆپۆلیتیکی ، دیموگرافی و ئابووری. بەوپێیەی کە پرسی کورد ئێستا لەچوارچێوەی سنووری عێراقی نوێ دەرچووە، کاریگەری دەبێ لەسەر هەموو کێشە و پرسەکانی بەشێک لە دەوڵەتانی دراوسێی ئێوە. لەو چوارچێوەیەدا پرسی کورد رۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە و شوێنێکی گەورەی هەیە لەنێو پرۆسەی چارەسەری ئەو کێشانەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەن. ئێمە هیوامان وایە کە گەلی کورد خواستی خۆی لەچوارچێوەیەکی ئاشتیانەدا پیشان بدات و جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی گشپرسییەکەش بەهەمانشێوە هەر لە چوارچێوەیەکی ئاشتیانەدا بن، بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرانە لەبەرچاو بگیرێن کە لە ناوچەکەدا هەن.

ئێمە ئامادەین هاوکاریی بەغدا و هەولێر بکەین لەو پرۆسەیەدا کە بەشێوەیەک رەچاوی رێزگرتنی یەکتری تێدا بکرێت .وەک ئەوەی کە مێژوو پیشانیداوە ئەوەی پەیوەستە بە پێشهاتەکانی ئەنجامدانی دەنگدان، هەرگیز دەنگدان واتای ئەوە نییە کە هەموو کێشە و پرسەکان بە رۆژێک چارەسەر دەبن ، ئەو پرۆسەیە زۆر گرنگە و دەبێ بەهێواشی و جیدی بکرێت لە سۆنگەی ئەو واتا گەورەیەی کە پرسی کورد گرنگە بۆ هەموو ناوچەکە .

رووداو: بەڵام پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە، ئەگەر هەرێمی کوردستان دوای گشتپرسی بڕیار بدات ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ ، بۆ نموونە وەک هەرێمی باشووری ئۆسیتیا و ئەبخازیا و چەند هەرێمێکی دیکە ، ئایا رووسیا ئامادەیە درێژە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵی؟

لاڤرۆڤ : دەزانی، من وای دەبینم باشترە کۆمێنت لەسەر بابەتی گریمانەیی نەدرێت. ئێمە دەمانەوێ ، هەروەک گوتم کە ئێمە چۆن دەڕوانینە ئەو بارودۆخەی لەناوخۆی عێراقدا هەیە، بەدیاریکراویش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی . ئێمە دەمانەوێ مەزەندە نەکەین کە هەموو ئەوە لە پراکتیکدا چۆن دەبێت .

لە باشووری ئۆسیتیا ئێوە دەزانن کە کێشەکە بە جۆرێکی دیکە بوو. لە باشووری ئۆسیتیا لەلایەن رژێمی سەکاشڤیلی، بەتەواوی هێرش ئەنجامدرابوو، زانیاری باوەڕپێکراو هەبوون کە دوای باشووری ئۆسیتیا هێرش دەکەنە سەر ئەبخازیا . بۆیە وای دەخوێنمەوە ئەنجامەکانی قازانجبەخش دەبن بۆ هەموو بەشداربووەکانی.

**رووداو: دەچینە سەر بابەتی قەیرانی سووریا . درێژەکێشانی ململانێ لە سووریا کاریگەری هەیە لەسەر درێژەدان بە قەیرانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. رووسیا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی چارەسەری قەیرانی سووریادا . بەهەڵسەنگاندنی ئێوە ، نوێترین رووداو و پێشهاتەکان کە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا لەو وڵاتە روویدەن چین ؟ سەرۆکایەتی رووسیا دەتوانێ چیدیکە بکات بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکەدا؟**

**لاڤرۆڤ:** بە دڵنیاییەوە پێویستە پێش هەموو شتێک قسە لەسەر ئەوە بکەین کە لایەنە سوورییەکان دەبێ خۆیان بڕیار لەو بابەتە بدەن، لەبەرئەوەی چارەسەری کۆتایی ئەو قەیرانە تەنیا لەدەست ئەوانە و لەسەر ئەوان دەوەستێ. ئەوە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە و واژۆکراوە و بەدیاریکراوی نووسراوە کە تەنیا گەلی سووریا خۆیان دەتوانن بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاریکەرە دەرەکییەکان و دراوسێیەکان دەبێ هەموو شتێک بکەن بۆ ئەوەی مەترسی تیرۆر لەناوببەن و بەباشترین شێوە کەشێک دروستبکەن بۆ ئەوەی سوورییەکان خۆیان لەسەر مێزی دانوستاندن رێکبکەون کە دەیانەوێ لە داهاتوودا لە وڵاتێکی چۆندا بژین. شتێک هەیە ناتوانرێ خۆی لێ لابدرێت، ئەویش ئەوەیە کە ناتوانین لە گفتوگۆ رابکەین . لە دۆکیۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا نووسراوە کە دەبێ سووریا وڵاتێکی دیموکراتی و عەلمانی بێت . ئەوە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانەی کە خۆیان لەسەر بنچینەی دیموکراتی بنیات نەناوە، بەشێوەیەکی رەها ئەوە رەتدەکەنەوە کە پێویستە بۆ دڵنیاییدان و پاراستنی هەموو لایەک دەوڵەتی داهاتووی سووریا دەوڵەتێکی عەلمانی بێت و، لێرەدا بابەتەکە پاراستنی گیانی خەڵک بوو، ئێمە بژارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نەبوو.

**رووداو: چۆن پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان رووسیا و هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنی، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ژمارە و شێوازی رێککەوتن و گرێبەستەکان لەنێوان کۆمپانیا رووسییەکان و هەرێمی کوردستان فراوان بووە؟**

**لاڤرۆڤ:** ئێمە بەرژەوەندیی دوولایەنەمان هەیە ، لەو بابەتەدا دەمانەوێ پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان لەنێوانماندا گەشە بکات. ئێمە هانی ئەو پرۆسەیە دەدەین، پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ کوردستانی عێراق کاریگەری خراپ ناکاتە سەر هیچ لایەنێکی دیکە و زیان بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بەغدا ناگەیێنێت. لە کوردستانی عێراق ماوەیەکی درێژە یەکێک لە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی ئێمە کە کۆمپانیای گازپرۆمە، کار دەکات . پێموایە لە دوو کێڵگەی نەوتیدا کاردەکات لەگەڵ هاوبەشەکانی لە کوردستانی عێراق .لە مانگی شوباتی رابردوودا یەکێکی دیکە لە کۆمپانیا گەورەکانی ئێمە، کۆمپانیای رۆسنەفت کۆنتراکتێکی واژۆ کرد لەگەڵ هاوبەشەکانی لە هەولێر و، لە چوارچێوەی کۆڕبەندی نێودەوڵەتی ئابووری سانت پیتەربورگ بۆ تەواوکاری ئەو رێککەوتنە چەند دۆکیومێنتێک واژۆکران. بە بۆچوونی من ئێمە ئێستا لەگەڵ کوردستانی عێراق لەناو بەرژەوەندییەکی هاوبەشی دوولایەنەداین کە

> ## پێویستە خواست و ئامانجی یاسایی گەلی کورد وەک هەموو گەلانی دیکە بەدی بهێنرێن

> ## دەمانەوێ پەیوەندیە ئابووری و بازرگانییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەشە بکەن

## ـــیا بۆ (رووداو):

# ـــاشمان لەگەڵ کوردی عێراق هەیە و
# ـــورد مستەفا بارزانی لە وڵاتی ئێمە بووە

> بۆ ئێمە جێی بایەخە کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی سەر زەوی خۆزگە و مافە یاساییەکانی بەدی بێت
>
> ئەوەندەی من لێی تێدەگەم زۆربەی دانیشتووانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی پشتگیری لە ئەنجامدانی گشتپرسی دەکەن

هەروەها بەدڵنیاییەوە دەبێ ئەو وڵاتە وڵاتێک بێ کە هەموو گرووپەکان مافیان هەبێ و گەرەنتییان هەبێ و دەبێ ئاسایشـێکیان بۆ دابین بکرێت کە گەرەنتی هەبێ و دەبێ گەرەنتیـان هەبـێ کـە هەموویان دەتوانن بەشـداربن لە داوودەزگاکانـی کۆمەڵگەدا. ئەوە ئەو چوارچێوە گشتییەیە کە هەمووان لەسەری کۆکـن و دەتوانرێـت لـەو چوارچێوە سـنووردارەدا شـێوازێکی دیاریکـراو بدۆزرێتـەوە بۆ چارەسـەری قەیرانی سـووریا . ئێمە لەگـەڵ ژمارەیەک دەوڵەت کار دەکەیـن بـۆ ئەوەی ئەو دۆخە دروسـتبکەین ، سـەرەتای ئەو کارە بـە بەرەنگاربوونـەوەی داعش و بـەرەی نوسـرە و هاوشـێوەکانیان و گرووپـە تیرۆرسـتییەکانی دیکـە دەستیپـێکردووە، ئەوانە لە ئەنجوومەنی ئاسـایش وەک گرووپی تیرۆریستی ناسێنراون. هەروەها کاردەکەین بۆ پاراستی پرۆسەی ئاگربەسـت لەنێـوان هێزەکانی حکومەتی سـووریا و بەشـێک لـە گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن ، ئـەو گرووپانەی کە هیچ تایبەتمەندییەکی تیرۆریستییان تێـدا نییە. ئەوە مەرجی سـەرەکییە بۆ ئەوەی ئەو گرووپە پرۆسـەی راگەیاندنی ئاگربەست بیگرێتەوە و وەک بەشـداربوویەکی ئەو پرۆسـەیە بناسێنرێت. بەدڵنیاییـەوە یەکێـک لـە کارەکانی دیکـەی ئێمە گەیاندنی هاوکاریی مرۆییە بە خەڵک ، ئەو خەڵکەی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری شـەڕەوە ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ئێمە ناوچەی ئاراممان دروسـتکردووە کـە ئێمە لەگـەڵ تورکیا و ئێران بۆ ئەو مەبەسـتە رێککەوتویـن لەچوارچێـوەی دانوسـتاندنەکانی ئاسـتانەدا. لەکاتـی جێبەجێکردنـی پرۆسـەی دروسـتکردنی ناوچەی ئارام ، هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و ئوردنمـان هێنایە ناو رێککەوتنەکەوە ، ئەوەبوو رووسیا و ئەمریکا و ئوردن لە حەوتی تەمموز رێککەوتن لەسـەر دروسـتکردنی یەکەم ناوچەی ئارام لە باشـووری سـووریا. ئێستا وا دواییـن وردەکارییەکانی ئـەو رێککەوتنە تاوتوێ دەکرێن سـەبارەت بەوەی کـە کارەکانی ئەو ناوچە ئارامـە چـۆن رێکدەخرێن ، لە روانگـەی کۆمەڵێک بابەتەوە وەک ئەو دەزگایەی کە چاودێری پرۆسـەی راوەستانی شـەڕ و ئاگربەست دەکات ، لە روانگەی ئـەوەی کـە دڵنیایی هەبێ لە گەیاندنـی هاوکارییە مرۆییەکان و سـەبارەت بە سنووری ئەو زۆنە ئارامە کە بەشـێوەیەک بێ هاونیشتمانیان بتوانن هاتوچۆ بکـەن بۆ نـاو زۆنەکە و بتوانن لـە زۆنەکەوە بڕۆنە دەرەوە .

ئەوەی کە باسـمکرد دەرچەی ئەو چارەسەرەیە کە لە ئاسـتانە لەسەری رێککەوتین. ئێستا ئەمە وا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە . بەتێگەیشتنی من جگە لە زۆنی باشـووری سووریا، سێ زۆنی دیکەی ئـارام دروسـتدەکرێن . ئـەو دەرچەی چارەسـەرە زۆر شـت یەکدەخـات و دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی گیانـی دانیشـتووان لـە رێگەی پرۆسـەی راگرتنی شـەڕی چەکـداری و لەهەمانکاتـدا یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی هاوکاری مرۆیی بۆ شـوێنە پێویسـتەکان ، بە دانپێدانانی زۆران و بەگشـتی دانوستاندنەکانی ئاستانە بەو چالاکییەی کە هەیبوو ، یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ پرۆسـەی دانوسـتاندنەکانی ژنێڤ کە پێشتر بۆ ماوەی نۆ مانگ چەقی بەست و لە مانگی یەکی ئەمساڵدا توانرا چالاک بکرێتەوە .

ئێمـە ئامادەییمان هەیە و بەشـێوەیەکی چالاک لەگـەڵ سـتیڤان دیمسـتۆرا کار دەکەیـن، لەگـەڵ سـەرجەم بەشـداربووانی ئـەو پرۆسـەیە، لەگـەڵ نوێنەرانی حکومەتی سـووریا و لەگـەڵ هەموو ئەو وڵاتانـەی کـە دەیانـەوێ یارمەتی دۆزینـەوەی ئەو چارەسـەرە بدەن، لەگەڵ وڵاتانـی یەکێتی ئەورووپا ، لەگـەڵ ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەگەڵ هەموو دەوڵەتە ئیسلامییە هەرێمییەکان کار دەکەین.

بەدڵنیاییـەوە گرنگتریـن هـەوڵ ئەوەیـە کـە دانوستاندنی راستەوخۆ لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی سـووریا و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار بکرێت. مەبەستم ئەوانەیە کە دژایەتی یەکتر دەکەن، ئەوانەی کە بە چەک رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە لە حکومەتی سووریا و لە پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، ئەوانە یاریکـەری هـەرە گرنگن لـەو پرۆسـەیەدا و، ئێمە رازیـن ئەگەر لە پرۆسـەی دانوسـتاندنەکانی ژنێڤ نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەشدار بـن، هەروەها لەناو ئەوانەی کـە کۆچیان کردووە و ئاوارەبوون بەشـێک لەوانـە دەتوانن رۆڵیان هەبێ و دەتوانـن بـە چەک بەرگری لە خاکـی خۆیان بکەن ، بـەڵام بەومەرجەی هەمـوو ئەوانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریادا بن.

**رووداو: دەربـارەی ئـەو پرۆژە دەسـتوورەی کە رووسـیا بۆ سـووریا پێشـنیازی کردبـوو ، دوایین ئەنجامەکانی تاوتوێکردنی ئەو دەستوورە چین؟**

**لاڤرۆڤ:** پرۆسەکە وا تازە دەستپێدەکات ، ئێمە لەکاتی خۆیدا وەک نموونەیەک لە تێکستی دەستوور بڵاومانکردەوە، وەک ئەوەی کە ئێمە بینیومانە ئەوە تێڕوانینـی ئێمە بووە، بەڵام نـەک وەک ئەوەی کە لە دەرەوەڕا بەسـەر ئەو وڵاتەدا بیسپەێنین ، بەڵکو بەو واتایەی ئەگەر دەتانەوێ فەرموون ئێمە ئەوەمان پێشکەش کردوون ، چونکە ئەوکاتە لەکۆتایی ساڵی رابردوو کەم کەس دەیانویست قسە لەسەر دەستوور بکـەن و، بەشـێک لەوانـە هەریەکـەو بیرکردنەوەو بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیان هەبوو کە گەیشتنە دەسەڵات بوو . هەر یەکێک لەوانە مەبەستی تایبەتی خـۆی هەبـوو لـە پرۆسـەی چارەسـەری قەیرانی سووریادا.

ئەو پرۆژە نموونەی دەستووورە بەشێوەیەکە کە هەمـوو لایەک رۆڵیان دەبـێ لە کۆمەڵگەدا ، بۆچی ئەوە گرنگە، چونکە هەندێک کەس سەرەتا دەیانگوت ئێمە رژێمی بەشـار ئەسەد دەڕوخێنین ئینجا دواتر هەموو کێشـەکان چارەسـەر دەکەین، ئەو کەسانە بیریان لە وڵاتەکەیان نەدەکردەوە، تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە کە هەریەکەیان بگاتە دەسەڵات. هەندێک دەیانگوت ئامادە نین هیچ دانوسـتاندنێکی سیاسی بکەیـن ئەگـەر ئاگربەسـت هەموو خاکی سـووریا نەگرێتـەوە، ئـەوان ئەوەیان گوت ، بەڵام راسـتیان نەکرد، چونکە دەرکەوت کە ئەوە ناتوانرێت بکرێت، هیچ نەبێ نەدەبوو داوایان بکردایە کە شـەڕی دژی تیرۆر بوەستێنرێت .

ئینجـا دەتوانیـن بڵێیـن کـە ماوەیەکـی زۆر هاوبەشەکانمان لە ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی باراک ئۆبامادا نەیانتوانی تیرۆرستان لە گرووپە باشەکانی ئۆپۆزیسیۆن جیابکەنەوە، ئێستا ئێمە لەچوارچێوەی دروسـتکردنی زۆنی ئـارام توانیومانە ئەوە بکەین و ئەنجامەکانی لە ناوچەکـەدا دەرکەوتوون . هەروەها ئەوانـەی دەیانگـوت بەبـێ سـەرکەوتنی تەواوەتی بەسـەر تیرۆردا ناتوانرێت لەهیچ شـوێنێک هەوڵی چارەسەری قەیرانی سووریا بدەین، ئەوانەش کارێکی باشیان نەکرد و هاوکار نەبوون بۆ دانوستاندنەکانی ژنێڤ .

ئێمـە بـڕوای تەواومان هەیـە کە ئـەو پرۆژەی دەسـتوورە دڵنیایـی دەداتـە هەمـوو گرووپەکانی سـووریا، ئەوانەی کە باسـمکردن، هەمـوو گرووپە ئایینی و نائایینییەکان و هەموو گرووپە سیاسییەکان هەست بە دڵنیایی دەکەن لە یاسا نوێیەکاندا ، لەو یاسا گرنگانەی کە بۆ حکومەتی سووریا دادەنرێن ، کاتێـک ئەو گرووپانە تێدەگەن کە ئەوان گەرەنتیان هەیـە ، ئەوکاتـە پێموایە ئاسـانتر دەبێ بۆ ئەوەی هەمووان رێکبکەون لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵاتدا . ئەوکاتە ئاسـانتر دەبێ کێ پێشنیاز بکرێت بـۆ کام پۆسـت و بەرپرسـیارێتی لـە دەوڵەتدا و، ئاسـانتر دەبێ بۆ ئەوەی هاوسـەنگی بپارێزرێت لە رووبەڕووبوونەوەی ئاژاوە .

ئێمە پشـتیوانی لـەو ئەنجامانـە دەکەین کە لە دوایین گەڕی دانوسـتاندنەکانی ژنێـڤ وەدیهاتوون سـەبارەت بەوەی کە دیمسـتۆرا پێشنیازی کرد کە پێویسـتە بە چوار ئاراسـتە کار بکرێت ، ئاراستەی یەکەم ئەوەیە سووریا چۆن دەتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات لەو قۆناغەی ئێستادا، بەشێوەیەک کە بتوانرێت سـوود لە تواناکانـی ئۆپۆزیسـیۆنیش وەربگیرێت. هەروەهـا ئاراسـتەی دووەم پرسـی دەسـتوورە کە چۆن دەسـتوور ئامادەبکرێت و، ئاراسـتەی سێیەم چۆن ئامادەکاری بکرێت بۆ هەڵبژاردن و، ئاراسـتەی چوارەمیش دڵنیاییدان سـەبارەت بـەوەی کە دەبێ شەڕی تیرۆر بەردەوام بێت .

پێموایـە کـە ئـەو بەرەوپێشـچوونە لـە دانوسـتاندنەکانی ژنێڤ لای هەمووومان پەسـەندە، جگە لەو گرووپانەی ئۆپۆزیسـیۆن کـە هەڵگەڕاوەو توندڕەون، بـەڵام دەکرێت ئەوانە بخرێنـە دەرەوەی پرۆسـەی سیاسـییەوە ، بەهۆی ئەوەی کـە ئەوان سەلماندوویانە توانای رێککەوتنیان نییە .

**رووداو: لە پرۆسەی چارەسەری قەیرانی سووریادا، رووسـیا چۆن سەیری ماف و ئەرکی کوردی سووریا دەکات؟**

**لاڤـرۆڤ:** وەک بەشـێک و وەک هەریەکێـک لەو گرووپە دانپێدانراوانەی کە باسمکردن، سەیری کوردی سووریا دەکەین کە دەبێ بەشداربن لە رێککەوتنەکاندا و دەبـێ باوەڕیان بـەوە هەبێ کـە مافەکانی ئەوان دەپارێزرێن لە چوارچێوەی حکومەتی سووریادا.

**رووداو : ئێمـە دیالۆگێکـی وشـک دەبینیـن لەنێـوان سیاسـەتی دەرەوەی رووسـیا و ئەمریـکا . ئایـا هیـچ هیوایـەک هەیە کە رووسـیا و ئەمریکا دەروازەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی بکەن بۆ چارەسـەکردنی کێشەکانی نێوانیان ؟ بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە ململانێیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان چارەسەر ببن ؟**

**لاڤـرۆڤ:** ئێمـە هەردەبـێ و پێویسـتە رێگـەی هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ئەمریـکا بدۆزینـەوە ، ئەگەر ئێمە بەڕاسـتی و بەجیدی دەمانـەوێ رۆڵمان هەبێ لـە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیـدا، هەر دەبـێ رێگەیەک بدۆزینەوە کە هاوکاری یەکتر بین بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، بۆ ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە رێگەگرتن لە چەکی قەدەخەکراو و دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ چارەسـەری ئەو کێشـانەی کە پەیوەسـتن بە سـتراتیژییەوە بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی ئارامی بۆ ستراتیژییەکانمان. هەمـوو لایـەک دان بەوەدا دەنێن کە رۆڵی رووسـیا و ئەمریـکا لەهەمـوو ئەو بوارانـەدا بێوێنەیە و هیچ کەسـێک ناتوانێ ئەو رۆڵە لە جێگەی ئێمە بگێڕێت . دەبێ ئێمە خۆمان رۆڵمان هەبێ لەچارەسەری ئەو کێشـانەدا. ئەوەی ئێسـتا لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێمـە و ئەمریکا روودەدات بەدڵنیاییـەوە جێگەی دڵخۆشی نییە. ئێمە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کێشەمان بـۆ ماوەتەوە لە ئیـدارەی ئۆباماوە، ئـەو بریارانەی پێشـتر دراون ئێسـتا وەک ئاگـرن لەپێـش ئێمە . ئیدارەی ئۆباما لە دوا رۆژەکانیدا تووشی شۆک ببوو بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا. ئەوان ویستیان ئەوەندە کاتەی لە کۆشکی سپی ماویانە تەنیا کاری خراپ بکەن، پێش هەموو شتێک ئامانجیان تێکدانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و رووسیا بوو .

ئێمە تێدەگەین چەندە قورسـە ئەگەر ئێسـتا لە واشـنتن کەسـێک بیـەوێ بەشـێوەیەکی لۆجیکی بیربکاتـەوە بـە ئامانجی ئـەوەی کـە دەرچێت لەو نەخۆشـیەی بەهۆی "رووس فۆبیـا"وە گرتوویانە ، ئەو هەموو مانگە تێپەڕی بەسـەر ئیدارەی نوێدا و کەس پشـکنینی بـۆ ئەو بابەتە نەکـرد، هیچ نەبێ بیانتوانیایە یەک بەڵگەی سـەلمێنراو پیشـان بدەن کە رووسـیا دەسـتی وەرداوەتە کاروبـاری ناوخۆی ئەمریـکا . خەڵکی ئاسـایی بەهەرحاڵ ، بەڵام من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم سیاسەتکارانی ئەمریکا دەتوانن تووشـی ئەو گرێ دەروونییە ببن سەبارەت بە رووسـیا. من پێشتر کاتێک کە لە نیویۆرک کارم دەکـرد لەگـەڵ زۆربەیان گفتوگۆم کـردووە، من بە جۆرێکی دیکە لەوان تێگەیشـتبووم، بـەڵام ئەوەی ئێسـتا لە ئەمریکییـەکان بەدیدەکەم بۆمن جێگەی سەرسـوڕمانە. پێموایە زۆربـەی ئەوانـەی کە بەو ئاراسـتەیەی ئێسـتا دەجوڵێنەوە بەرامبەر رووسیا ، هەڵسـوکەوتێکی ناسرووشتی دەکەن . سیاسییە ئەمریکییـەکان خۆیـان تێدەگەن کە ئەوە شـتێکی باش نییە و دەبێ بەهەر شـێوەیەک بێ کۆتایی بەو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیە بێنن بەرامبەر رووسیا .

بەداخەوە ئەوان خۆیان بەدەستی خۆیان ، خۆیان دەخەنـە نـاو چوارچێوەی شـوورەیەکەوە کە دواتر دەرچوون لێی قورسـە، بـەڵام بەهەرحاڵ زۆر گرنگە بڵێـم کـە ئەو هەوایـە لەو کەسـانە دەرچێت کەس ناتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ ئەوان ، دەبێ ئەوان خۆیان هـەوڵ بدەن لـەو دۆخە دەرچن ، ئەگەرنا شـەکەت دەبن بەدەسـت ئـەو دەردەوە. ئـەوان نەیانتوانیوە بیسـەلمێنن کە رووسیا دەستی وەرداوەتە کاروباری ناخۆی ئەمریکا. تەنانەت یەک هۆکاریشیان بۆ ئەو مەبەسـتە بەدەستەوە نییە. ئەوەی هەیە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان و شاشـەی تەلەڤزیۆنەکان لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا تەنیا سـووکایەتیکردنە ، ئەوە وەک ئەو قسـەیەی لای ئێمەیە کە بمبوورە هەرچەند قسـەیەکی شـیاویش نییـە، بەڵام لای ئێمـە بەو بابەتە دەڵێن "ئەوە پەنجە مژینە" .

ئەو ئامانجەی کە سـەرۆک دۆناڵد ترەمپ لەگـەڵ هاوکارەکانـی پێـش ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن رایانگەیانـد سـەبارەت بـە دروسـتکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ رووسیای فیدراڵ، بەدڵنیاییـەوە وڵامی ئێمە بۆ ئەوان بەهەمانشـێوە دروسـتکردنی هاوئاهەنگییە لەگـەڵ ئەمریـکا ، یەکـەم چاوپێکەوتنـی سـەرۆکی هـەردوو وڵات لـە چوارچێـوەی کۆبوونەوەی G20 کە لە هامبۆرگ لە حەوتی تەمووز ئەنجامدرا ، ئەو کۆبوونەوەیە دوای ئەنجامدانـی سـێ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی هـات لەنێوان هـەردوو سـەرۆکدا و، لەو کۆبوونەوەیەدا رێککەوتن کرا سەبارەت بە دروسـتکردنی ناوچەی ئارام لە باشووری سووریا.

بەوجـۆرە بەشـێوەیەکی کۆنکرێتـی سـەلماندمان کە ئێمە دەتوانین بەیەکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی چارەسەر بدۆزینەوە، بەشـێوەیەک کە جێگەی بایەخی زۆربەی ناوچەکان دەبێت بەشێوەیەکی فراوانتر و لە ناوچەیەکی فراوانتر بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێـک کێشـەی جیـاوازی جیهانی . هەروەها ئێمـە لەگەڵ ئەمریکا رێککەوتین بـۆ دۆزینـەوەی دەروازەیەک بەمەبەسـتی چارەسـەکردنی قەیرانـی ئۆکراینـا ، هـەر بەوشـێوەیەی کە پێشتر پلانی بۆ دانرابوو ، ئەو پلانە ئێسـتاش هێزی تێدا مـاوەو کاری پێدەکەین. هەندێک لە کۆنگرێسـمانەکانی واشـنتن گلەییـان لـە سـەرۆک ترەمـپ کـرد کـە بیرۆکەی رێککەوتنێکی لەوشێوەیە رواڵەتییە و گوتیان ترەمپ لەگەڵ شـەیتان لەسەر مێز دادەنیشێت، من پێموایە کـە ئەوە بۆچوونێکـی زۆر منداڵانەیـە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوان هێندە دوودڵ و راڕان سـەبارەت بەوەی کە لەگەڵ رووسیا هاوئاهەنگییەکی نائاسایی دەکەن لـە بواری ئەلیکترۆنیدا ، ئەوا مـن دەڵێم کە هەموو مرۆڤێکی باش پێی گرنگە بەشـێوەیەکی راستەوخۆ قسـە لەگەڵ بەرامبەرەکەی بکات سـەبارەت بە هەر بابەتێک کە لەلای ئەو جێی گومانە .

ئێمـە سـاڵانێکی زۆرە لـە نەتەوەیەکگرتووەکان هـەوڵ دەدەین هەموو دەوڵەتانی جیهان سـوودمەند و هاوئاهەنـگ بن لـە بواری ئەلیکترۆنـی و، بۆ ئەو مەبەسـتە چەندیـن دۆکیومێنتمـان سـەبارەت بە ئاسایشـی ئەلیکترۆنی گەڵاڵە کردوون، بەڵام ئەوان گومـان لە ئێمە دەکەن سـەبارەت بـەوەی کە ئێمە نامانەوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ و راشکاوانە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین. بەڕاستی ئەو بابەتە قورسە . بەڵام هیوادارم کە کۆمەڵگەی ئەمریکی دەستی ئەو ئیدارەیەی ئێستای وڵاتەکەیان نەگرن بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ رووسیا.

**رووداو :رووسـیا چ رۆڵێکی هەیە لە چارەسـەری ئـەو کێشـەیەی ئێسـتا لەنێـوان کۆمەڵێـک وڵاتی عەرەبیدا هەیە، وەک قەتەر و سـعودیەی عەرەبی و بەحرێن و ئەوانیدی؟**

**لاڤرۆڤ:** ئێمە قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و ئێسـتا لەپەیوەندیداین لەگـەڵ هەموو لایەنەکانی ئەو ململانێیە . سـەرۆک پووتیـن چەند جارێک بە تەلەفۆن قسـەی لەگەڵ شـای سـعودیە و سەرۆکی تورکیا و میسـر کـردووە و، هەروەهـا لەگەڵ وەلی عەهـدی ئیماراتی عەرەبـی و لەگەڵ ئەمیری قەتەر. من لەگەڵ هاوپیشـەکانم، لەگـەڵ وەزیری دەرەوەی قەتـەر کۆبوومەتەوە، بـە تەلەفۆن قسـەم کردووە لەگەڵ هەموو هاوبەشەکانی دیکەمان ، وڵاتانی ئەندام لـە ئەنجوومەنی هاریکاری و هاوئاهەنگی رووسـیا و وڵاتانی عەرەبی، ئێمە قسەی خۆمان کردووە لەسەر ئەو بابەتە. دەمانەوێ ئەو کێشەیە چارەسەر ببێت. پشـتیوانی لەو هەوڵـە دەکەین کـە ئەمیری کوێت دەیـدات، ئەگەر لەچوارچێوەی ئـەو هەوڵەدا یان بۆ تەواوکاری ئەو هەوڵە ئەگەر رووسیای فیدراڵ دەتوانێ کارێکی بەسـوود بکات ، ئەوا ئێمە ئامادەین. ئێمە دەبینین کـە وڵاتانی دیکـەش هەوڵیان هەیە بۆئەوەی ئەو بابەتە چارەسەر ببێت. ریکس تیلەرسـن لەو ناوچەیە بوو و کۆمەڵێک کار و دیـداری گرنگی هەبـوو، وەک مـن بزانم فەرەنسـا و شانشـینی بەریتانیـاش ئامادەبـوون بـۆ هـاوکاری . ئێمە هاریکار دەبین بۆ هەموو شـتێک کە رێگە لەو بارودۆخـە ئاڵـۆزە بگرێت، بۆ ئەوەی ئـەو ناوچـە گرنگەی جیهـان بـەرەو تەنگژیەکـی درێژخایەن نەڕوات.



> چارەسەری کۆتایی قەیرانی سووریا تەنیا لەدەست لایەنەکانی سووریادایە
>
> هیوامان وایە گەلی کورد خواستی خۆی لەچوارچێوەیەکی ئاشتیانەدا پیشان بدات

> ئێمە ئێستا لەگەڵ کوردستانی عێراق لەناو بەرژەوەندییەکی هاوبەشی دوولایەنەداین

> ئێمە وەک گوزارشتکردن لە خواستی گەلی کورد لە مەسەلەی گشتپرسی دەڕوانین



## رووحانی بەڵێنی چەند پۆستێک بە کورد دەدات

**رووداو- تاران**

رۆژی 2017/7/23 حەسەن رووحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لەگەڵ شاندێکی نوێنەرانی پەرلەمانی وڵاتەکەی لەنێویاندا دوو پەرلەمانتاری کورد کۆبووەوە. رووحانی لە کۆبوونەوەکەدا بەڵێنی داوە پشکی کورد لەم کابینەیەدا زیاتر بێت لە کابینەکانی پێشوو. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شوێنی کۆبوونەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: حەسەن رووحانی لە کۆبوونەوەکەدا بەڵێنی داوە لە کابینەی داهاتوودا 5 کوردی سوننە وەک باڵیۆزی ئێران لە وڵاتان، 6 کوردی سوننی مەزهەبیش وەک جێگری وەزیر دەستنیشان بکات". حەسەن رووحانی ئەم رۆژانە سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەی نوێیە. کابینەیەک کە بەگوتەی گوتەبێژی فراکسیۆنی سەربەخۆکانی پەرلەمانی ئێران نیوەی کەسایەتی نوێ دەبێت.

## بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا بووە

# یەپەگە لەسەر پێشنیازی ئەمریکا ناوی خۆی دەگۆڕێت

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو ژەنەراڵێکی پایەبەرزی ئەمریکی رایگەیاند، ئەوان لە 2015 پێشنیازیان بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کردووە ناوی خۆیان بگۆڕن، ئەوانیش لە ماوەیەکی کورتدا پێشنیازەکەیان قەبووڵ کردووە.

ژەنەراڵ رایمۆند تۆماس، بەرپرسی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا، هۆکاری ئەمەی بۆ نیگەرانییەکانی تورکیا گەڕاندەوە کە یەپەگەیان بە باڵێکی پەکەکە دەزانی و رەخنەیان لە ئەمریکا گرتووە چۆن هاوکاریی هێزێک دەکەن کە دوژمنی تورکیایە.

ژەنەراڵە ئەمریکییەکە دەڵێت: "راستیەکەی ئێمە ئەو نیگەرانییەمان بۆ ئەوان (یەپەگە) گواستەوە و پێمانڕاگەیاندن ئێوە دەبێ ناوی خۆتان بگۆڕن، گوتمان دەتانەوێ لە پاڵ ناوی یەپەگە چ ناوێکی دیکەتان هەبێت؟ رۆژێک دوای ئاگادارکردنەوەکە رایانگەیاند کە ئەوان هێزەکانی سووریای دیموکراتن".

ژەنەراڵ تۆماس لە پانێلی کۆڕبەندی ئاسایشی ئەسپن قسەی دەکرد کە ساڵانە بۆ گفتوگۆ و راوێژی بەرپرسان و شارەزایانی حکومەت و هێزە سەربازی و ئەمنییەکان پێکدەهێنرێت. ژەنەراڵە ئەمریکییەکە ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ململانێکانی ئەو ناوچەیە هەیە. لە شەڕی یەکەمی کەنداودا بەشدار بووە و لە نێوان ساڵانی 2001 بۆ 2013 هەموو ساڵێک (جگە لە 2007 کە لە عێراق بووە) سەردانی ئەفغانستانی کردووە.

ژەنەراڵە ئەمریکییەکە لە درێژەی گوتەکانیدا رایگەیاند "هەستم کرد دانانی دەستەواژەی دیموکراسی (لە ناوی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا) بیرۆکەیەکی باش بوو. هەر چۆنێک بێت ئەو ناوە هەندێک متمانە بەو هێزانە دەبەخشێ". هەروەها دەڵێت داوایان لە یەپەگە کردووە هێزەکانی سووریای دیموکرات دەبێ نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە بکەن.



"دانانی دەستەواژەی دیموکراسی (لە ناوی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا) هەندێک متمانە بەو هێزانە دەبەخشێ" (فۆتۆ: AFP)

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئەمریکا چۆن بڕیار دەدات هێزێکی پیادەی لۆکاڵی بکاتە هاوپەیمانی خۆی، ژەنەڕاڵ تۆماس گوتی هەندێکجار مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەو کاتەدا کام هێزی لۆکاڵی "بەردەستە". بۆ ئەمەش نموونەی بە هاوکاریی ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە بۆ رزگارکردنی شاری کۆبانێ و ناوچەکانی دەوروبەری هێنایەوە.

ژەنەڕاڵە ئەمریکییەکە دەڵێت "لایەنە کوردییەکانی دیکە کێشەی کۆبانێیان خستە بەردەستمان و پرسیاریان لێکردین ئایا ئەمریکا دەتوانێ یارمەتی ئەوان (هێزەکانی یەپەگە) بدات؟". بۆ ئەوەی هێرشەکەی داعش بۆ سەر کۆبانێ تێکبشکێنن. ژەنەراڵە تەمەن 58 ساڵەکەی ئەمریکا ئاماژەی بەوە نەدا ئەو لایەنە کوردییە کێ بووە و لە چ رێگەیەکەوە ئەو داوایەیان لە هێزەکانی ئەمریکا کردووە.

هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ و ناوچەکانی دەوروبەری لە نێوەڕاستی ئەیلولی 2014 دەستیپێکرد. لە رۆژی 27ی ئەیلولەوە هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بنکە و بارەگاکانی داعشیان لە نزیک کۆبانێ بۆردومان کرد. لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 2014 هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی قورسەوە و لە رێگەی تورکیاوە ئاودیوی کۆبانێ بوون، تاوەکو یارمەتی هێزەکانی یەپەگە بدەن بۆ دەرکردنی چەکدارانی داعش لە کۆبانێ و دەوروبەری.

بە گوتەی ژەنەڕاڵ تۆماس، پەیوەندیی راستەوخۆی ئەو و هێزەکانی یەپەگە بۆ 2015 دەگەڕێتەوە. وەکوو ژەنەڕاڵە ئەمریکییەکە باسی دەکات، بەرپرسانی یەپەگە ئەوکات کۆمەڵێک داواکارییان هەبووە کە ئەو نەیتوانیوە دەستەبەری بکات، لەوانەش بەشداركردنی نوێنەری پەیەدە لە دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن.

سەبارەت بە داواکاریی هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان، ژەنەڕال رایمۆند تۆماس گوتی "ئەوان داوای شتێکیان دەکرد کە من نەمدەتوانی پێیان بدەم، ئەویش ئەوە بوو کە وەکوو هێزی باڵادەست لە باکووری سووریا داوای کورسییەکیان دەکرد". لەو گفتوگۆیانەی لەبارەی داهاتووی سووریاوە دەکرا، بەڵام "لەبەر ئەوەی ئەوان (واتە یەپەگە) بە باڵی پەکەکە لەقەڵەم دەدران، هیچ شوێنێکیان لەسەر مێزی دانوستاندنەکان پێ نەدرا".

### 70 هەزار چەکداری داعش کوژراون

ژەنەراڵ تۆماس لە نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2012 جێگری فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بووە و رۆڵێکی سەرەکی لە دارشتنی پلانی کوشتنی ئوسامە بن لادن، سەرکردەی قاعیدەدا، هەبووە. لە ماوەی رابردوودا چەند جارێک هەواڵی کوژرانی ئەبووبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش، بڵاوکراوەتەوە. ژەنەراڵ تۆماس رایگەیاند "ماوەیەکە هیچ زانیارییەکمان لەبارەی بەغدادییەوە پێنەگەیشتووە". جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاریان بۆ بەغدادی دەکرد کوژراون و لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا 60 بۆ 70 هەزار لە چەکدارەکانی کوژراون.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئاخۆ هێزەکانی ئەمریکا هیچکاتێک بووە هێزە تایبەت و دژەتیرۆرەکانی ئەمریکا لە کوشتنی بەغدادی نزیک بن، ژەنەڕاڵ رایمۆند تۆماس گوتی "زۆر جاران لەو ئامانجەوە نزیک بووین، تەنانەت هەندێکجار زۆر نزیکتر بووین لەوەی خۆمان بیرمان لێکردبووەوە. لە هەندێک حاڵەتدا زۆر نزیک بووین لەوەی کۆتایی پێبهێنین، بەڵام دزەکردنی زانیارییەکان لە میدیای نێوخۆیی ئەمریکادا ئاشکرای کردووە کە ئێمە بەنیازی چین". بە تایبەتیش دوای ئەوەی زانیارییەکی باشیان لە هاوژینی ئەبوو سەیاف، وەزیری دارایی و نەوتی داعش، وەرگرتبوو کە چەند رۆژێک بەر لە کوژرانی ئەبوسەیاف بەغدادییان لە رەققە بینیبوو و شوێنە دیدارەکانی ئەبوو سەیاف و بەغدادیشی ئاشکرا کردبوو.

ئەبوو سەیاف شەوی 16ی ئایاری 2015 لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتی هێزی دێلتای ئەمریکی کوژرا، بەڵام هاوژینەکەی دەستگیرکرا و ئافرەتێکی ئێزدیش کە لە شوێنەکە بوو رزگارکرا. کوژرانی ئەبو سەیاف و دەستگرتن بەسەر بەڵگەنامەکان و لێپرسینەوە لە هاوژینەکەی زانیارییەکی زۆری لەبارەی هەیکەل و چۆنێتی کارکردنی داعش بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دا.

# ئەمریکا پشت لە "رۆژئاڤا" دەکات؟

**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵی رابردوودا هەر گۆڕانکاری و هەنگاوێک لە شەڕی نێوخۆی سووریا، دەرگای بە رووی شەڕ و قەیرانێکی نوێدا کردووەتەوە. بۆیە ئێستا یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە ئاخۆ پێشڕەویی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە رەققە، سەرەتای قەیرانێکی نوێ نییە لە نێوەڕاستی سووریا؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی (نوح بۆنسی) گەورە شرۆڤەکاری خۆی بۆ کاروباری سووریا، رەوانەی رۆژئاڤای کوردستان کردووە.

نوح لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئەوە پێنجەم جارە سەردانی رۆژئاڤا دەکات، وەکوو جارەکانی پێشوو، گەشتەکەی ئەمجارەشی لەڕێی هەرێمی کوردستانەوە بوو. لەڕێگەشیدا بەرەو رۆژئاڤا، بە لای ئەو شوێنەدا رەت بوو کە هێزی ئاسمانیی تورکیا دوو مانگ لەمەوبەر بۆردومانی کرد و 22 شەڕڤانی یەپەگەی تێدا بوونە قوربانی.

ئایا بەڕاستی ئەمریکا پێشتر نەیزانبوو ئەو هێرشانە لەبەرنامەدان؟ راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت بەلای زۆربەی کوردی رۆژئاواوە ئەو هێرشانە راچڵەکێنەر بوون، لەبەر ئەوەی "سەرەڕای قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی یەپەگە و هێزەکانی ئەمریکا، ئەمریکییەکان نە رێگەیان لە هێرشەکەی تورکیا گرت و نە پێشوەختیش یەپەگەیان ئاگادار کردەوە".

### قامشلۆی ئارام و بێ ململانێی سیاسی

نوح لە ماوەی مانگی رەمەزاندا لە قامیشلو بووە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی قەیرانی نێودەوڵەتی "هەرچەندە سەقامگیری لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە رووی لە زیادبوونە، بەڵام ئەمە سەبارەت بە کێبڕکێی سیاسی پێچەوانەیە".

لێکۆڵەرانی ئەو گرووپە لە کاتی سەردانی رۆژئاڤای کوردستاندا، هەمیشە لەگەڵ کەسایەتی و سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رۆژئاوای کوردستان دیدار ساز دەکەن کە بەگوێرەی راپۆرتەکە "زۆربەیان هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانن". بەڵام لە سەردانی ئەمجارەیدا، نوح زانیبووی زۆرینەی ئەو کەسایەتییانەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە سەردانەکانی پێشوویدا چاوی پێیانکەوتبوو "یان دەستگیر کرابوون یان لە ترسی گرتن رایانکردبوو".

ئیدارەی خۆسەریی یەپەگە هۆکاری ئەو سیاسەتە توندە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "ئەو پارتانە ئامادەنین لە ئیدارەی ئەواندا ناوی خۆیان وەکوو پارتی سیاسی تۆمار بکەن". پارتە رکابەرەکانیش دەڵێن "ئەوان نایانەوێت دان بە دەسەڵاتی خۆسەریدا بنێن و حەزیش ناکەن شەرعیەت بە باڵادەستیی سیاسی و سەربازیی تاکلایەنەی یەپەگە بدەن".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی قەیرانی نێودەوڵەتی "ئەو پارتانە هەندێک پشتگیری جەماوەرییان لەگەڵە، بەڵام ئامرازی پێویستیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستییەکەی یەپەگە نییە". بە گوتەی نوح، ژمارەیەک لە بەرپرسانی یەپەگە رەخنەیان لەو سیاسەتەی یەپەگە هەبووە، پێیانوابووە دەستگیرکردنی کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئاکامی پێچەوانەی دەبێت، چونکە ئەو کەسایەتییانەی ئۆپۆزیسیۆن هیچ هەڕەشەیەکی بەرچاو دروستناکەن، گرتنیان دەبێتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی رەخنە لە پاوانخوازیی یەپەگە بگیرێ.

بەڵام قامشلۆ تەنیا لەژێر دەسەڵاتی یەپەگەدا نییە، بەڵکو هێزەکانی سەر بە حکومەتیش لە ناوچەکانی ناوەڕاستی شاری قامشلۆ جێگیرکراون. پۆستەری بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا و هێزی سەربازیی حکومەت دەبینرێن. وەکوو لە راپۆرتەکەی قەیرانی نێودەوڵەتیدا هاتووە، گرنگترین شوێنی قامشلۆ کە بەدەست هێزەکانی حکومەتەوە بێت، فرۆکەخانەی قامشلۆیە کە گومان دەکرێت "ئێرانی و رووسەکانیش لەوێ بن". هەڵبەت لە ناوچەکانی یەپەگەدا "چەند سەت ستافێکی سوپای ئەمریکاش هەن". نوح پێیوایە هاوسەنگیی هێز بەلای یەپەگەدا شکاوەتەوە، نەک رژێم. هەروەها دەڵێت "هێزەکانی یەپەگە و هێزەکانی سەر بە حکومەت ناچارن پێکەوە هەڵبکەن، بەڵام مەرج نییە کەیفیان بە یەکدی بێ".

یەکێک لەو خاڵانەی راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەهۆی ناسەقامگیری، سەختیی ئابووری و ناونووسکردن بۆ خزمەتی سەربازی ناوچەکەیان چۆڵ کردووە. بەگوێرەی راپۆرتەکە "حکومەتی سووریا هەر پیاوێک تەمەنی لە 42 ساڵ کەمتر بێ دەکاتە سەرباز، بۆیە خەڵکێکی زۆر ناوێرن بچنە قووڵایی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی رژێم، دەترسن دەستگیر بکرێن و دواتر خۆیان لە دوورترین بەرەی جەنگ ببیننەوە".

بەڵام ئەو حاڵەتە تەنیا حکومەتی سووریا ناگرێتەوە، بەڵکو یەپەگەش هەموو پیاوێکی 18 بۆ 30 دەبات بۆ سەربازی، ئەمەش لەلایەکەوە ریزەکانی یەپەگەی گەورە کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە "هانی گەنجانی داوە رۆژئاڤا جێبهێڵن".

ئێوارەی رۆژی دواتر، لێکۆڵەرەکەی قەیرانی نێودەوڵەتی سەردانی عاموودای کردووە، لەوێ لەگەڵ دوو بەرپرسی باڵای ناوچەکە کۆبووەتەوە، بەڵام ئاماژەی بە ناو و پۆستەکانیان نەداوە. بە گوێرەی نوح "ئەستەمە بتوانیت بە وردی ناو و پلەکان بخەیتەڕوو، لەبەر ئەوەی هێزەکانی سەر بە پەکەکە رواڵەت و ناوی سیاسی جۆراوجۆریان هەیە". دوو بەرپرسەکە داوایان لە نوح کردووە بەر لەوەی سەردانی شوێنەکانی دیکە بکات، دەبێ لەوێ بمێنێتەوە و لەسەر راپۆرتەکانی قەیرانی نێودەوڵەتی گفتوگۆ بکەن.

نوح دەڵێت دوو بەرپرسەکە رەخنەیان هەبوو لەوەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت یەپەگە بەستراوەتەوە بە پەکەکەوە، بەرپرسەکان دانیان بەوەدا ناوە کە "ئەوان پابەندن بە بیروڕاکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە". ئەوان گرووپەکەیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە "زۆر جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی پەکەکە و یەپەگە دەکاتەوە". نیگەرانیش بوون لەوەی راپۆرتەکانی قەیرانی نێودەوڵەتی وابکەن "تورکیا بە ئاسانی بیانووی دەستبکەوێت بۆ ئەوەی هێرشیان بکاتە سەر".

نوح لە وەڵامی بەرپرسەکانی عامووودادا گوتبووی بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەمنی لە دەرەوە وەربگرن، پێویستە یەپەگە "شوناسێکی سەربەخۆ و جیا بۆ خۆی دروستبکات". پێشی راگەیاندوون ئێستا "دەوروبەرتان لاوازن، شەڕی داعش هەیە و ئەمریکا پێویستی پێتانە، بەڵام ئەم دۆخە تا سەر وا نابێت".

دوای گفتوگۆکە، دوو بەرپرسەکەی دەسەڵاتی خۆسەری رێگەیان بە نوح داوە بۆ هەر شوێنێک حەز دەکات بچێت، بەڵام داوایان کردبوو لە کاتی سەردانی ناوچە زۆرینە عەرەبەکانی وەکوو گرێسپی، مەنبج و عەین عیسا کەسێک لەگەڵ خۆی بەرێت. نوح پێیوایە ئەم داوایە لە رواڵەتدا بۆ پاسەوانیکردنی بووە، بەڵام لە کردەوەدا بۆ ئەوە بووە "ئەوەی لەو ناوچانە بۆم باس دەکرێت کۆک بێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە راپۆرتەکانماندا دەینووسین".

### ئایا ئەمریکا لە رۆژئاڤا دەڕوات؟

پاش گرێسپی، لێکۆڵەرەکەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی روو لە عەین عیسا دەکات کە دەکەوێتە نێوان گرێسپی و رەققە. بنکە سەرەکی ئەنجوومەنی سڤیلی رەققە بەشێوەیەکی کاتی لەو شارۆچکەیە دانراوە. ماوەی مانگ و نیوێکە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی شاری رەققە لە لایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات بە پشتیوانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەستیپێکردووە.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هێزە ئەمریکییەکان بە ئاشکرا لە بنکەکانی یەپەگە و شوێنە هەستیارەکانی دیکەدا دەردەکەون. بە تایبەتیش "ئەگەر مەترسی ئامادەکاریی تورکیا بۆ هێرش هەبێ". بەگوێرەی راپۆرتەکە هێزەکەی ئەمریکا لەو ناوچانە "رۆڵێکی نادیاری هەیە، رۆڵەکەی شتێکە لەنێوان چاودێری و قەڵغانی مرۆیی".

بەبۆچوونی نوح "هەبوونی هاوپەیمانێکی بەهێزی وەکوو ئەمریکا لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە". چونکە ئەمریکییەکان دەشێت ئەو ناوچەیە جێبهێڵن. هەر بۆیەش بەرپرسانی یەپەگە بەردەوام پرسیاریان لە نوح بۆنسی کردووە "تۆ بڵێی ئەمریکا پشتمان تێبکات؟".



یەپەگە ئارامیی بۆ رۆژئاڤا گەڕاندووەتەوە، بەڵام کێبڕکێی سیاسی لەوێ پاشەکشەی کردووە

### بە رێگاوە بەرەو منبج

منبج مەیدانی ناوەندی دوور و درێژترین شەڕی دژی داعش لە سووریا بووە. شارەکە لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە فرەنەتەوەیە و بە گوێرەی راپۆرتەکەی گروپی قەیران ئیدارەی شارەکەش بنکەفراوانە. وەکوو لە راپۆرتەکەدا هاتووە لەو شارەدا وێنەی ئۆجالان و ئاڵای یەپەگە نابینرێت، تاکە ئاڵایەک لە شارەکەدا بەرچاودەکەوێت ئاڵای ئەنجوومەنی سەربازیی شارەکەیە، سەقامگیری رێژەیی شارەکەش وایکردووە خەڵک رازی بن لە شارەکە بمێننەوە، ئەوانی دی بگەڕێنەوە و ئاوارەیەکی زۆریش رووی تێبکەن".

### نائارامی لە گرێسپی

وێستگەی دواتری گەشتەکەی نوح شاری گرێ سپییە کە شارێکی سنوورییە لە باکووری رۆژئاوای کوردستان و لە ناوەڕاستی 2015ەوە لەدەست چەکدارانی داعش رزگارکراوە. وەکوو لە راپۆرتەکەی قەیرانی نێودەوڵەتیدا هاتووە، دانیشتووانی گرێسپی هێندەی دانیشتووانی منبج بە دەسەڵاتی یەپەگە دڵخۆش نین، بەڵام یەپەگە "ئاسایش، خزمەتگوزاری و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی بۆ ئەم شارە گەڕاندووەتەوە".

ئامادەکاری راپۆرتەکە لەگەڵ خەڵکی گرێسپی قسەی کردووە و بۆی دەرکەوتووە "خەڵک رازین بە سەقامگیری (ئەمنی)ی شارەکە، دۆخی ئابووریی خەڵک ناخۆشە، بەڵام (لە وڵاتێکی وەکوو سووریا) دەکرا خراپتر بێت، کارەبای گرێسپیش لە هی قامشلۆ زیاترە".

## ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ بۆ (رووداو):

# زیاتر لە 40 هەزار مەدەنی لە مووسڵ کوژراون

داوامان کردووە گشتپرسی لە سنووری پارێزگای نەینەوا نەکرێت



مووسڵ لە حەلەب وێرانتر کراوە

داوامان کردووە نەینەوا بکرێتە هەرێمێکی 5 - 8 پارێزگایی

هەزاران چەکداری داعش لە مووسڵ ون بوون

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ، ئێستا ماڵەکەی لە شاری هەولێرە، کاتێک باس لە وێرانکارییەکانی شاری مووسڵ دەکات، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک. نوجێفی کە بە بڕیاری پەرلەمانی عێراق لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، تەنانەت ناتوانێ بگەڕێتەوە شارە رزگارکراوەکەشی، چونکە لەلایەن دادگاوە داواکراوە. نوجێفی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی زیانە گیانی و ماددییەکانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکات و دەڵێت زیاتر لە 40 هەزار مەدەنی لە شاری مووسڵ کوژراون.

**رووداو: رۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی دەڵێت ژمارەی قوربانیانی سڤیل لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ 40 هەزار کەسن، بەغداش ئەوە رەتدەکاتەوە، ژمارەی قوربانیان چەندە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** دۆخی مرۆیی مووسڵ زۆر تراژیدیترە لەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە. ژمارەیەکی زۆر تەرم لە ژێر خانوو و باڵەخانە رووخاوەکانی ناوچەی مووسڵی کۆن ماون. بەپێی قەبارەی ئەو وێرانی و شەڕەی روویداوە، ژمارەکە لە 40 زیاتر نەبێت کەمتر نییە. لە ناوچەی مووسڵی کۆن ئۆتۆمبێل و شۆفەڵ و حەفارە لەسەر بانی ماڵە رووخاوەکانەوە هاتوچۆ دەکەن، لە ژێرەوەش تەرمی خەڵکی سڤیلی تێدایە و هێزەکانی بەرگری شارستانی ناتوانن بە باشی ئیش بکەن و زۆر ناوچە هەیە هێشتا نەگەیشتوونەتێ.

**رووداو: ئێوە کام هێز و لایەن بە بەرپرسیار دەزانن لەو وێرانکارییەی مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** دەمانەوێ دۆخەکە ئارام ببێتەوە و خەڵکی مووسڵ ژیانی سەقامگیر بێت، دوای ئارامبوونەوەی دۆخەکە مەلەفی ترسناک هەیە و کاتی خۆی هەمووی هەڵدەدرێتەوە، خەڵکی مووسڵ تەنیا دەیەوێ بژی، جارێ نایانەوێ کێشە بخولقێنن، چیرۆکی مووسڵ لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە، دەسەڵاتی فەرمی شارێکی رادەستی داعش کرد، بۆ ئەوەی قەسابخانە ساز بدات، دواتر شارەکە لە پرۆسەی رزگارکردندا وێران بکات، بە بۆچوونی من پلانی وێرانکردنی مووسڵ لە رۆژی رادەستکردنییەوە بە داعش لە ئارادا بووە.

**رووداو: پارساڵ هەڤپەیڤینێکم لەگەڵت کرد، ترسی دووبارەبوونەوەی حەلەبێکی دیکەت لە مووسڵ هەبوو، بۆچی رێگەتان لەم دۆخە نەگرت؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەوەی لە مووسڵ روویداوە زۆر لە کارەساتی حەلەب زیاترە، پێشتر پێشبینی ئەو کارەساتەم کردبوو، دانی پێدا دەنێم ئەو لایەنەی کە پلانی رادەستکردنی مووسڵی بە داعش داناو پاشان شارەکەی وێران کرد، لە ئێمە بەهێزتر بوو.

رووداو: مەبەستت هێزێکی ئیقلیمیی دیاریکراوە؟

ئەسیل نوجێفی: بەڵێ مەبەستم ئێرانە کە دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە، بێبەڵێنیی ئیدارەی ئۆباما کارەساتەکەی گەورەتر کرد، رێگای بە فراوانبوونی هەژموونی ئێران و جێبەجێکردنی پلانەکەی لە ناوچەکەدا دا.

**رووداو: رێژەی وێرانبوونی شارەکە چەندە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، ناوچەی مووسڵی کۆن 100% وێران بووە.

**رووداو: خەڵکی مووسڵ ئومێدی بە هێزەکەی ئێوە هەبوو، کەچی رۆڵتان زۆر لاواز بوو؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەڵتەرناتیڤی زۆرمان پێشکەش کرد، رێگەیان نەدا هیچ بەشدارییەکی کاریگەر بکەین، ئێمە دەمانویست هانی خەڵکی مووسڵ بدەین راپەڕین لەدژی دەسەڵاتی داعش بکەن، بەڵام پلانەکە دوورخستنەوەی ئێمە بوو، من ناڵێم تەنیا بە ئێمە مووسڵ ئازاد دەکرا، بەڵام دەبووینە هێزێکی کاریگەر. ئێستا ئێمە 3500 چەکداری راهێنراومان هەیە، دەتوانین هەزاران خەڵکی دیکەش کۆبکەینەوە، ئێستا 10 گەڕەک و ناوچەی بەری چەپ و حەوت ناوچە لە بەری راست بەدەستە هێزەکانمانەوەیە، ئێمە پێمانوایە ئەڵتەرناتیڤی ئەو هێزە نییە چونکە مەترسییەکانی داعش هێشتا لە مووسڵ ماوە، شانەی نووستوویان هەیە کە چاوەڕێی دەرفەت و ناکۆکیی هێزە سەربازییەکان دەکات.

**رووداو: ئەی رۆڵی هێزەکەی تورکیا لە باشیک چی بوو؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەو یارمەتی پێشمەرگەیان دا لە ئازادکردنی باشیک، دوای شەڕی مووسڵ ئەو هێزە نەماون و نازانین چوونەتە کوێ، چۆنیش هاتبوون، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو هێزە لە نێو سەربازگەکە نەبوون، ئەوانەی لە نێو سەربازگەکە بوون کۆمەڵێک راهێنەر بوون، مانەوەی هێزەکەش پەیوەستە بە لێکتێگەیشتنی هەولێر، بەغدا و ئەنقەرە، ئێمە لایەنێک نین لەو بابەتە.

**رووداو: بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و دەستپێکردنەوەی ژیان هیچ کراوە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، مووسڵ پێویستی بە سێ ملیار دۆلار هەیە، هەرچی قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانە، بە تایبەتی ناوچەی مووسڵی کۆن، پێویستمان بە بودجەیەکی زۆر هەیە. بە قەناعەتی خۆم بەغدا ناتوانێ ئەو بودجەیە دابین بکات بەهۆی قەیرانی دارایی، پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش ئامادە نین پشکی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ تەرخان بکەن، بۆیە باشترین میکانیزم بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ ئەوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکرێت.

**رووداو: هیچ وڵاتێک ئامادەیە مووسڵ ئاوەدان بکاتەوە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** تورکیا سەرۆکوەزیرانی عێراقی ئاگادار کردووەتەوە کە ئامادەن ناوچەی مووسڵی کۆن نۆژەن بکەنەوە، چەند پرۆژەیەکی دیکەش ئەنجام بدەن، ئەمەش لە رێگای وەبەرهێنان و بەخشین دەبێ، چەند وڵاتێکی عەرەبیش ئامادەن بەشداری ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ بکەن. ئەوەی رێگرە بەغدایە کە نایەوێ مووسڵ ئاوەدان بکرێتەوە، هەندێک لایەنی سیاسی بەربەست لە بەردەم عەبادی دروستدەکەن و نایانەوێ مووسڵ ئاوەدان بکرێتەوە.

**رووداو: لەکاتی کەوتنی مووسڵ ژمارەیەک دیپلۆماتکاری تورکی دەستگیرکران، هیچ بڕیارێک هەیە جارێکی دیکە تورکیا کونسوڵخانەی خۆی بکاتەوە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەپێی زانیارییەکانم بە نیازن بیکەنەوە و لەگەڵ حکومەتی عێراقیش قسەیان کردووە.

**رووداو: پرۆژەی دامەزراندنی هەرێمی نەینەوا بە کوێ گەیشت؟**

**ئەسیل نوجێفی:** نەینەوا سەقامگیر نابێ تاوەکو نەبێتە هەرێمێکی فیدراڵی، پێشنیازم کردووە لە نێوان 5 تا 8 پارێزگا بێ بەپێی تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی، ئێمە دەمانەوێ بە گفتوگۆی نێوان پێکهاتەکان ئەو پرسە یەکلایی بکەینەوە، ماف و دەستکەوتی هەر پێکهاتەیەک پارێزراو بێت، بۆ نموونە شنگال بکرێتە پارێزگایەک، زوممار و رەبیعە پارێزگایەک، دروستکردنی پارێزگایەک لە تەلعەفەر و بەوجۆرە.

**رووداو: بڕیارە 25ی ئەیلول لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گشتپرسی بەڕێوەبچێت، بەشێک لەو ناوچانە دەکەونە سنووری کارگێڕیی نەینەوا، هەڵوێستتان چییە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ناوچەکە تووشی وێرانکاری و شەڕێکی زۆر بووە، پێویستە ئەم پرسە بە گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت. هەرێمی کوردستان بەرەو ئاراستەی گشتپرسی دەڕوات و بەغداش بە ئاراستەی رەتکردنەوە، لە ناوچەکەشدا حەشدێکی زۆر هەیە، داوامان کردووە گشتپرسی لەو ناوچانە نەکرێ، چونکە دۆخەکە بەرگەی ئەو گرژی و ململانێیە ناگرێ.

**رووداو: مەزەندە دەکرا هەزاران چەکداری داعش لەناو مووسڵدا بووبن پێش ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی، چییان لێهات.. بۆ کوێ رۆیشتن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵێ دەیان هەزار چەکداریان لەناو مووسڵ بوون، بەڵام نەماون و ون بوون، نازانین بۆ کوێ رۆیشتوون.

> تورکیا کونسوڵخانەکەی لە مووسڵ دەکاتەوە

> تورکیا ئامادەیە مووسڵی کۆن نۆژەن بکاتەوە

## سەرەڕای وەرگرتنی قەرەبوو داوای زەوی دەکەن

# عەرەبی هاوردە لە کەرکووک سکاڵا لەسەر جووتیارانی کورد تۆمار دەکەن

> جووتیارانی کوردی سنووری مادەی 140 لەڕووی یاساییەوە نەبوونەتەوە بە خاوەنی زەوییەکانیان

نەوزاد مەحموود
رووداو- کەرکووک

لەنێو کێڵگەیەکی بەرفراوانی چێندراو بە تەماتە، شووتی و خەیار، سەرهەنگ خۆی بە یەکێک لە بەختەوەرترین مرۆڤەکانی ئەو دونیایە دەزانێ، چونکە زەوییەکە بەدڵی ئەو هاتووەتە بەرهەم، بەڵام هەموو دڵخۆشییەکەی پەیوەندی بە پلاسکۆ پڕ لە تەماتەکانەوە نییە. ئەو دەڵێت "35 ساڵ ئەو زەوییانە لە ئێمە حەرام بوون، ئێستا ئێمە خاوەنی ئەو زەوییانەین".

ئەو جووتیارانەی لە سێ دەیەی رابردوودا لە زەوییەکانیان دوورخرابوونەوە، ئێستا خۆیان بوونەتەوە خاوەنی و بەری رەنجی خۆیان هەڵدەگرنەوە، بەڵام لەڕووی یاسایی و دۆکیومێنتە حکومییەکانەوە، هێشتا کێشەی زۆریان لەپێش ماوە بۆئەوەی ببنەوە بە خاوەنەکەی جارانی زەوییەکانیان.

عەبدولوەهاب حەسەن، هەموو خێزانەکەی هێناوەتە نێو کێڵگەکە لەگەڵ چەند کەسێکی عەرەب کە بەکرێی گرتوون، بۆ ئەوەی پێش ئاوابوونی خۆر، فریای چنینەوەی تەماتەکەی بکەوێ "کە ئێمەیان لێرە دەرکرد، نەیانهێشت هیچ لەگەڵ خۆمان ببەین، عەرەبیان لە مووسڵ و ئەنبار و بەغدا و بەسرەوە هێنا بۆ سەر زەوییەکانمان. جارێکیان زۆر بیری زەوییەکەم کرد و هاتمە ناوی، چەند عەرەبێک خەریکی ئاودان بوون. یەکێک هات و گوتی بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ گوتم ئەوە زەوی من بوو، بیرم دەکرد و هاتووم سەیرێکی بکەم، تووڕە بوو گوتی هەر ئێستا برۆ تاوەکو پۆلیسم نەهێناوە بۆت". بەڵام ئێستا عەبدولوەهاب خۆی بووەتەوە خاوەن ماڵ.

### زەوی لای کوردە و تاپۆ لای عەرەب

ساڵی 2003 جووتیارانی دەرکراوی کورد گەڕانەوە سەر زەوییەکانیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی حکومەتی بەغدا ئامادە نەبوو ماددەی 140ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکات کە تایبەت بوو بە ساخکردنەوەی ئەو ناوچانەی پێیاندەگوترێ ناوچەی ناکۆکی لەسەر، هێشتا جووتیارانی کورد لەڕووی یاساییەوە نەبوونەتەوە خاوەنی زەوییەکانیان.

بە عەرەبکردنی کەرکووک سەرەتا لە زەوییەکانی داقووقەوە دەستپێکرد، دواتر یەک ملیۆن و 200 هەزار دۆنم زەوی جووتیارانی کورد و تورکمان درایە عەرەبی هاوردە، زەوییە داگیرکراوەکان 55%ی زەوی کشتوکاڵیی کەرکووکیان پێکدەهێنا، بەوپێیەی رژێمی بەعس گرێبەستی یاسایی بۆ ئەو جووتیارە هاوردەکراوانە کردووە، تاوەکو ئێستاش تاپۆی زەوییەکان بەناوی عەرەبەکانەوەیە.

مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک بە (رووداو)ی گوت، جووتیارانی کورد تەنیا چوونەتەوە سەر زەوییەکانیان، ئەگەرنا هەموو کەرەستە کشتوکاڵییەکان عەرەب وەریدەگرن و جووتیارانی کورد ناتوانن قەرزی کشتوکاڵی بۆ وەربگرن و ناتوانن وەبەرهێنانی لەسەر بکەن و هیچ مامەڵەیەکیان بۆ ناکرێ".

عەبدولوەهاب بە تووڕەییەوە دەڵێت "ئەوە زەوی منە و دەبێ من خزمەتی بکەم، کەچی کابرایەک لە بەسرەوە دێ و لە کشتوکاڵی کەرکووک داوودەرمانەکەی وەردەگرێ و دەیفرۆشێتەوە، ئێ تاپۆ لە گیرفانی ئەودایە".

### ساجیدە بە کوردێک دەیکێڵا

تاوەکو ئەو جووتیارەم نەبینی، بڕوام نەکرد کە ساجیدە خەیروڵڵای هاوژینی سەددام حوسێن یەکێک بووبێ لەو عەرەبانەی زەویی کوردیان داگیر کردووە "زەوییەکانی ئێمە دەیان دۆنم زەوی بەپیتی ناوچەی پردێن، لەسەر وەزارەتی بەرگریی عێراق تاپۆ کرابوون، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە لەلایەن ساجیدەی ژنی سەددام حوسێنەوە داگیرکراون". سەرهەنگ سەعدوڵڵا، زۆرتر لەوبارەیەوە دەڵێ، جووتیارێکی کورد بریکاری ساجیدە بوو "کورد بوو، وا بزانم ناوی سادق زێڕۆ بوو. ئەو سەرپەرشتی زەوییەکانی دەکرد".

ئەو جووتیارە دەڵێت ساجیدە لە خۆڕا ئەو زەوییانەی وەرنەگرتبوو "لە باشترین زەوییەکانی ئەم ناوچەیەن، هەر ساڵێک چەندین بەروبوومی جیاوازی لێ بەرهەم دێنین. هەر بەهۆی بەپیتیی ئەم زەوییەوە، مەڕەکانی ئێمە ساڵی دوو جار دەزێن".

سەرهەنگ باسی ساڵی 2003 دەکات کاتێک گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان و دەڵێ وەکوو عەرەبە هاوردەکان دڵڕەق نەبوون "رێگەمان پێدان کەلوپەلەکانیان بپێچنەوە و ببەن، بەڵام ئەوان نەیانهێشت کەوچکی چایەک لەگەڵ خۆمان ببەین".

### کارمان بە 140 نییە

مەهدی موبارەک بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک دەڵێ، لیژنەی باڵای ماددەی 140 لەو ساڵانەی کاری کرد، نزیکەی شەش هەزار جووتیاری کوردی گێڕایەوە سەر زەوییەکانیان، بەڵام کێشەی سەرەکی هێشتا گێڕانەوەی تاپۆی زەوییەکانە.

لەگەڵ عامر عەبدوڵڵا کە جووتیارێکی عەرەبە، دەچینە گوندی یارمجەی نزیک لەیلان. بەڵام نەیدەتوانی پێ بخاتە نێو زەوییەکەی. دواتر تێگەیشتم بۆ ئەو سڵی لەوە دەکردەوە، چونکە دوای چەند خولەکێک بە ماتۆڕسکیل و پیکاب، چەند جووتیارێکی گوندەکە هاتن و رووبەڕووبوونەوەی توند روویدا لە نێوانیان.

"لە ساڵی 1975 زەوییەکانمان داگیرکران بەبیانووی ئەوەی ناوچەکە دەبێتە کێڵگەی نەوت، دواتر نەکرایە کێڵگەی نەوت و نەبووە شوێنی سەربازگە و دابەشکرانەوە بەسەر جووتیاراندا". عامر گوتیشی "بەپێی بڕیاری 140 ئەو گرێبەستانە هەڵوەشاونەتەوە و گەڕاوینەتەوە بۆ ناو زەوییەکانمان، باپیرم خاوەنی 180 دۆنم زەویی کشتوکاڵی بوو، ئێمەش 175 وارسین، بەڵام ئێستا ژمارەیەک عەرەبی گوندەکە بەزەویی خۆیانی دەزانن".

یەکێک لەو جووتیارە عەرەبانە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکانی عامر هاتووە، رەتیدەکاتەوە ماددەی 140 کاری بەوانەوە هەبێ "چووینە لای دادگا و پارێزگار و گوتمان ئێمە خەڵکی کەرکووکین، ئێمە گرێبەستمان هەیە و کارمان بە ماددەی 140 نییە، بەڵام گرێبەستەکانیان لێسەندینەوە و گوتیان زەوییەکانتان کێشەی لەسەرە، ئاخر ئێمە نە 10 هەزارین و نە سوودمەندین و نە هیچ".

ئەوان بەردەوام رەتیاندەکردەوە لە گوندی یارمجە و دەوروبەری زەوی کورد داگیرکرابێ، بەڵام عامر گوتی: "بەدڵنیاییەوە زەوی کورد لەوێ هەیە و زەوییەکانیان تێکەڵ بە زەوییەکانمان بووە. ئەوانیش لەگەڵ ئێمە زەوییەکانیان لێسەندراوەتەوە و دابەشکراوە بەسەر خەڵکی دیکەدا بە گرێبەست. ئێمە 48 گرێبەستمان هەیە لەسەر زەوی کورد و هەر گرێبەستێک 30 دۆنم زەوییە".

### عەرەبی هاوردە کورد سکاڵاباران دەکات

بەپێی کاری چەند ساڵەی لیژنەی مادەی 140، هەموو ئەو عەرەبە هاوردانەی زەوی جووتیارانی کوردیان لێ وەرگیرایەوە، بەپارە قەرەبوو کرانەوە و دوای وەرگرتنی قەرەبوو گەڕانەوە، بەڵام وەک بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک باسی دەکات: "سەرلەنوێ دەستیانکردووەتەوە بە سکاڵا تۆمارکردن لە دژی جووتیارانی کورد، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 100 سکاڵایان تۆمار کردووە و داوای زەوییەکان دەکەنەوە".

مەهدی موبارەک دەڵێ لەبەر ئەوەی زۆربەی دادوەرانی دادگاکانی کەرکووک عەرەبن و لە بەرژەوەندی ئەوان بڕیار دەدەن، لەسەر داوای ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کارکردنمان بەو نووسراوانەی دادگا راگرتووە".

بەڵام سەرهەنگ سەعدوڵڵا، چەند تەماتەیەک لێدەکاتەوە و بەرزیان دەکاتەوە و دەڵێ سەیر بکە "عەرەب 30 ساڵ ئەم تەماتەیان برد، بەروبوومەکانیان برد و فرۆشتیان، جارێکی دیکە عەرەب ناتوانێ ئەو تەماتەیە ببات و بیخوات، ئەوە ماڵی کوردە".

### دەروازەی کێلێ دەبێتە فەرمی



**رووداو- هەولێر**

پارێزگاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاند بەمنزیکانە خاڵی سنووری کێلێ بەفەرمی دەکرێتەوە، بە کرانەوەی خاڵە سنوورییەکەش بازرگانی ناوچەکە رێکدەخرێت. قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ لە لێدوانێکدا هیوای خواست بتوانن بەم نزیکانە کاروبارە بنەڕەتییەکانی کردنی سنووری کێلێ- سەردەشت بە سنوورێکی فەرمی کۆتایی پێبێنن. کێلێ، یەکێک لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستانە و بەگوتەی پارێزگاری ورمێ؛ بە کردنەوەی ئەو سنوورە بەشێوەیەکی فەرمی، بەر بە قاچاخبردنی کاڵا دەگیرێ و نزیکەی 2000 هەلی کاریش بۆ هاووڵاتیانی دانیشتووی سنوورەکە دەڕەخسێ.

## رۆژانە 2000 تۆن چیمەنتۆ و 450 تۆن شیشی بۆ دەچێت

# مووسڵ بازاڕی کەرەستەی بیناسازی لە کوردستان گەرم دەکات



پێشبینی دەکرێ لە بەهاری داهاتوودا رۆژانە 10 هەزار تۆن چیمەنتۆ لە کوردستانەوە رەوانەی مووسڵ بکرێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

هێشتا تەپوتۆزی شەڕ بە تەواوی نەنیشتووەتەوە، خەڵکی مووسڵ و حکومەت دەستیان بە بنیاتنانەوەی شارەکە کردووە بۆ رزگاربوون لە ژیانی ئاوارەیی و بەشێک لە خەڵکی شارەکە گەڕاونەتەوە و سەرقاڵی دووبارە بنیاتنانەوەی باڵەخانە و خانووە رووخاوەکانیانن. ئەمەش نرخی کەلوپەلی بیناسازی لە کوردستان، بە تایبەتی شیش و چیمەنتۆی کەمێک بەرز کردووەتەوە.

رۆژ بەڕۆژ ژمارەی تازە لە بارەی کاولکارییەکانی شاری مووسڵ بڵاودەکرێتەوە، بەپێی دوایین هەڵسەنگاندنی رێکخراوی UNDP، لە کۆی 54 گەڕەکی بەری رۆژئاوای شارەکە 15 گەڕەکیان بە تەواوی خاپوور بوون. پێشتر یوئێن پێشبینی کردبوو کە ئەو بەرەی شارەکە پێویستی بە 400 ملیۆن دۆلار بێ بۆ بنیاتنانەوە، بەڵام ئێستا بەرپرسانی رێکخراوەکە دەڵێن تەنیا خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێویستی بە 700 ملیۆن دۆلارە.

بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شارەکە، شوێنێک کە خەڵکی مووسڵ بتوانن پشتی پێ ببەستن، تەنیا هەرێمی کوردستانە، بە تایبەتی بۆ دابینکردنی کەرەستەی بیناسازی، چونکە بەهۆی نزیکیی مووسڵ لە هەولێر و دهۆک، تێچووی گواستنەوەی کەرەستەکان هەرزانتر دەکەوێ.

ئێستا شەش کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەن کە بریتین لە: ماس، تاسلۆجە، بازیان، دەلتا، کار و گاسن. ئەگەر کارگەکان بە وزەی تەواو کاربکەن، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە 16.5 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ، بەڵام بەهۆی گرفتی ساخکردنەوە و هەندێ هۆکاری دیکە، کارگەیەکیان لەکار وەستاوە، کارگەکانی دیکەش بە وزەی تەواو کار ناکەن. ئێستا بەرهەمی رۆژانەیان 35 هەزار تۆنە کە 70%ی بۆ شارەکانی عێراق بە گشتی و شاری مووسڵ بە تایبەتی دەڕوات.

شوان محەممەد، سەرپەشتیاری گرووپی گەلیاوە بۆ بازرگانیی کەلوپەلی بیناسازی بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی بۆ فرۆشی چیمەتۆ و شیشی کارگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ شاری مووسڵ کردوومانە، رۆژانە نزیکەی 2000 تۆن چیمەتۆ و 450 تۆن شیش لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی شاری مووسڵ دەکرێت".

ئەو چیمەنتۆیەی رۆژانە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ مووسڵ دەچێت، زیاتر لەلایەن خەڵکی شارەکە بۆ چاککردنەوەی خانوو و باڵەخانە رووخاوەکان بەکاردێت کە بەهۆی ئاگری شەڕەوە وێران بوونە، بەشێکیشی لەلایەن ئەو رێکخراوە خێرخوازانە دەکڕدرێتەوە کە نەخۆشخانە و شوێنی فریاگوزارییە سەرەتاییەکان چاک دەکەنەوە.

شوان محەممەد لەو باوەڕەدایە بازاڕی چیمەنتۆ لەوەی ئێستاش باشتر بێ و دەڵێت "بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونەی بۆ بارودۆخ و خواستی شارەکە بۆ کەلوپەلی بیناسازی کردوومانە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، خواست لەسەر بەکارهێنانی چیمەنتۆ دوو هێندەی ئێستا بەرزدەبێتەوە و لە سەرەتای بەهاری داهاتووش بۆ چوار هێندەی ئێستا زیاد دەکات و رۆژانە 10 هەزار تۆن چیمەنتۆ تەنیا لەناو مووسڵ ساغ دەبێتەوە".

### نرخیان زیادی کردووە

جگە لە چیمەنتۆ و شیش، بلۆک و چەو و لمیش لە شاری هەولێرەوە هەناردەی مووسڵ دەکرێ، بەو هۆیەشەوە نرخیان بەرزبووەتەوە.

شاخەوان موحسین، خاوەنی کارگەی بلۆکی حاجی موحسین لەشاری هەولێر دەڵێت "ئێستا بلۆک، چەو و لم، لە کارگەکانی کەڵەکەوە هەناردەی شاری مووسڵ دەکرێت، ئەمەش وای کردووە نرخیان بەرزببێتەوە، بۆ نموونە پێشتر یەک مەتر لم بە 6 هەزار دینار بوو، ئێستا بووەتە 8 هەزار. پێشتر یەک گڵابەی 20 مەتری چەو بە 25 هەزار دینار بوو ئێستا بووەتە 40 هەزار، نرخی تۆنێک چیمەنتۆش لە 52 دۆلارەوە بووەتە 55 دۆلار".

بە گوتەی موحسین، بەهۆی زۆریی تێچووی گواستنەوە، بلۆک تەنیا لە کارگەکانی کەڵەکەوە دەچێت بۆ مووسڵ، بۆیە کاریگەری لەسەر فرۆشی کارگەکانی نێو شاری هەولێر نەبووە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی حەوت کارگەی بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵایە کە بریتین لە کارگەکانی (ئەربیل ستیل، جی کەی ستیل، ئێف ئاند ئێف ستیل لە هەولێر، ستی ستیل، ماس، پۆردیل لە سلێمانی و کارگەی ئاسنی دهۆک). ئەم کارگانە ئەگەر بە وزەی تەواو کاربکەن بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە زیاتر لە 3 ملیۆن تۆن، بەڵام ئێستا دوو کارگەیان کارناکەن. کارگەکانی دیکەش بە وزەی تەواو کارناکەن، بەرهەمی رۆژانەیان دەگاتە نزیکەی 3 هەزار و 500 تۆن.

کارگەی ماس بۆ پیشەسازیی ئاسن و پۆڵا، یەکێکە لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمێنانی ئاسن و پۆڵا لە کوردستان، رۆژانە دەتوانێ 2000 تۆن ئاسن بەرهەم بهێنێ، بەڵام ئێستا بەهۆی گرفتی کەمیی کارەبا، رۆژانە 1200 تۆن شیش دەخاتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان.



نەسرەددین قادر محەممەد، بەڕێوەبەری کارگەکە بە (رووداو)ی گوت "لە سەرەتای ئەم مانگەوە بەهۆی گەڕانەوەی بەشێک لە ئاوارەکانی مووسڵ، جوڵەیەک کەوتووەتە فرۆشی شیش و فرۆشمان کەمێک زیادی کردووە".

نەسرەدین ئاماژە بە بەرهەم و فرۆشی کارگەکەیان دەکات و دەڵێت: "رۆژانە نزیکەی 1200 تۆن شیش بەرهەمدێنین کە 50%ی بۆ شارەکانی عێراق بەگشتی و مووسڵ و بەغدا و تکریت بە تایبەتی هەناردە دەکەین".

لە کوردستان جگە لە شیشی کوردستان، شیشی ئۆکراینی و تورکیش هەن کە سەرەڕای گرانیی نرخەکەیان بەڵام بازاڕیان گەرمە.

نەسرەددین قادر، دەڵێت "شیشی ئۆکراینی و تورکی، هەرچەندە کوالێتیان لە شیشی ئێمە باشتر نییە، نرخی تۆنێکیان نزیکەی 120 دۆلار لە شیشی کوردستان زیاترە، بەڵام بەهۆی ناسراوییان لە بازاڕ، فرۆشیان باشە و کاریگەرییان لەسەر بەرهەمی ئێمە هەبووە".

ئاراس رەئووف، بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت: "هەرچەندە هێشتا حکومەتی عێراق دەستی بە پلانی ئاوەدانکردنەوەی شاری مووسڵ نەکردووە، بەڵام بەشێک لەو خەڵکەی گەڕاونەتەوە، دەستیان بە چاککردنەوەی خانوو و باڵەخانە رووخاوەکانیان کردووە، بەمەش جوڵەیەکی باش کەوتووەتە فرۆشی کەلوپەلی بیناسازی بەتایبەتی شیش و چیمەنتۆ و بۆری پلاستیکی، رۆژانە بە هەزاران تۆن چیمەتۆ و شیش لە کارگەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی ئەو شارە دەکرێت".

### چاویان لە ئۆتۆمبێلە تێکشاوەکانی مووسڵە

کارگەکانی کوردستان بۆ ماددەی خاوی ئاسن، پشت بە تواندنەوەی ئاسنی بەکارهاتوو و ئۆتۆمبیلی لەکارکەوتوو دەبەستن. بەهۆی شەڕەوە بە هەزاران ئۆتۆمبێلی مەدەنی و سەربازی لە مووسڵ و ناوچەکانی دیکە لە کارکەوتوون کە زۆربەیان بە کەڵکی چاککردنەوە نایەن و چارەنووسیان تەنیا تواندنەوەیە. بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە کارگەکانی ئاسن لە هەرێمی کوردستان.

نەسرەددین قادر، خاوەنی کارگەی ئاسنی ماس دەڵێت :"سەرجەم کارگەکانی ئاسن لە کوردستان، بۆ ماددەی خاوی ئاسن پشت بە ئاسنی شکاو و ئۆتۆمبیلی لەکارکەوتوو دەبەستن کە لەبەغداوە بۆمان دێت. بەڵام تاوەکوو ئێستا ئاسنی بەکارهاتوو و ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتووی مووسڵمان نەکڕیوە. لە ترسی تەقەمەنیش ئۆتۆمبیلی لەکارکەوتووی سەربازی ناکڕین".

# رۆژانە 1000 تۆن سەوزە و میوە لە هەولێرەوە دەچێتە مووسڵ



بەهۆی مووسڵەوە نرخی سەوزە و میوەی خۆماڵی بەرز دەبێتەوە (فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دەڵێت شارەکانی عێراق بە گشتی و مووسڵ بە تایبەتی بوونەتە بازاڕێکی گەرم بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی سەوزە و میوەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، رۆژانە بە سەتان تۆن بەرهەمی سەوزە و میوە لێرەوە هەناردەی شارەکانی دیکە دەکرێ.

ئێستا هەرێمی کوردستان لە بەرهەمەکانی وەکوو پەتاتە، پیاز و تەماتە و زۆربەی سەوزە و میوەکانی دیکەش ئاستی خۆژیاندنی تێپەڕاندووە. بەهۆی ئەوەی لە کوردستان کۆگا نییە بۆ هەڵگرتنیان، لە کاتی پێگەیشتنیان زیاد دەبن بازاڕی سەرەکیش بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمە زیادانە شارەکانی عێراقە. نزیکترین شاریش بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان شاری مووسڵە کە لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی داعشەوە خەڵکەکەی نەدەپەرژانە سەر چاندنی سەوزە و میوە، ئێستاش کە لە دەستی داعش رزگار کراوە، بەهۆی ئەو کاولکارییەی لە شارەکەدا روویداوە، زەحمەتە وا بەزوویی مووسڵ ببێتەوە سەبەتەی جارانی نانی عێراق، بۆیە رەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستی بە هەرێمی کوردستان بێ.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "شارەکانی عێراق بە گشتی و مووسڵ بەتایبەتی ئێستا بوونەتە بازاڕێکی باش بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی سەوزەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، رۆژانە بە هەزاران تۆن لە بەرهەمی خۆماڵی و ئەو میوەشی لە تورکیا و ئێرانەوە هاوردە دەکرێ، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ".

بەهۆی کەمیی کۆگا بۆ هەڵگرتن لە وەرزی پێگەیشتن، جووتیاران بە ناچاری سەرجەم بەرهەمەکانیان لەیەک کاتدا رەوانەی بازاڕ دەکەن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی خستنەڕوو لە پێویستیی ناوەخۆ زیاتر بێت و نرخ دابەزێت، لەو حاڵەتەشدا جووتیاران زەرەرێکی زۆر دەکەن.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "بۆ هاوسەنگکردنی نرخ، ئاسانکاریمان بۆ جووتیاران کردووە بەرهەمە زیادەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق بکەن. بۆ پارێزگاری لەو رێگە بازرگانییەش، هەمیشە لە پەیوەندیداین لەگەڵ بەرپرسانی عێراق تاوەکو گرفت نەکەوێتە ئەم رێگەیە، چونکە دڵنیاین هەر گرفتێک رووبدات بەهۆی ساغنەبوونەوەی بەرهەم زیانی گەورە بە جووتیاران دەگات".

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت بەپێی بەدواداچوونیان دەرکەوتووە، بەهۆی هەناردەکردنی بەرهەم بۆ مووسڵ و شارەکانی عێراق، نرخی هەندێ بەرهەمی خۆماڵی بەرزبووەتەوە، بۆ نموونە پێشتر لە وەرزی پێگەیشتنی شووتیدا نرخی کلیۆیەکی بۆ 300 دینار دادەبەزی، بەڵام ئێستا کیلۆیەک شووتی بە 600 دینارە، نرخی کیلۆیەک خەیار 150 دینار بوو، بەڵام ئێستا بۆ سەرووی 350 دینار بەرزبووەتەوە.

بەهۆی نزیکیی هەردوو شاری هەولێر و دهۆک لە مووسڵ، جووتیاران و بازرگانانی ئەو دوو پارێزگایە زیاتر سوودمەندن لەو خواستەی ئێستا لە شاری مووسڵ بۆ بەرهەمەکانی سەوزە و میوە هەیە، ئێستا رۆژانە بەسەتان بارهەڵگر لەو دوو شارە بەرەو مووسڵ دەکەونەڕێ.

سەلام پۆلیس، خاوەنی نووسینگەی دەشتی هەولێر، بۆ کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە گومرگی سەوزەو میوەی هەولێر، دەڵێت "ئێستا رۆژانە زیاتر لە 300 بارهەڵگر لە گومرگی هەولێرەوە تەماتە، پەتاتە، پیاز ، بیبەر، باینجان، شووتی، کاڵەک، مۆز، سێو، قەیسی، خۆخ، هەڵوژە و پرتەقاڵ و چەندین میوەی دیکە کە لەتورکیا و ئێرانەوە هاوردە دەکرێن، جارێکی دیکە بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرێن".

بە گوتەی ئەو خاوەن نووسینگەیە، رۆژانە زیاتر لە 30 هەزار تۆن سەوزە و میوە لە هەولێرەوە بۆ شارەکانی عێراق بەگشتی هەناردە دەکرێ کە زیاتر لە 30%ی ئەو بەرهەمە بۆ شاری مووسڵ دەچێ، بۆیە دەتوانین بڵێین رۆژانە نزیکەی 1000 تۆن سەوزە و میوە لە گومرگی هەولێرەوە بۆ مووسڵ دەچێت".

بەهۆی ئەو وێرانکارییەی لە شاری مووسڵ روویداوە، هێشتا گومرگی مووسڵ نەکەوتووەتەوە سەرپێی خۆی، بەڵام بۆ ئاڵوگۆڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە نزیک گۆگجەلی لە دەرەوەی شاری مووسڵ گومرگێکی کاتی دامەزراوە، رۆژانە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی هەناردەی ئەو بازاڕە دەکرێ، لەوێشەوە بۆ شاری مووسڵ و دەوروبەری دەگوازرێتەوە.

بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی کە لە ناوخۆ زیادن، وەزارەتی کشتوکاڵ دەیەوێ لە رێگەی کونسوڵی وڵاتان، لە دەرەوە بازاڕیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام تاوەکوو ئێستا ئەم هەوڵەی وەزارەتی کشتوکاڵ سەری نەگرتووە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "شاری مووسڵ لەلایەک لەڕووی جوگرافییەوە هاوسنوورە لەگەڵ شارەکانی هەولێر و دهۆک و بەتێچووی کەم دەتوانرێت بەرهەمەکانی پێگات، لەلایەکی دیکەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی تووشی بووە، وەک پێویست کشتوکاڵی تێدا نەکراوە، بۆیە گرفتیان لەدەستکەوتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەیە، ئەمەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەگشتی و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتایبەت لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەو شارە زیاتر دەکات".

گوتیشی: "لە هەناردەکردنی بەرهەمە هاوردەکراوەکانی تورکیا و ئێران بۆ مووسڵ و شارەکانی عێراق، لەلایەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەرگرتنی باج سوودمەند دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە بووەتە هۆی رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هەندێ کەس، بۆیە ئاسانکارییەکی زۆرمان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە کردووە".

### عێراق بە خەیاری سلێمانی دەژی

حاجی شەماڵ عومەر، خاوەنی نووسینگەی شەماڵ بۆ کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە گومرگی سەوزە و میوەی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ئێستا زۆر زیاتر لە جاران خەیار و باینجان هەناردەی شارەکانی عێراق بە تایبەتی مووسڵ دەکرێت. رۆژانە نزیکەی 800 تۆن خەیار دەگاتە گومرگی سلێمانی، 98%ی بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات. بۆیە ئەگەر رۆژێک رێگەی شارەکانی عێراق بگیرێ، جووتیاران دەبێ بەرهەمەکانیان فڕێ بدەن". بەگوتەی شەماڵ عومەر، پێشتر رۆژانە 150 تاوەکو 200 تۆن خەیار لە سلێمانییەوە بۆ مووسڵ دەچوو، بەڵام بەهۆی پێگەیشتنی خەیاری ناوچەی رەبیعە، ئێستا رۆژانە لە سلێمانییەوە هەر 30 تۆن خەیار بۆ مووسڵ دەڕوات.

# کوردستان... خەونی کارەبای بەردەوام!



## کێشەی کارەبا.. هۆکار و چارەسەر

سیروان محەممەد

### بەشی یەکەم

کارەبا، یەکێکە لەو شتانەی بە درێژایی 26 ساڵی ڕابردوو، زۆرترین قسە و باسی لەسەر کراوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تەمەنی ئەم کێشەیە یەکسانە بە تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەدرێژایی ئەو مێژووە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا نەدۆزراوەتەوە. ئەگەر لە هەندێک قۆناغیشدا بە کاتی چارەسەر بووبێت، ئەوا لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک مەکرەمە و پاداشت بە خەڵک فرۆشراوە، نەبوونیشی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و دژە دەسەڵاتەوە وەکوو کارتی گوشار و خاڵی لاوازی حکومەت بەکارهاتووە.

بۆیە زۆرجار لە وادەی هەڵبژاردنەکاندا بەپەلە و بێ بەرنامە زۆرترین خەرجی بۆ کەرتی کارەبا تەرخان کراوە، دواتر بووەتە بارێکی گران لەسەر شانی حکومەت، کێشەکەش بەبێ چارەسەری بنەڕەتی ماوەتەوە.

### سەرەتای کێشەی کارەبا

لە دوای ڕاپەڕینەوە تاوەکوو ساڵی 2006، تاکە سەرچاوەی وزەی کارەبا لە کوردستاندا جگە لە پارێزگای دهۆک، هەردوو وێستگەی کارۆئاویی دوکان و دەربەندیخان بوو. دواتر بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا درایە کەرتی تایبەت، لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دامەزران و توانای ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، لەگەڵیدا کاژێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی زیادی کرد، بەڵام بە خەرجییەکی زۆر بێ بەرنامە.

### هاوکێشەی خواست و خستنەڕووی کارەبا

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبادا، حکومەت دەستی کرد بە گەیاندنی کارەبا بۆ شار و شارۆچکە و گوندەکان، بەهۆی باشبوونی گوزەرانی خەڵکیش، خواست لەسەر کارەبا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەزیادبووندا بوو، بە شێوەیەک هەمیشە خواست لەسەر کارەبا لە پێش خستنەڕووی کارەبا بووە.

> سالانە 480 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان دەڕوات

بڕوانە (خشتەی دوو، ڕێژەی زیادبوونی بەشداربووانی کارەبا لە سنووری پارێزگای سلێمانی لەنێوان 2007 بۆ 2016).

بەهۆی بەرزیی نرخی نەوت، حکومەت لە ساڵی 2013 پارەیەکی زۆری بۆ ئەو کەرتە تەرخان کرد و لە وەرزی هاویندا کاژێرەکانی پێدانی کارەبا گەیشتە 23 کاژێر، بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی قەیرانی دارایی، بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕووی کارەبا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر بوو، بە داخەوە لە وەرزی زستانی ڕابردوودا کارەبای نیشتمانی بۆ سێ کاژێر دابەزی (خشتەی یەک، تێکڕای کارەبا بۆ چوار ساڵ لە پارێزگای سلێمانی).

### کێشەکە چییە؟

**1- نەبوونی سیاسەتی وزە (Energy policy):**

لە هەموو دنیادا، وزەی کارەبا لە کۆی وزەکانی دیکە جیاناکرێتەوە و گرانترین جۆری وزەیە، بۆیە دەبێت حکومەت لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی وزەدا سەیری وزەی کارەبا بکات، بۆ نموونە دەبێت بزانێت ئایا گەرمکردنی ئاوی ماڵان کە ئێستا لەڕێگەی وزەی کارەباوە زۆر گران دەکەوێت لەسەر حکومەت وەک لەوەی بە غاز بێت، ئایا حکومەت دەزانێت ساڵانە چەند لە وزەی کارەبا بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان دەڕوات؟ بەپێی داتاکان (360) دۆلار خەرجی کارەبای بەرهەمهاتووە بۆ بۆیلەری هەر هاوبەشێک. ئەگەر ئەو ژمارەیە جارانی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بکەین لە کوردستان کە 1.35 ملیۆن هاوبەشە، ئەوا 480 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان دەڕوات.

> ئەگەر ئاوی ماڵان بە غاز گەرم بکرێ لە جیاتی کارەبا، ساڵانە 422 ملیۆن دۆلار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

ئەی ئەگەر ئاوی ماڵان بە غاز گەرم بکرێ؟

ئەگەر ماڵێک ئاو بە غاز گەرم بکات، ساڵانە هەشت بوتڵ غازی دەوێت. ئەگەر نرخی بوتڵێک غاز 7.5 هەزار دینار بێ (8×7.5 دینار = 60 هەزار دینار) لە ساڵێکدا. بۆ کۆی هاوبەشانی کارەبا کە 1.35 ملیۆن هاوبەش هەیە، دەکاتە 81 ملیار دینار کە بە دۆلار دەکاتە 64 ملیۆن دۆلار. واتە ئەگەر حکومەت بڕیار بدات ئاوی ماڵان بە غاز گەرم بکرێ لە جیاتی کارەبا، 422 ملیۆن دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە.

بۆیە دەبێت حکومەت بەرنامەی گونجاو دابنێت بۆ گۆڕینی سیستمی گەرمکردنی ئاوی ماڵان لە وزەی کارەباوە بۆ وزەکانی دیکەی وەک غاز، یان وزەی خۆر و چەند سیستمێکی دیکەی ئاو گەرمکرن کە زۆر ئاسانن و تێچوویان کەمە، بەوەش بارگرانیی سەر کارەبا زۆر کەم دەبێتەوە.

بێگومان ئەم بەراوردە بۆ گەرمکردنی ماڵانیش ڕاستە، واتە دەبێت سیستمی گەرمکردن گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بۆ نموونە حکومەت دیزاین و دروستکردنی خانوو و ئەو کەرەستانەی بەکاردەهێنرێن بکاتە مەرجی پێدانی کارەبا.

لێرەدا پێویستە حکومەت سیاسەتێکی وردی وزە دابڕێژێ، بەردەوام کاربکات بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی کارەبا، چونکە گرنگترین جۆری وزەیە و بەرهەمهێنانی و گواستنەوەی و دابەشکردنی و بەڕێوەبردنی خەرجییەکی زۆری دەوێت، بۆیە دەبێت هەمیشە بەدوای جێگرەوەکانیدا بگەڕێ.

**تێکڕای بوونی کارەبای سلێمانی لە ساڵانی 2013 تاوەکوو 2016**

| 2016 | | 2015 | | 2014 | | 2013 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| supply load | AV. time on | supply load | AV. time on | supply load | AV. time on | supply load | AV. time on | Month |
| | 10:56 | 968 | 14:38 | 1011 | 19:06 | 913 | 19:14 | January |
| | ؟ | 975 | 16:13 | 966 | 18:27 | 885 | 21:13 | February |
| | 11:37 | 902 | 19:31 | 857 | 21:27 | 783 | 22:22 | March |
| | 18:14 | 782 | 22:24 | 763 | 22:59 | 637 | 23:26 | April |
| | 20:28 | 747 | 22:18 | 759 | 11:23 | 631 | 23:26 | May |
| | 17:19 | 806 | 19:22 | 848 | 21:53 | 804 | 23:23 | June |
| | 16:51 | 862 | 18:04 | 889 | 20:18 | 895 | 23:18 | July |
| | 16:40 | 866 | 17:35 | 870 | 20:13 | 891 | 23:29 | August |
| | 21:32 | 805 | 20:29 | 808 | 22:44 | 785 | 23:37 | September |
| | 23:12 | 721 | 21:51 | 708 | 23:27 | 652 | 23:34 | October |
| | 15:48 | 765 | 19:18 | 859 | 17:55 | 812 | 23:16 | November |
| | 08:29 | 790 | 20:04 | 802 | 16:31 | 995 | 19:50 | December |
| | 13:27 | 833 | 19:46 | 845 | 20:27 | 803 | 22:29 | Average |

**2- کۆنی و خراپیی بەڕێوەبردنی کەرتی کارەبا:**

یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی کەرتی کارەبا، سیستمی بەڕێوەبردنە. کەرتی کارەبا ڕۆژ بەڕۆژ گەورە و فراوان دەبێت و خەرجییەکانی زیاتر دەبێت، بەڵام هەمیشە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵدا کراوە، دەیان کادر و کەسانی شارەزای بواری کارەبا لە لوتکەی توانا و داهێناندا بوون، کەچی دوور لە ویستی خۆیان خانەنشین کراون.

جگە لەوەش وەزارەتی کارەبا هەمیشە لەسەر مێزی ڕێککەوتنە سیاسییەکان بووە، وەک پشک بەم حیزب و بەو حیزب دراوە. لەکاتێکدا دەبووایە بەشێوەیەکی تەکنیکی وەک خزمەتگوزارییەکی گشتی مامەڵەی لەگەڵ کرابا. وەزارەتی کارەبا پڕکراوە لە فەرمانبەری زیادەی ناپێویست کە ئەوەش خەرجییەکانی کارەبای زیاتر کردووە.

ڕژێمی پێشووی عێراق وەک کۆمپانیایەکی سەربەخۆ و قازانجکەر مامەڵەی لەگەڵ کەرتی کارەبا دەکرد، تێچووی تەواوی (یەکە)ی کارەبای هەژمار کردبوو و پەراوێزێکی قازانجیشی دانابوو، واتە کارەبا نەک زەرەر، بەڵکو قازانجیشی دەکرد. فەرمانبەرانی کارەبا جگەی لەوەی مووچەیان لەسەر داهاتی کارەبا بوو، ساڵانە ڕێژەیەک قازانجیشیان وەردەگرت.

**3- نەبوونی یاسای پێدانی کارەبا:**

لە کوردستان یاسای پەسەندکراوی تایبەت بە پێدانی کارەبا بە هاوبەشە جۆربەجۆرەکان نییە، واتە کارەبا ئەو کەرتە گەورە و ئاڵۆز و پڕ خەرجییە، یاسای نییە. جگە لە چەند ڕێنماییەکی کرچ و کاڵ کە حکومەت تا پێوەرەکە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت، لە دوای (پێوەری کارەبا) هاوبەش ئازادە چۆن دەیبەستێ و چۆن بەکاری دەهێنێ.

نەبوونی یاسای پێدانی کارەبا، بووەتە هۆی بەفیڕۆچوونێکی لەڕادەبەدەری کارەبا. جگە لە حاڵەتی دزی و فرتوفێڵ کە پێویستە حکومەت یاسای هەبێت و لەناو ماڵدا بەرپرسیار بێت، وەک چۆن ساڵانە پشکنین بۆ سەلامەتیی ئۆتۆمبێل دەکات، بەهەمانشێوە پشکنین بۆ کارەبای ماڵان بکات، لەلایەک بۆ ڕێگرتن لە دزی و فرتوفێڵ، لەلایەکی دیکە بۆ پاراستنی سیستمی تۆڕەکانی کارەبا.

**ئاستی زیادبوونی بەشداربووانی کارەبای پارێزگای سلێمانی 2007 بۆ 2016**

| ڕێژەی زیادبوون | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە | ژمارەی بەشداربووی | ساڵ |
|---|---|---|---|
| | | 236, 610 | 2007 |
| %10 | 23327 | 259, 947 | 2008 |
| %14 | 36113 | 296, 060 | 2009 |
| %14 | 35931 | 337, 064 | 2010 |
| %11 | 40171 | 372, 995 | 2011 |
| %10 | 32741 | 408, 736 | 2012 |
| %9 | 36270 | 445, 006 | 2013 |
| %7 | 32395 | 477, 401 | 2014 |
| %6 | 29187 | 506, 588 | 2015 |
| %8 | 39052 | 545, 640 | 2016 |

**4- بۆشایی نێوان خواست و خستنەڕوو (کێشە گەورەکەی کارەبا)**

گرفتی سەرەکیی کارەبا بریتییە لە هاوکێشەی: (خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا و خستنەڕووی کارەبا)، واتە دابینکردنی کارەبای 24 کاژێری بریتییە لە یەکسانکردنی ئەم دووە. بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەپێی پێویستیی خۆیان بتوانن کارەبا بەکاربهێنن و بەردەوام کارەبا هەبێت و حکومەت بتوانێت ئەو خواستە پڕ بکاتەوە، جگە لەوەش پێویستە خستنەڕووی کارەبا بە ڕێژەی 10% زیاتر بێت لە خواست.

بەڵام ئایا لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوە ڕاستە؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام کاری کردووە، پڕۆژە و بەرنامەی ئەوە بووە کارەبا بگەیەنێتە هاووڵاتیان، بەڵام هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا نەبووە.

لە کاتێکدا دەبوو چۆن پلان و بەرنامەی بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ گوند و شار و شارۆچکە و گەڕەکەکان هەبووە، بەرنامەی بۆ چۆنیەتی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەباش هەبووایە. بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، دابەشکردن و گواستنەوەکەی هەمووی خەرجییە و گرانیشە، بەڵام نرخەکەی هەرزانە.

زۆربەی وڵاتان ساڵانە پلان دادەنێن بۆئەوەی چۆن بتوانن وا بکەن هەر هاوبەشێک ڕێژەیەک لە بەکارهێنانی کارەبا کەم بکاتەوە. بە بڕوای من ئەگەر حکومەت ئەو پلانەی هەبووایە، پێویستی بە پاشکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران نەدەبوو.

پلانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا میکانیزمی خۆی هەیە، لە ئایندەدا بە وردی باسی دەکەین.

بەپێی داتاکانی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان، ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان لە نێوان 2500 بۆ 2700 مێگاواتە، بەڵام خواست لە دەوروبەری 4500 مێگاوات کارەبایە، واتە 2000 مێگاوات کورتهێنانمان هەیە.

> ملیۆنێک و 328 هەزار و 892 دۆلار تێچووی هەر مێگاواتێک کارەبایە لە ساڵێکدا

حکومەت بۆ دابینکردنی ئەو 2500 مێگاواتە ڕووبەڕووی قەرزێکی زۆر بووەتەوە، هەر مێگاواتێک کارەبا بۆ یەک ساڵ ملیۆنێک و 328 هەزار و 892 دۆلار تێچووەکەیەتی، واتە ئەو 2500 مێگاواتە، تێچووەکەی لە ساڵێکدا دەگاتە دوو ملیار و 657 ملیۆن و 784 هەزار دۆلار کە بێگومان حکومەت بەهۆی قەیرانی داراییەوە، توانای دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی نییە.

جگە لەوەش بەپێی داتاکانی وەزارەتی کارەبا (30%)ی ئەو کارەبایەی دابین دەکرێت، ون دەبێت کە بە زمانی کارەبا پێی دەگوترێت (Losses)، ئەوەش واتە ئێمە ئەگەر 2000 مێگاواتی دیکە دابین بکەین (600) مێگاواتی ون دەبێ.

ئەی چارە؟

لە بەشی دووەمدا باسی چارەسەرەکەی دەکەین.

# گازی سروشتی... ئامرازێکی سیاسی لە نێوان ئێران و قەتەردا

**ڕووداو- هەولێر**

گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتیی جیهان لە نێوان قەتەر و ئێران لە کەنداوی عەرەبی هەڵکەوتووە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەوحە و تاران هەندێکجار سیاسەتی هاوکاری و هەندێکجاریش سیاسەتی ململانێیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کێڵگەیە پەیڕەو کردووە، بەڵام لە دوای قەیرانی سیاسیی کەنداو، گازی سروشتی بووە ئامرازێکی سیاسی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات.

قەتەر خاوەنی 26 تریلیۆن سێجا گازی سروشتیی یەدەگە و بەوپێیەش لە دوای ڕووسیا و ئێران خاوەنی گەورەترین یەدەکی گازی جیهانە. زۆربەی گازی سروشتیی قەتەر دەکەوێتە کێڵگەی باکوور کە لە نێوان قەتەر و ئێراندا هاوبەشە.

هەتا نێوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی پێشووش، قەتەر وڵاتێکی بچووکی هەناردەکاری نەوت بوو کە بازاڕێکی بچووکی نێوخۆیی و ناوچەیی هەبوو، بەڵام لە پاش هاتنە سەرکاری شێخ محەممەد بن خەلیفە ئالسانی، ئەمیری پێشووی قەتەر، لاپەڕەیەکی نوێ لە پیشەسازیی وزەی قەتەر و ئابووریی ئەو وڵاتەدا کرایەوە. ئەمیری پێشوو بە هاوکاریی وەزیری پێشووی نەوتی قەتەر پلانێکی گەورەیان بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و هەناردەکردنی گازی قەتەر بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داڕشت.

قەتەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە سنووری کێڵگەی باکوور لە سنوورە ئاوییەکانی ئەو وڵاتەدا کۆتاییان دێت، بەڵام ئێران لە ساڵی 1991ەوە، واتە بەرلەوەی قەتەر دەست بە پەرەپێدانی پیشەسازیی گاز بکات، هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی یەک لەسەر سێی گازی ئەو کێڵگەیە بە هی خۆی لە قەڵەم بدات. تاران تەنانەت ناوی لەو کێڵگەیە نا (پارسی جنووبی) کە گوزارشت لە ئێرانیبوونی کێڵگەکە دەکات.

بەڵام سزا ئابووری و بازرگانییە یەک لە دوای یەکەکان، نەبوونی کارگێڕییەکی تۆکمە و کێشەی نێوخۆیی سەبارەت بە بواری خەرجکردنی پارەی گازەکە، بۆ ماوەیەکی زۆر فریای قەتەر کەوت و پڕۆژەکانی ئێران لەو کێڵگەیە دواکەوتن. ئێرانییەکان کۆک نەبوون لەسەر ئەوەی ئەو گازە بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی تەرخان بکەن یان ڕەوانەی پیشەسازیی پێترۆکیمیایی بکەن یان لەڕێگەی بۆڕییەوە بۆ وڵاتانی دراوسێی هەناردە بکەن.

لەساڵی 2005 قەتەر بڕیاری دا پڕۆژەی پەرەپێدانی زیاتری کێڵگەکە ڕابگرێت، بڕیارەکە هەتا چەند مانگ لەمەوبەریش کاری پێدەکرا. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، چەند هۆکارێک بۆ ئەو بڕیارەی قەتەر هەبوو کە یەکێکیان زۆربوونی گازی سروشتی بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا و هۆکاری دووەمیشیان ئەوە بووە کە ئێران هۆشداری دابووە قەتەر چیدی پڕۆژەی نوێ لەسەر ئەو کێڵگەیە دروست نەکات، چونکە گازی دیوی ئێرانی کێڵگەکە دادەبەزێنێ.

لەساڵی 2014ەوە بەرهەمی گازی ئێران لەو کێڵگەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. لە کاتێکدا ژمارەیەک لە بەشەکانی پارسی جنوبی تەواو بوون. بەگوێرەی (بلومبێرگ)، ئێران هەتا 2020 دەتوانێ گازێکی زیاتر لە قەتەر لەو کێڵگەیە دەربهێنێت، بەڵام کێشەی تاران و دەوحە تەنیا پەیوەندی بە دەرهێنانی گازەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە جوگرافیای هەندێک لە بەشەکانەوە هەیە. بەشی 11ی پڕۆژەکە ڕێک دەکەوێتە سەر سنووری ئاویی نێوان قەتەر و ئێران، ئامانج لەو بەشەش ئەوەیە ڕێگە نەدرێت گازەکەی دیوی ئێرانی کێڵگەکە بۆ قەتەر بچێ.

لەسەرەتای مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە کۆمپانیاکانی تۆتالی فەرەنسی و نەوتی نیشتمانیی چین لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئێران ڕێککەوتن بۆ تەواوکردنی بەشی 11. ڕێککەوتنەکەی ئێران و تۆتال تەنیا دوو مانگ دوای بڕیاری وەزارەتی نەوتی قەتەر هات کە ڕایگەیاندبوو پڕۆژەی بەرهەمهێنانی نوێ لە کێڵگەی باکوور دادەمەزرێنن. حکومەتی قەتەر بە نیازە هەتا 2030 بەرهەمی گازی وڵاتەکەی 30% بەرز بکاتەوە. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا بەرپرسانی ئێکسن مۆبیل، تۆتاڵ و شێڵ ڕوویان لە قەتەر کردووە بۆ ئەوەی لە پڕۆژە نوێیەکانی حکومەتی قەتەردا بەشدار بن.

پاتریک پویان، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆتاڵ، بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند، قەتەرییەکان ئاگادارن لەو گرێبەستە و گوتی "ئەو بلۆکە گازییە کە ئێمە کاری تێدا دەکەین لە تەنیشت سنووری ئاویی قەتەرە. کاتێک چووم بۆ دەوحە ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی قەتەر باسکرد و ئەوان گوتیان کێشە نییە، چونکە ئێمە ئێوە دەناسین". شارەزایان پێیانوایە بێدەنگی و تەنانەت ڕەزامەندیی قەتەر لەسەر پڕۆژەکانی تۆتال لە ئێران ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی قەتەر نایەوێت کێشەیەکی دیکەش لەسەر کێشە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی دیکەی خۆی زیاد بکات.

هەتا ئێستا کۆمپانیای تۆتال پێشەنگە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری پڕۆژە گازییەکانی قەتەریش وەربگرێت. نزیکبوونی پڕۆژەکانی ئێران و قەتەر بەشێکی زۆر لە خەرجییەکانی هاتوچۆ و چاککردنەوە لە کۆڵ تۆتال دەکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە جیۆلۆجییەکانی دوو پڕۆژەی گازی نزیک لە یەک کارێکی ئاسانە.

بەڵام کارکردن لەو دوو پڕۆژەیە بۆ هیچ کۆمپانیایەک بێ کێشە نییە، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە بەشی زۆری کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە سعودیە و ئیماراتیش پڕۆژەیان هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو کێڵگانە لە داهاتوودا دەکرێت جێگەی کێشە و ناکۆکی گەورەی نێوان ئێران و قەتەر بن، بە تایبەتیش ئەگەر قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو جارێکی دیکە پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە.

## دۆتمیر نازێ بۆ گشتپرسی دسترە



**رووداو- هەولێر**

دۆتمیر نازێ، کچە هونەرمەندی کورد، گۆرانییەک بۆ سەربەخۆیی و گشتپرسیی کوردستان دەڵێت. دۆتمیر نازێ بە (رووداو)ی راگەیاند "گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی مافی ئێمەیە وەکو کورد، غەدرێکی گەورە دەکەین ئەگەر بڵێین نەخێر، بەڵکو دەبێ سەد جار بڵێین بەڵێ بۆ گشتپرسی". هەرچەندە دۆتمیر نازێ لە ئەورووپا دەژیت، بەڵام داوا لەخەڵک دەکات بەشداری لە گشتپرسی بکەن و دەڵێت "دەرفەتێکی زێرینمان بۆ رەخساوە و نابێ بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ بیانوویەک لە دەست خۆمانی بدەین، چونکە بە هەزاران شەهیدمان بەخشیوە بۆ ئەم رۆژە، دەبێ بە (بەڵێ بۆ گشتپرسی) رێز لە خوێنی شەهیدەکانمان بگرین".

### بەهار حەسکۆ، خانمە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان بۆ (رووداو):

# لەگەڵ هونەرمەندێکی سوید کارێکی جیهانی دەکەین



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

**بەهار حەسکۆ، خانمە گۆرانیبێژی کوردی رۆژئاوای کوردستان کە ئێستا نیشتەجێی سوێدە، دەڵێت جگە لە زمانی سوێدی هەوڵی داوە بە 25 زمانی زیندووی جیهان گۆرانی بڵێت. بەهار حەسکۆ، 26 ساڵ و خەڵکی قامشلۆ، زیاتر لە سێ ساڵە لە سوید دەژی. ئەو کە ماستەری لە زمانی ئینگلیزی خوێندووە، کەچی رووی کردووەتە میوزیک و گۆرانی و دەڵێت هەمیشە میوزیک لە هزر و خەیاڵیدا بووە تا دواجار لە سوید بەشێکی خەونەکانی دێتەدی.**

> سوێدییەکان حەز لە ستایلی من دەکەن

> گۆرانییەک بە 25 زمان تۆماردەکەم



بەهار لەبارەی دەستپێکی کاری هونەری بە (رووداو)ی گوت "لە قامشلۆ بووم کە دەستم بە گۆرانیگوتن کرد. هاورێ و دراوسێکانم بەردەوام پێیاندەگوتم دەنگت خۆشە. سەرەتا لەگەڵ گرووپێکی میوزیکی خەڵکی عەفرین بەشداریم لە کۆراڵێکدا کرد، ئەوە بووە دەستپێکی کاری هونەریم، هەر لەگەڵ ئەو گرووپەدا فێری ئامێری تەمبوور بووم و لەگەڵ گۆرانیگوتن تەمبووریشم دەژەنی".

### لە سوێد خەونەکانی دەبنە راستی

بەهار لە سوید دەرگای کاری هونەری و بەشداریکردنی لە کۆنسێرت بۆ کرایەوە پاش ئەوەی لەگەڵ گرووپێکی میوزیک و ئۆپێرای سویدی بەشداری لە چەند کارێکی هونەریدا دەکات. ئیدی رۆژ لە دوای رۆژ ناوبانگی زیاتر پەیدا دەکات. لەبارەی خانەی ئۆپێرای سویدی بە (رووداو)ی گوت "لە خانەی ئۆپێرای سویدی بە تەمبوورەکەم گۆرانیم پێشکەش دەکرد، ئەوە بووە جێی سەرنجی سویدییەکان".

سوید بۆ بەهار بازدانێکی گەورە بووە بۆ کاری هونەری، چونکە لەگەڵ ئەم گرووپەدا بۆ یەکەمجار بە زمانی سویدی گۆرانی دەڵێت و لەگەڵیشدا بە ئامێری تەمبوور گۆرانی سویدی دەڵێت. هەڵبەتە ئامێرە رۆژهەڵاتییەکان زۆر بە کەمی دەتوانرێت ئاوازی رۆژئاواییان پێ بژەنرێت، بەڵام بەهار ئەو سنوورە کاڵ دەکاتەوە و هارمۆنیاییەک لە میوزیکی کوردی و جیهانی دەسازێنێ.

### بە 25 زمان گۆرانی دەڵێت

بەهار هەر تەنیا بەزمانی سویدی گۆرانی نەگوتووە، بەڵکو دەکرێت بڵێین ژمارەیەکی پێوانەیی لە گۆرانیگوتن بە زمانە بیانییەکان تۆمار کردووە. ئەو بە زەردەخەنەوە دەڵێت "دوای ئەوەی بە زمانی سویدی گۆرانیم گوت، ئیدی هەوڵم دا بە زیاتر لە 25 زمان گۆرانی بڵێم، مەبەستم ئەوە نییە کە من 25 زمان دەزانم، بەڵام بەهۆی ئەزموون وەرگرتن، بە زیاتر لە 25 زمان گۆرانی پێشکەش دەکەم".

ئەم کارەی بەهار دەبێتە مانشێتی میدیاکانی سوید و باس لە توانا و ئەدای بەهار وەکو هونەرمەندێکی جیهانی پرۆفیشناڵ و دەگمەن دەکرێ. بەهار دەڵێت "بەهۆی ئەو تێکەڵییەی لەگەڵ خەڵکی بیانی هەمبوو، توانیم خۆم فێری گۆرانی بە 25 زمان بکەم، لە چەندین رۆژنامە و گۆڤار باس لە کارەکانی من کراوە، ئێستا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی یەک گۆرانی بە 25 زمان تۆمار بکەم، کارێکی زۆرمان بۆ کردووە و لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەم گۆرانییە ئامادە دەبێت و بڵاوی دەکەینەوە".

بەهار لەبارەی ئەم کارەی دەڵێت "میوزیک زمانێکی جیهانییە و هیچ سنوورێک ناناسێ".

ئێستاش سویدییەکان زیاتر لە کورد دەیناسن و دەیانەوێت گوێیان لە گۆرانییەکانی بێت، بەهار دەڵێت "لە سوید بەرنامەیەکی دەنگخۆشان هەبوو، بەناوی کوردستان ستارس. من توانیم ببمە یەکێک لەو سێ کەسەی لە تۆپی بەرنامەکە مانەوە و بوونە جێگای سەرنجی لیژنەی دادوەری و بینەران، ئێستا لای سویدییەکان زیاتر داواکاری لەسەر گۆرانییەکانم هەیە و حەز لە ستایلی من دەکەن".

هەرچەندە بەشێک لە ئاواتەکانی بەهار بەدی هاتوون، بەڵام هێشتا هیوا و ئامانجی دیکەی لەژیاندا هەیە. ئەو دەڵێت "هیڤی و ئامانجەکانی من زۆرن، دەمەوێت خوێندنەکەم تەواو بکەم و دکتۆرا وەربگرم. لە بواری هونەر و میوزیکیشدا ئامانجی زۆرم هەیە، ئێستا لەگەڵ یەکێک لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی سوید سەرقاڵی کارێکی نوێین کە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا دەنگدانەوەی زۆری دەبێت، ژیان وا دەخوازێ پێنگاڤی مەزن بۆ لوتکە بهاوێژین".

### ئەستێرەی لوبنانی لەیال عەبوود بۆ (رووداو):

# بۆ شەوە ئاهەنگێک 120 هەزار دۆلارم وەرگرتووە



**دەریاز یونس**
**رووداو – بەیروت**

16 ساڵ لەمەوبەر، لە بەرنامەی ستۆدیۆی فەن، دەستی بە کاری هونەری کرد، ئێستا یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی گۆرانیی لوبنانی. لەیال عەبوود بەو شێوەزارە عەرەبییانەی گۆرانیی پێ دەچرێ بووەتە ناوێکی دیار لە نێو وڵاتانی عەرەبی، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارە هونەرییەکانی خۆی و بەشێک لە نهێنییەکانی ژیانی دەکات.

**رووداو: ساڵی 2001 لە بەرنامەی ستۆدیۆ فەن دەستت بە کاری هونەری کرد، ئەزموونی بەشداریکردنت لە ستۆدیۆ فەن چۆن بوو؟**

**لەیال عەبوود:** ستۆدیۆ فەن ئەزموونێکی زۆر گەورە بوو بۆ من، ئەزموونێک بوو پڕ لە کارکردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی ببیتە هونەرمەند و ئەستێرەیەکی سەرکەوتوو. من دوای ئەوەی خوێندنی دواناوەندیم تەواو کرد، بەشداریم لەو بەرنامەیەدا کرد و هەستم کرد کە دەتوانم تێیدا بەردەوام بم، دواتر قۆناغەکانم بڕی و سەرکەوتم بەسەر پارێزگاکانی باشووری لوبنان، دواتر پێم باش بوو لە دەرگایەکی فراوانترەوە دەست بە کاری هونەری بکەم، بۆیە لەو بەرنامەیە کشامەوە، بەڵام ئەزموونێکی زۆر جوان بوو بۆ من.

**رووداو: تۆ گۆرانیت بە شێوەزاری عێراقی، سووری، میسری و هەروەها لوبنانیش تۆمار کردووە، لە بارەی ئەم شێوازانە قسەمان بۆ بکە، بۆ نموونە بۆچی گۆرانیت بە تونسی یاخود بە مەغریبی تۆمار نەکردووە؟**

**لەیال:** لە پلاندا هەیە (بەپێکەنینەوە)، هونەرمەند موڵکی هەموانە، دەبێت بە هەموو زمانێک گۆرانی بڵێت، بە هەموو شێوەزارێک، سروشتی دەنگی من وایە دەتوانم گۆرانی عێراقی زۆر بە ئاسانی بڵێم، بەشێوەزاری میسری بە هەمانشێوە، لوبنان ئەوە هەر هیچ داهێنانم تێدا کردووە، جگە لەوەش گۆرانی تایپی میللی و تایپی کلاسیکی هەیە، ئێستا پلانێکی نوێم لەبەردەستە کە گۆرانییەکی مەغریبی بە ریتم و ئیقاعی خێرا تۆمار بکەم.

**رووداو: ئەی بۆچی گۆرانی بە کوردی ناڵێیت؟**

**لەیال:** ئەوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک ناناسم تێکست و ئاوازم پێ بدات. ئەگەر تێکست و ئاوازێکی زۆر جوان هەبێت کە لەگەڵ دەنگی من بگونجێت، هیچ کێشەکم نییە و گۆرانییەک بە زمانی کوردی دەڵێم.

**رووداو: لە کلیپەکانتدا سەمای زۆر ورووژێنەر دەکەی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس باسی ئەو کلیپە بوو، هەموو باسیان دەکرد، لەیال چۆن فێری ئەم سەمایە بووە؟**

**لەیال:** من سەمام بەشێوەیەکی ئەکادیمی نەخوێندووە، بەڵام سەماکردن یەکێک لە

> گۆرانییەکی کوردی بڵاودەکەمەوە

> دەمەوێت سەردانی کوردستان بکەم

حەزەکانمە، من حەز دەکەم کاتێک لەسەر شانۆ دەردەکەوم وێنەیەکی جوان پێشکەشی هەوادارانم بکەم، لەگەڵ سەماکەرانی دیکە، هەر ئەوەشم کردووە، هەمیشە سەمای نەتەوەیی دەکەم، وەکو دەبکەی لوبنانی یا دەبکەی فۆلکلۆری لوبنانی.

**رووداو: ئێستا کار بۆ ئەلبوومێکی تازە دەکەی، ناوی ئەلبوومەکە چییە؟ چەند گۆرانییە و کێ کاری بۆ کردووی؟**

**لەیال:** ئەلبوومە نوێیەکەم 16 گۆرانییە، گۆرانی عێراقی و میسری و مەغریبی و خەلیجی تێدایە، جگە لە گۆرانی بە شێوەزاری لوبنانی، پەنا بەخوا گۆرانییەکی کوردیش ئامادە دەکەم.

**رووداو: چەند نەشتەرگەری جوانکاریت کردووە؟**

**لەیال:** بۆ لووتم نەشتەرگەریم کردووە، بۆ لەشم من هەوڵ دەدەم هەمیشە شێوەیەکی جوان و باشی هەبێت، رۆژانە وەرزش دەکەم، راهێنەرێکی تایبەتم هەیە بۆ وەرزشکردن.

**رووداو: بەڵام هەوادارانت دەڵێن نەشتەرگەریی زۆرت کردووە؟**

**لەیال:** نەخێر تەنیا بۆ لووتم نەشتەرگەریم کردووە، ئەوەش بەهۆکاری پزیشکی بوو، زۆر دەڵێن لەیال ئەو بەشەی جەستەی گەورە کردووە، بەڵام ئەساسی نییە و جوانی جەستەم بەهۆی وەرزشکردنەوەیە.

**رووداو: من بابەتێکم خوێندەوە لە یەکێک لە ماڵپەڕەکان، تۆ بۆ ئاهەنگێکی تایبەت لە بەحرەین بڕی 120 هەزار دۆلارت وەرگرتووە، ئەوە راستە؟**

**لەیال:** بەڵێ راستە، ئاهەنگێکی تایبەتی هاوژینی بوو، ئاهەنگەکە زۆر گەورە بوو، هی بنەماڵەیەکی بەناوبانگی بەحرەینی، منیش ئامادەبووم و لەوێ گۆرانیم گوت وەکو هەر ئەستێرەیەکی دیکە.

**رووداو: چۆن رۆژەکانی خۆت بەڕێ دەکەیت؟**

**لەیال:** رۆژانە زۆر کات لە نێو سروشت بەڕێدەکەم، زۆر سروشتم خۆشدەوێت، بەتایبەتی سروشتی باشووری لوبنان کە زۆر دڵڕفێنە، دار و گوڵ و دارستانی زۆر گەورەمان هەن کە موڵکی باوکمە، سێ ئەسپم هەیە و لەگەڵ کوڕەکەم و ماڵباتەکەم دەژیم. ژیان بە خۆشەویستی بەڕێدەکەین، زۆر حەزیشم لە چێشتلێنانە، چێشتلێنەرێکی باشم. شیعر دەنووسم، من شاعیرێکی باشم.

**رووداو: لە بارەی ژیانی هاوژینییەوە؟**

**لەیال:** لە هاوژینەکەم جیابوومەتەوە، ئێستا بەتەنیام.

**رووداو: دەڵێن زۆر ئیمانداری؟**

**لەیال:** ئەمە شتێکە تا مردن لەگەڵم دەمێنێتەوە، تا سەر ئێسقان کەسێکی ئیمانداریم، هەرگیز لە ماڵەوە نایەمە دەرەوە ئەگەر ئەو ئەرکانە جێبەجێ نەکەم کە لە نێوان من و خودادا هەن، ئیمانم بە خودا سروشتیی نییە، لە مانگی رەمەزاندا کار ناکەم، تەنیا ئەو کارانە دەکەم کە خێرخوازین، بۆ نموونە ئاهەنگێک بۆ منداڵان، ئاهەنگ بۆ نەخۆشەکان.

**رووداو: لە رەمەزاندا بە حیجابەوە بەشداری ئاهەنگەکان دەکەیت؟**

**لەیال:** بەڵێ، حیجاب دەپۆشم، بەڕاستمە، لە کاتی دەرچوونیش حیجاب دەپۆشم، ئەمە راستە ...... من هەست دەکەم سەرکەوتنم لە کاری هونەریدا دیاریی خودایە، بڕوام بەخودا وای لێکردووم مرۆڤێکی بەهێزتر بم.

**رووداو: چەند ئەستێرەیەکی لوبنانی بۆ ئاهەنگگێڕان هاتوونەتە کوردستان، تۆ هیچ پرۆژەیەکت هەیە بۆ سازکردنی کۆنسێرت لە کوردستان؟**

**لەیال:** ئەگەر داواکاری و بانگهێشت هەبێت بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرت ئەوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دێم و کۆنسێرت و ئاهەنگ لەوێ دەکەم. بۆ من زۆر گرنگە بێمە کوردستان، چونکە تا ئێستا سەردانی کوردستانم نەکردووە و نەهاتووم، پەنا بەخوا لە هەنگاوی داهاتوودا پرۆژەی زنجیرە کۆنسێرتێکم دەبێت و خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بێمە کوردستان و لە هەولێر کۆنسێرت بکەم. بەڵام بۆ زانیاریت کۆنسێرتێکم بۆ خەڵکی کوردستان کرد، لە قوبرسی تورکیا، خەڵکێکی زۆری کوردی دانیشتووی ئەو ناوچەیە ئامادەبوون.

**رووداو: زیاتر لە 25 هەزار کورد لە لوبنان دەژین، پەیوەندیت لەگەڵیان هەیە؟**

**لەیال:** بە دڵنیاییەوە پەیوەندیم هەیە.

**رووداو: کەواتە هاوڕێی کوردت هەن لە لوبنان بژین یان لە کوردستان؟**

**لەیال:** بەڵێ هاوڕێی زۆرم هەن لە لوبنان کە کوردن و خەڵکی کوردستانن، زۆر خۆشمدەوێن و زۆر حەز بە خواردنی کوردی دەکەم، بەڵام هیچ هاوڕێیەکم نییە لە کوردستان بژی، جگە لە تۆ.

> کەسێکی زۆر ئیماندارم

> ئەلبوومێکی نوێی گۆرانیم بڵاودەبێتەوە

رووداو
تاراوگە
ژمارە ( 466 ) – دووشەممە 2017/7/24



## ئەڵمانیا سیاسەتڤانێکی کورد سزادەدات

**رووداو – هامبۆرگ**

دادگای سزا قورسەکانی شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا سزای دوو ساڵ و نۆ مانگ زیندانی بۆ زەکی ئەروغلۆ، سیاسەتڤانی کورد دەرکرد. دانیشتنی دادگاییکردنی زەکی ئەروغلو، لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە دەستیپێکرد. داواکاری گشتی لە یەکەم دانیشتنی دادگادا داوای سزای سێ ساڵ و سێ مانگ بەندکردنی بۆ کردبوو، بەڵام دادگا بڕیاریدا بە دوو ساڵ و نۆ مانگ بەندی بکات. ناوبراو بەتۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ رق و کینە، دژایەتیکردنی گرووپێکی سیاسی و ناساندنی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا بە بکوژ، بێئەوەی بەڵگەی هەبێ. دادگایی کراوە. لە چەند ساڵی رابردوودا 11 سیاسەتڤانی کورد لەلایەن دادگاکانی ئەڵمانیاوە سزادراون.

### بە بەندکردنی هەتاهەتایی حوکم دەدرێن

# سێ کورد بە تاوانی کوشتنی ئەفغانییەک سزا دەدرێن



کوژرانی گەنجە ئەفغانییەکە لەسەر بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی بووە لەگەڵ هاوژینی پێشووی پەنابەرێکی کورد

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

دادگای باڵای ستۆکهۆڵم دوایین بڕیاری خۆی لەسەر دۆسیەی کوشتنی گەنجێکی سوێدی بە رەچەڵەک ئەفغانی دا، بکوژانی ئەو گەنجە ژمارەیان شەش کەسە، سێیان کوردی دانیشتووی ئەو شارەن و یەکێکیشیان عەرەبە و هاوژینی یەکێک لەو سێ کوردەیە. پۆلیس دەڵێت ئەو کەسە بە پلانی کەسوکاری ژن و مێردەکە کوژراوە.

ماوەیەکی زۆرە بابەتی کورد و کوشتن لەسەر شەرەف بێدەنگیی لێکراوە، بەڵام کوشتنی کورە گەنجێکی ئەفغانی و دواتر دادگاییکردنی بکوژەکان و ئاشکراکردنی ناسنامەکانیان کە زۆرینەیان کورد بوون، بابەتی (کوشتن بە پاساوی شەرەف)ی هێنایەوە نێو میدیای سوێدی. لە کاتێکدا تاوانەکە بە پلانی ژنێکی عەرەب و کەسوکارەکەی دانرابوو.

### رفاندن.. پاشان کوشتن

هەفتەی رابردوو دادگای باڵای ستۆکهۆڵم بڕیاری لەسەر تاوانبارانی کەیسی کوشتنی کورە گەنجێکی سوێدی 23 ساڵانی بەڕەچەڵەک ئەفغانی دا. تاوانبارەکان ژمارەیان شەش کەس بوو، پێنجیان بە بەندکردنی هەتاهەتایی و ئەوەی دیکەشیان بە 14 ساڵ بەندکردن سزا درا. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) چوار لەو پێنج کەسە خەڵکی باشووری کوردستانن.

مێژووی رووداوەکە بۆ ساڵێک و چوار مانگ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. دوو هەفتە دوای رفاندنی ئەو گەنجە ئەفغانییە لە ناوچەی یاقلە لە باکووری ستۆکهۆڵم، تەرمەکەی دۆزرایەوە. بەپێی بەدواداچوونی پۆلیس، قوربانییەکە لە رۆژی 2016/4/4 لەلایەن شەش کەسەوە رفێنراوە، دوای خنکاندنی تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەک فرێدراوە.

(ە.د.ر) و (ئا.د.ر) و (ب.ئا) سێ لە تاوانبارانی یەکەمی کەیسەکەن و خەڵکی باشووری کوردستانن. یەکێکی دیکەش لەوان هاوسەری (ە.د.ر)یە. بەڵام شوناس و رەچەڵەکی دوو تاوانبارەکەی دیکە نەزانراوە. هەروەها نازانرێ ئایا خزمی (ە.د.ر)ن، یان کەسی نزیکی هاوژینی (ە.د.ر)ن.

هۆکاری کوشتنی ئەم کورە گەنجەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی گەنجە ئەفغانیەکە لەگەڵ هاوژینی پێشووی (ە.د.ر) کە دوای جیابوونەوەیان، ئەم پەیوەندییە ئاشکرا بووە. ئەویش دوای بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ژنەکە و گەنجە کوژراوەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک. دواتر ئاشکرا بووە ئەو ژنە بە دزیی هاوژینەکەی، لەگەڵ گەنجە ئەفغانییەکە گەشتی کردووە، لە گەشتەکەدا وێنەیان گرتووە. لە وێنەکەدا کورە کوژراوەکە ژنەکە ماچ دەکات. بڵاوبوونەوەی ئەم وێنەیەش دوای جیابوونەوەی ژنەکە و (ە) بووە لەیەکدی، لە کاتێکیشدا بووە کە پەیوەندی لەگەڵ کورە ئەفغانییەکەش نەماوە.

پۆلیسی سوێد ئاشکرای کرد دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وێنەیە، لە رێگەی تەلەفۆنەوە ژنەکە داوای کوشتنی ئەو گەنجەی کردووە و پێشدەچێت بە پلانی هەردوولا بووبێت.

بەپێی گوتەی کەسێکی نزیکی تاوانباران بۆ (رووداو)، هاوسەرەکەی (ە) خەڵکی باشووری عێراقە و عەرەبە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو ژنە ئەو ماوەیەی لەلای (ە) بووە کێشەی گەورەیان نەبووە، بەڵام لەگەڵ یەکدی نەدەگونجان، ئەمەش هۆکاری جیابوونەوەیان بووە. بۆیە بوونی پەیوەندی ئەم ژنە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە هێشتا هاوژینی (ە) بووە جێی سەرسوڕمان بووە".

ئانیتا ڤالینبێری دادوەری کەیسەکە، رووداوەکەی بە تاوانی قورس ناوبرد و بە میدیاکانی سوێدی راگەیاند "هۆکاری سەرەکی کوشتنی گەنجە 23 ساڵەکە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە".

ڤالینبێری هەروەها گوتی: "پلاندارێژەری تاوانەکە کەسوکاری ژن و مێردەکە بوون".

بەپێی گوتەی ئەو کەسە نزیکەی بکوژەکان، ئەوان نیازیان هەیە حوکمەکە تەمییز بکەن، چونکە دانیان بە تاوانەکەدا نەناوە. ئەوەش لە کاتێکدایە هەرسێ دادوەری کەیسەکە، دڵنیان لە بەڵگەکان. وەک پۆلیسی ئەو کەیسەش بڵاوی کردووەتەوە، دوای ساڵێک و 547 کردەی بەدواداچوون، لە دووتوێی 12 هەزار لاپەڕەی لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە.

### تاوانێکی قورس، بەڵام کولتووری نییە

سینا محەمەدی، پارێزەر و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ بە (رووداو)ی گوت: "کوشتنی ئەو گەنجە بە یەکێک لە تاوانە گەورەکانی ئەمدواییەی سوێد دادەنرێت، چونکە پیلانی کوشتن، رفاندن، خنکاندن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و لە سوێد کەم حاڵەتی لەو شێوەیە هەیە و دەچێتە خانەی کارێکی مافیاییەوە".

محەمەدی رەتیکردەوە ئەم رووداوە کاریگەری لەسەر ناوبانگی کورد هەبێت و گوتی: "تەنیا کورد نییە کە تاوانی لەو شێوەیە بکەن، بەراورد لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی سوێد، کەمترین تاوانی لەو شێوەیە لەلایەن کوردەوە ئەنجام دەدرێ".

**11**

### تاوانی کوشتن بەناوی ناموسپەرستی

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەماوەی 17 ساڵی رابردوودا 11 حاڵەتی کوشتن و نزیکەی 50 حاڵەتی هێنانەوەی بەزۆر و رفاندنی منداڵ بەمەبەستی بەزۆر بەشوودان لەلایەن کوردی دانیشتووی سوێدەوە هەبووە کە هەمووی دەچێتە خانەی تاوان بە پاساوی پاراستنی شەرەف. دیارترینیان کوشتنی کچە چالاکڤانی دیاری سوێد فادیمە شاهیندال بوو کە رۆژی کوشتنەکەی کرایە رۆژی داکۆکی لە مافی قوربانیانی کولتووری ناموسپەرستی. بۆ ئەو مەبەستەش رێکخراوێکی نیشتمانیی سوێدی بەناوی (هەرگیز پیلا و فادیمە لەبیرناکەین GAPF) دامەزرا کە بە دیارترین و سەرەکیترین رێکخراوی ئەو بوارە دادەنرێت، زۆرینەی کادر و کارمەندانی سوێدین و لەلایەن ژنێکی کوردەوە بەڕێوەدەبرێت.

### بەدواداچوونێکی رووداو..

# هاوسەرگیریی نێوان کورد و مەغریبی زیاترە لە دهۆکی و سلێمانی

### کۆمەڵناسێک: لە داهاتوودا هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و مەغریبی زۆر تێکەڵ دەبن

**رووداو – لەندەن، ستۆکهۆڵم**

"دەگمەنە لە مارکێتێک، چێشتخانەیەکی کوردان، یان لە ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردی ئەورووپادا خێزانێکی تێکەڵی کورد و مەغریبی نەبینی". ئەمە قسەی کۆمەڵناسێکی کوردی نیشتەجێی سوێدە کە باس لە زیادبوونی دیاردەی هاوسەرگیری لە نێوان پیاوی کوردی تاراوگەنشین و کچانی مەغریبی دەکات.

### سوێدی بۆ تایلاند و کوردیش بۆ مەغریب

لەگەڵ نزمبوونەوەی پلەی گەرما لە سوێد، نرخی تکتی فڕۆکەی تایلاند و مەغریب زۆر بەرز دەبێتەوە.

وەک چۆن زۆربەی پیاوە سوێدییەکان گەشتی تایلاند دەکەن بەمەبەستی دۆزینەوەی هاوڕێی کچ، پیاوانی کوردیش روو لە مەغریب دەکەن.

شەیدابوونی پیاوی بەساڵاچووی سوێدی بە کچانی تایلاندی و ژنانی ئەوان بە پیاوی ئەفریقی شتێکی شاراوە نییە. هەروەها شەیدابوونی پیاوانی کوردیش بە کچانی مەغریبی.

بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو) تەنیا لە سێ شاری سوێد 55 حاڵەتی هاوسەرگیریی کورد و مەغریبی هەیە، دەیان حاڵەتی هاوشێوەش لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا هەیە.

کارزان کامیل، 18 ساڵە لە سوێد دەژی. پێنج ساڵە لەگەڵ کچێکی مەغریبی بوونەتە هاوژین. کارزان دەڵێت: "کارەکە رێکەوت بوو، پێشتر بەنیاز بووم کچێکی کورد بخوازم، بەڵام ئێستا لەگەڵ هاوژینە مەغریبییەکەم زۆر خۆشحاڵم".

نەجلا هاوژینی کارزانە و خەڵکی شاری کازابلانکای مەغریبە. هێندە لە هاوژینە کوردەکەی رازییە دەڵێ: "خۆزگە زووتر بمناسیبایە، لەو کاتەوە هەست بە خۆشیی ژیان دەکەم کە کارزانم ناسیوە، هەموو حەسوودیم پێدەبەن کە پیاوێکی وام هەیە".

فاتیمە و ئەحمەد سەرەتا هاوڕێ بوون، دواتر دەبنە هاوژین و ئێستا منداڵێکیان هەیە، ئەوان خۆیان بە نموونەی خێزانێکی سەرکەوتووی بەریتانیا دەزانن و ئێستا پێکەوە رێستورانتێک بەڕێوەدەبەن.

ئەحمەد زرار، 16 ساڵە لە بەریتانیا دەژی و هاوژینی پێشووی کە لێی جیابووەتەوە کورد بووە. ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت: "بەتەما نەبووم ژن بهێنمەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ساڵانە گەشتم بۆ مەغریب دەکرد، لەوێ بەرێکەوت فاتیمەم ناسی، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ژنێکی مەغریبی ببێتە قسمەتم، بەڵام ئەو هەموو ژیانی غەریبایەتی لەبیر بردمەوە".

فاتیمە ئەبلەحۆ لە خێزانێکی سەرمایەداری مەغریبیە، دەڵێت "تەنیا خۆشەویستیی ئەحمەد وای لێکردم لەندەن هەڵبژێرم. باوکم هێندەی خۆشدەویستم قەت نەیدەهێشت تەنانەت سەفەر بۆ شارەکانی دیکەی مەغریبیش بکەم".

ئەوان بە پێکەنینەوە چیرۆکی ژیانی خۆیان گێڕایەوە کە چەند جارێک لە لەندەنەوە ئەحمەد و کەسوکاری چوونەتە ریبات تا قەناعەتیان بە باوکی فاتیمە کردووە. فاتیمە گوتی: "پاش ئێمە، زینەی پوورزاشم شووی بە کوردێک کرد لە سوێد و ئێستا ژیانێکی خۆشیان هەیە".

سەعید حەمەفەرەج، کۆمەڵناسێکی کوردی دانیشتووی سوێد، پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی تێکەڵبوونی کورد و کۆمەڵگەکانی دیکە لەڕێی هاوسەرگیرییەوە کردووە و دەڵێت "رێژەی هاوسەرگیری لەنێوان کورد و مەغریبی زۆر زیاترە لە پێکەوەنانی خێزان لەنێوان پیاوی کورد و ژنی سوێدی".

ئەو کە بۆ لێکۆڵینەوەکەی 25 خێزانی بە نموونە وەرگرتووە، دەڵێت: "وێڕای بوونی کێشە و لەمپەری بەردەم تێکەڵبوون، بەڵام زۆرینەی حاڵەتەکان سەرکەوتوو بوون".

سەعید حەمەفەرەج دەڵێت کورد پێشتر یەکێک بووە لە کۆمەڵگە داخراوەکان، تەنانەت لە ناوخۆیشیان کەمتر هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام ئێستا وا نییە "رێژەی تێکەڵاویی کورد و مەغریبی لە رێگەی دروستکردنی خێزان زۆر زیاترە لە رێژەی هاوسەرگیریی نێوان ژن و پیاوی دهۆکی و سلێمانی".

بەڕای ئەو لێکۆڵەرە کوردەی سوێد، خێزانی تێکەڵ لە کورد و مەغریبی زۆر سەرکەوتوو دەبن "کورد کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە و ژنانی مەغریبیش کراوەن، ئەم تێکەڵاوییە کولتووری نوێ دروست دەکات، نەوەی داهاتووی ئەم میسکە زۆر زیرەک و سەرکەوتوو دەبن".

گوتیشی "لە داهاتوودا کۆمەڵگەی کوردی و مەغریبی زۆر تێکەڵ دەبن".

### "ئەمە خۆکوشتنی کچانی مەغریبە!"

محەممەد کزێمی کۆمەڵناسێکی مەغریبیی دانیشتووی سوێدە لە ماڵپەڕی (هێسپرێس) کە ماڵپەڕێکی ناسراوی مەغریبییە، بابەتێکی لەبارەی دیاردەی هاوسەرگیریی نێوان پیاوانی کورد و ژنانی مەغریبی نووسیوە و دەڵێت "هاوسەرێتی کچە مەغریبییەکان لەگەڵ پیاوانی کورد خۆکوشتنە". کزێمی باس لە بەسەرهاتی کچێکی مەغریبی بەناوی خەدیجە دەکات و دەڵێت: "هاوژینە کوردەکەی ئەوەندە لەگەڵی خراپ بووە، تەنانەت بواری بۆ نەهێشتووەتەوە ئیقامە وەربگرێ و دواتر دیپۆرت کراوەتەوە".

کزێمی دەشڵێت: "کچە مەغریبییەکان دڵ پاکن، بەڵام پیاوی کورد لەگەڵیان خراپن و تەنیا کاتی خۆیانیان پێ بەسەردەبەن".

بابەتەکەی ئەو نووسەرە گفتوگۆی زۆری هەڵگرتووە، زیاتر لە 500 کۆمێنتی بۆ نووسراوە. زۆربەیان بۆچوونەکەی کزێمی رەتدەکەنەوە. یەکێک لەوان دەڵێت: "خۆزگە منیش پیاوەکەم کورد بووایە".

یەکێکی دیکە لە وەڵامدا باسی سەرکەوتوویی ژیانی خوشکەکەی کردووە لەگەڵ هاوسەرە کوردەکەی.



تەنیا لە سێ شاری سوێد 55 حاڵەتی هاوسەرگیریی کورد و مەغریبی هەیە

ڕووداو ژنان
ژمارە ( 466 ) - دووشەممە 2017/7/24



### ئافرەتێک خۆی دەسووتێنێ

**عومەرچاوشین/ ڕووداو- ڕانیە**

ڕۆژی 2017/7/22 ئافرەتێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (سەدا.ح) دانیشتووی گەڕەکی ئازادی لە قەزای ڕانیە، لە نێو ماڵەکەیدا نەوتی بەخۆیدا کردو ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئافرەتە بۆ چارەسەر هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی ڕانیە، دوای چارەسەری سەرەتایی، بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی". نینا محەممەد، بەرپرسی بەدواداچوون لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین گوتی "ئەو ژنە 40%ی جەستەی سووتاوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا گوتوویەتی بێزار بووە لە ژیان، بۆیە خۆی سووتاندووە".

# ئافرەتێکی تەمەن 26 ساڵ خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

عومەر دەڵێت لە بازاڕ سەرقاڵی کڕینی پێداویستی ماڵەوە بووە کە کچە بچووکەکەی تەلەفۆنی بۆ کردووە و هاواری کردووە بە فریایان بکەوێ چونکە خوشکە گەورەکەی خەریکە خۆی دەسووتێنێ، بەڵام هەتا عومەر گەیشتەوە ماڵەوە کار لە کار ترازابوو، کچەکەی خۆی سووتاندبوو.

ڕۆژی 2017/7/17 ئافرەتێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی شەوین عومەر، دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی ڕانیە لە گەرماوی ماڵەکەیاندا نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لەخۆی بەردا، دوای پێنج ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە لەبارەی خۆسووتاندنی ئەو ئافرەتە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە سەرەتا هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، پاشان بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی". گوتیشی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوت ئەو کچە نەوتی بەخۆیدا کردووە و پاشان ئاگری لە خۆی بەرداوە".

عومەر حاجی، باوکی شەوین باسی خۆسووتاندنی کچەی دەکات و دەڵێت "دوای نوێژی عەسر چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک کەلوپەل و پێداویستی بۆ ماڵەوە بکڕم، یەکێک لە منداڵەکان تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی بابە شەوین چووەتە حەمام و دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، دەبەیەک نەوتی پێیە و دەڵێت خۆم دەسووتێنم".

عومەر بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام تا دەگاتەوە، شەوین کۆتایی بە هەموو شتێک هێنابوو، ئاگری لە خۆی بەردابوو. عومەر سەری سوڕماوە لەو کارەی کچەکەی و دەڵێت "پێم سەیرە، نازانم بۆچی خۆی سووتاند، ئەو لە ژیانیدا باسی خۆسووتاندن و خۆکوشتنی نەکردبوو، ئەگەرنا قەت جێمنەدەهێشت".

عومەر دەڵێت کچەکەی بەر لەوەی خۆی بسووتێنێ هیچ کێشەی نەبووە، تەنانەت پێش ڕووداوەکە میوانی هەبووە، لەگەڵ میوانەکەی بە یەکەوە دانیشتوون و میوەیان خواردووە، دوای ڕۆیشتنی میوانەکە ئاگری لە خۆی بەرداوە.

عومەر ڕەتیکردەوە کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ، یان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی هەبووبێ، بەڵام زۆرجار لەلای باوک و خوشک و براکانی خۆی بێزاریی دەربڕیوە و گوتوویەتی "بێزارم لەو ژیانە، نازانم بۆچی دەژیم". بۆیە باوکی دەڵێت "زۆر نازم هەڵدەگرت، بەردەوام پێمدەگوت لە چی بێزاری؟ چیت پێویستە بۆت بکەم، بەڵام نەیدەگوت چ شتێک بێزاری کردووە".

شەوین پێنج ساڵ لەمەوبەر شووی بە ئامۆزایەکی خۆی کردووە، بەڵام تەمەنی شووکردنەکەی زۆر کورت بووە و لە ئامۆزاکەی جیابووەتەوە، دواتریش شووی نەکردووەتەوە. عومەر گوتی "کچەکەم بە خواستی خۆی شووی بە ئامۆزاکەی کرد، بەڵام لەگەڵ یەکدی نەگونجان، دوای پێنج مانگ لە شووکردنی لێی جیابووەوە".

عومەر سکاڵای لەسەر کەس نییە، چونکە پێیوایە ڕووداوەکە تەنیا پەیوەندی بە کچەکەیەوە هەیە و دەڵێت "تەنانەت کچەکەم لە ئیفادەی پۆلیس گوتبووی هیچ کێشەم لەگەڵ کەس نییە و زۆریش پەشیمانم، چونکە باوکم بەهۆی منەوە گرفتار دەبێ".



### ئاگر 10 ئافرەتی سووتاندووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕانیە کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 10 ئافرەت بەهۆی سووتان و خۆسووتاندن گیانیان لە دەستداوە. شەش لەو ئافرەتانە سووتان و چواریشیان خۆیان سووتاندووە. نینا محەممەد، بەرپرسی بەشی بەدواداچوون لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین، لەبارەی خۆسووتاندنی شەوین بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئافرەتە %45ی جەستەی سووتابوو. لە ئیفادەکەیدا دەڵێت لە ژیان بێزار بووە بۆیە خۆی سووتاندووە".

## لەژێر نەشتەرگەریدا مردووە

# پیاوێک هەڕەشەی وەرگرتنەوەی تۆڵەی ژنەکەی لە پزیشکێک دەکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

سنوور محەممەد، تەمەن 29 ساڵ، ڕۆژی 2017/7/15 بەهۆی ئازارێک لە سکیدا سەردانی پزیشکی کرد، دوو ڕۆژ دواتر لەلایەن پزیشکێکەوە نەشتەرگەری بۆ کرا، بەڵام لە نەشتەرگەرییەکە دەرنەچوو.

سەفین ڕەزاق، هاوژینی سنوور کە پێشمەرگەیە و باوکی پێنج منداڵە، دەڵێت "هاوژینەکەم گوتی سکم ئازاری هەیە، بردمە نەخۆشخانەی باسرمە، پزیشکەکە گوتی بەرد لە زراویدا هەیە، دەرمانی پێدا، دواتر پشکنینم بۆ کردەوە، هەر وەکو خۆی بوو، بردمە شەقڵاوە و لەوێش پزیشک دەرمانی پێدا، بەڵام گوتی نابێت نەشتەرگەری بۆ بکەن".

سنوور بە چارەسەری پزیشکەکەی شەقڵاوەش چاک نابێ، بۆیە لەسەر داوای دایکی سنوور دەیباتە لای پزیشکێک کە ناسیاویان بووە.

سەفین دەڵێ: "پزیشکەکە گوتی دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت، پێمگوت پزیشکێک لە شەقڵاوە دەڵێت ئیلتیهابی زۆرە و نابێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام پزیشکەکە پێداگریی کرد و گوتی من پشکنینم بۆ کردووە، ئیلتیهابێکی کەمی هەیە، نەشتەرگەری بۆ دەکەم".

کاژێر 9:40 خولەکی ڕۆژی 2017/7/17 سنوور دەبردرێتە هۆڵی نەشتەرگەری، بەڵام کاژێر 11:30 خولەک تەرمەکەی دەدەنەوە بە هاوسەرەکەی. سەفین دەڵێ "پزیشکەکان گوتیان سنوور لەکاتی بەنجکردن گیانی لەدەستداوە".

ئێستاش سکاڵای لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار کردووە کە ئەو ڕۆژە لە هۆڵی نەشتەرگەری بوون. سەفین گوتی "چاوەڕێی ئەنجامی پزیشکی دادیم و یاسام بە سەروەر داناوە، ئەگەر یاسا حەقەکەم وەرنەگرێتەوە، ئەوا خۆم وەریدەگرمەوە".

دکتۆر هەڵمەت عەبدولکەریم، پزیشکی سڕکردن کە کاری سڕکردن و ئامادەکردنی سنووری بۆ نەشتەرگەرییەکە کردووە، دەڵێت: "سنوور هێڵکاریی دڵ و پشکنینەکانی بۆ کرا، دواتر بردمانە هۆڵی نەشتەرگەری، کاری سڕکردن دەستپێکرد و هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنانەت کاتێک دەست بە نەشتەرگەرییەکەش کرا ئاسایی بوو، بەڵام دوای 15 خولەک کتوپڕ دڵی لە لێدان وەستا".

ئەو پزیشکەی نەشتەرگەرییەکەی بۆ سنوور کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "کە نەخۆشەکە هاتە لای من، دوو ڕۆژ بوو ئازاری هەبوو، پێشتر بردبوویانە نەخۆشخانەی شەقڵاوە، دەرزی لێدرابوو، بەڵام ئازارەکەی هەر مابوو، هەموو پزیشکەکان دەزانن ئەگەر زراو ئازاری هەبێت، 72 کاژێری یەکەم باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری".

ئەو پزیشکە ڕەتیدەکاتەوە گوتبێتی نەشتەرگەرییەکەی ئاسان و بێ کێشە دەبێت "ئەوان پێشتر واژۆیان لەسەر نەشتەرگەرییەکە کردبوو، هەروەها ڕووبەڕووش نەمگوتووە نەشتەرگەرییەکە هیچ مەترسییەکی لەسەر ژیانی نەخۆشەکە نییە".

ئەو پزیشکە لەبارەی نەشتەرگەرییەکەش دەڵێت "دوای سڕکردن چوار کونمان لە سکی کرد، دواتر هەوامان کردە سکی و بەرزبووەوە تا زەرداوەکە دەرکەوت، زەرداوەکەم بڵند کرد، دڵم خۆش بوو کە بە ئامێر و بەئاسانی نەشتەرگەرییەکە تەواو دەکەین، بەڵام دوای 10 خولەک دڵی وەستا".

سنوور دوای کەمتر لە نیو کاژێر گیانی لەدەستدا، بەڵام دوای دوو کاژێر بە کەسوکارەکەی دەگوترێت گیانی لەدەستداوە، پزیشکەکە دەڵێت "دوای ئەوەی دڵی وەستا، نزیکەی کاژێر و نیوێک بە ئامێر و دەرزی لێدان لە دڵی و پێدانی چەندین دەرمان، هەوڵماندا دڵی بکەوێتەوە کار، بەڵام ئەنجامی نەبوو".

دکتۆر ئامانج وەفایی، گوتەبێژی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکان لەبارەی ئەو کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە بڕیار لە هیچ کێشەیەکی پزیشک و نەخۆش نادەین و ناتوانین بڵێین کامیان تاوانبار یان تۆمەتبارن، بەڵکو دادگا بڕیار دەدات، دواتر ئێمە بە بڕیاری دادگا کە لیژنەی داواکاری گشتی ڕادەسپێرێت بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی پزیشکی، ئێمە تەنیا چاودێر دەبین بۆ لێپرسینەوە لەم کەیسانە و بەرگری لە پزیشک دەکەین، بەمەرجێک هەڵەی نەبووبێت".



# بەهۆی ئاشکراکردنی نهێنییەکی ژیانی تەڵاقدرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

لە تامەزرۆیی گەورەبووندا (ژاڵە.ع) دەیەوێت وەک هاوپۆلەکانی، باسی سووڕی مانگانەی بکات، ئەو ئێستا ژنێکی تەمەن 21 ساڵانە کە خولیای گەورەبوون، وای لێکرد بە دەستی خۆی پەردەی کچێنییەکەی نەهێڵێ.

ژاڵە تەمەنی گەیشتبووە 16 ساڵان، بەڵام هێشتا نەکەوتبووە سووڕی مانگانەوە، لەناو هاوڕێکانی خۆی بە کەسێکی ناتەواو و نامۆ دەبینی، چونکە لەو تەمەنەدا هەمووان دوو بۆ سێ ساڵە لە سووڕی مانگانەدان.

ژاڵە لەنێو خێزانێکی هەژار و موحافەزەکاردا ژیاوە، بۆیە کەسێک شکنابات باس لە گۆڕانکاری جەستەیی و سووڕی مانگانەی بۆ بکات، ژاڵە گوتی "دایکم قەت لێی نەپرسیم، کچم گەورە بوویت یان بتبەمە لای پزیشک؟ کاتێک سێی ناوەندیم تەواو کرد، هێشتا نەکەوتبوومە سووڕی مانگانەوە، لەکاتێکدا هەموو هاوپۆلەکانم ساڵێک پێشتر بە سووڕی مانگانە ئاشنا ببوون".

### بە دەستی خۆی پەردەی کچێنی لابرد

داخراویی خێزانەکەی، ئەم کچەی ناچار کردووە پەنا بۆ کارێکی مەترسیدار ببات. ژاڵە دەڵێت "خێزانێکی داخراومان هەیە، پرسیارکردن هەرچەندە شەرعیش بووایە، لەلایان شەرم بوو، لێم تووڕە دەبوون، بۆیە بڕیارمدا بەدەستی خۆم پەردەی کچێنیم لابەرم، سەرەتا کەمێک خوێنم بینی و ترسام، بەڵام زۆر دڵخۆش بووم، چونکە دەمزانی سووڕی مانگانە مانای خوێن بینینە".

مانگێک تێپەڕی، ژاڵە خۆی بێدەنگ کرد، مانگی دواتر 15 ڕۆژ بەسەر وەختی سووڕی مانگانەکەیدا تێپەڕی، بەڵام خوێنی نەبینی. ژاڵە دەڵێت "کە نەکەوتمە سووڕی مانگانەوە، زۆر ترسام، بەناچاری نهێنییەکەم بۆ هاوڕێیەکم درکاند، ئەویش بە هەردوو دەستی کێشای بە سنگیدا و گوتی کچێ تۆ خۆتت کردووە بە ژن. کە وایگوت ڕاستەوخۆ بوورامەوە، مامۆستاکانی قوتابخانە بردیانمە ماڵەوە، بەڵام هاوڕێکەم هیچی باس نەکرد و منیش گوتم گوشاری خوێنم دابەزیوە".

ژاڵە هەر لەو تەمەنەدا کەوتە داوی خۆشەویستی و لەگەڵ کاروانی 27 ساڵان ماوەی دوو ساڵ پەیوەندیی خۆشەویستیان هەبوو، لە تەمەنی 18 ساڵیدا کاروان چەند جارێک داوای هاوسەرگیریی لێدەکات، بەڵام ژاڵە لە ترسی ئاشکرابوونی، بە بیانووی خوێندن داواکارییەکەی ڕەتدەکاتەوە.

لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسیەت لەژێر سەرپەرشتیاری پەروەردەی سلێمانی چەند وانەبێژێک دەنێرێتە چەند قوتابخانەیەک، وانەبێژەکان داوا لە قوتابیەکان دەکەن ئەو کێشانە بنووسن کە هەیانە، تاوەکوو هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، ژاڵە خێرا هەموو ناخی هەڵدەڕێژێتە سەر کاغەز و داوای هاوکارییان لێدەکات.

پەرچەم عەتا، وانەبێژی ئەو ڕێکخراوە کە ئاگاداری کەیسەکەیە، دەڵێت "بەدواداچوونمان بۆ کەیسەکەی کرد و بڕیارماندا بیبەینە لای پزیشکی پسپۆڕ، خۆشبەختانە پزیشکێکی ئافرەتان پێیڕاگەیاندین کە ژاڵە هێشتا کچە و تەنیا پەردەی کچێنی بریندار بووە".

دەرگای ئومێد بەڕووی ژاڵەدا دەکرێتەوە. دوای بیستنی ئەم هەواڵە، ژاڵە دەستبەجێ وەڵامی کاروان دەداتەوە و پێیدەڵێت ئامادەیە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات.

دوای هاوسەرگیری و لەدایکبوونی کچێک، کاروان هێشتا ئەو حەسرەتەی لەدڵدا ماوە کە بۆچی چەند جارێک ژاڵە ڕەتیکردەوە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، شەوێک لێیدەپرسێت دیارە تۆ لە ڕابردوودا کەسێک لە ژیانتدا هەبووە، بۆیە منت ڕەتدەکردەوە، ئیتر ژاڵە ڕاستییەکە دەڵێت، بەڵام کاروان تووڕە دەبێت و پێیدەڵێت کەواتە کاتێک هاوسەرگیریمان کرد، تۆ ژن بووی؟

ژاڵە دەڵێت بە بەرچاوی کچە دوو ساڵانەکەمەوە لێیدام، بەو شەوە لە ماڵ دەریکردم، پەیوەندیشی بە براکەمەوە کرد و گوتی کچە بێئابڕووەکەتان ببەنەوە، من تەڵاقمدا".

دوای گەڕانەوەی ژاڵە بۆ ماڵی باوکی، بەردەوام ئەشکەنجە دەدرێت، دەڵێت "ڕۆژانە بە دەستی برا و کەسەکانم ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدرێم، کەس بڕوای نەدەکرد، چەند ویستم پزیشکەکەم نووسراوێکم وەک بەڵگە پێبدات، بەڵام پێینەدام و گوتی هیچت نییە، پێویست بە نووسراو ناکات، ئێستاش پزیشکەکە نادۆزمەوە".

ژاڵە ئێستا لەژێر هەڕەشە و تانە و تەشەری کۆمەڵگا و خێزانەکەیدایە. ئەو دەڵێت "لەبەر کچەکەم بێدەنگیم هەڵبژاردووە، تەنیا هەناسە بدەم بەسە".

دکتۆرە تارا عەلی، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان لەبارەی سووڕی مانگانەی ئافرەتان بە (ڕووداو)ی گوت "کچان لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە ئاساییە بکەونە سووڕی مانگانە، ئەگەر تاوەکوو تەمەنی 16 ساڵیش دوابکەوێت ئاساییە، بەڵام دوای تەمەنی 16 ساڵی پێویستە سەردانی پزیشک بکات". سەبارەت بە هۆکارەکانی دواکەوتنی سووڕی مانگانە، ئەو پزیشکە دەڵێت "نەخۆشیی شەکرە و گورچیلە و لاوازیی جەستە هۆکارن، یان کەسەکە چەوریی ژێر پێستی نەبێت و ببێتە هۆی گەشەی هۆڕمۆنی یان زۆر وەرزش بکات".

دوای ئەوەی چیرۆکی ژاڵەمان بۆ ئەو پزیشکە باسکرد، دەرکەوت بەهۆی نەخۆشیی گورچیلەوە سووڕی مانگانەی دواکەوتووە، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبووە.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (466) - دووشەممە 2017/7/24



### بەهۆی شەڕەچەقۆوە دوو هاوڵاتی دەکوژرێن

**ڕووداو – سەیدسادق**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/21 لە نێو بازاڕی قەزای سەیدسادق بەهۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان ژمارەیەک هاووڵاتی، دوو کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکەش برینداربوون. بەپێی هەواڵێک کە پۆلیسی سلێمانی لە پەیجەکەی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە "هۆکاری سەرەکی شەڕەکە لەسەر شوێنی کارکردن بووە لەناو بازاڕی قەزاکە، سەرەتاش دەمەقاڵێ ڕوویداوە، دواتر پەلاماری یەکدیان داوە، بەو هۆیەوە 10 کەس بریندار‌بوون، دوو بریندارەکانیش بە ناوەکانی (ز.ئا.ع) و (ش.س.ع) بەهۆی سەختی برینەکانیان گیانیان لەدەستداوە". بە گوتەی پۆلیس نۆ کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو دوو کەسە دەستگیرکراون.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## پشتیان لە خوشکەکەیان کرد

حەز و ئارەزووی کچێک بۆ خوێندن، زۆری نەمابوو بەرەو ڕێگەیەکی هەڵەی ببات، بەڵام هۆشیارییەکەی هەرزوو لەو کێشەیە ڕزگاری کرد، دوای ئەوەی داوای ئامۆژگاری و ڕێنمایی لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کرد.

کچێک پەیوەندیی پێوەکردین و داوای ڕێگایەکی کرد بۆ دەربازبوون لەو کێشەیەی کە لەگەڵ ناسیاوێکیان تێیکەوتووە. ناسیاوەکەیان دەیویست لەبەرامبەر بڕێک پارە کە بە قەرز بە کچەکەی دابوو، ئیستیغلالی بکات.

ئەو کچە بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گوتی قوتابی بووم، بەڵام بەر لەوەی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکەم، بەهۆی بارودۆخی خێزانەکەم بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە خوێندن دابڕام، دواتر ویستم خوێندنەکەم تەواو بکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنم گەورە بوو، لە خوێندنی بەیانیان وەرنەگیرامەوە، براکانیشم ڕێگەیان پێنەدام بچمە خوێندنی ئێواران. تاکە ڕێگە بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندنەکەم قوتابخانەی ئەهلی بوو، بەڵام براکانم ئامادە نەبوون پارەم بدەنێ و بیانوویان دەهێنایەوە و دەیانگوت تازە باوی خوێندن نەماوە و بەو تەمەنەوە پێویست ناکات بچیتەوە قوتابخانە. هەرچەندە خۆشم وردە کاری وەکوو نەخش و نیگاری جلی ئافرەتانم دەکرد، بەڵام داهاتەکەی بەشی کرێی خوێندنەکەمی نەدەکرد.

کچەکە ڕۆژێکیان کێشەکەی بۆ ناسیاوێکیان باس دەکات کە دووکاندار بووە و پارەی هەبووە، ئەویش ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ و پێیدەڵێت من پارەی خوێندنەکەت بۆ دەدەم، کەی پارەت هەبوو بمدەوە. کچەکە دەست بە خوێندن دەکات، بەبێ ئەوەی لە ماڵەوە لەلای براکانی باس بکات کە پارەی لە ناسیاوێکیان قەرز کردووە، براکانیشی کە پێدەچوو هەر لەبەر مەسەلەی کرێی خوێندنەکە دژی خوێندنی خوشکەکەیان بووبن، هەر لێیان نەپرسییەوە کە چۆن چووەتەوە بەر خوێندن، لە چ قوتابخانەیەک دەخوێنێ، پۆلی چەندە و پارەی خوێندنی چۆن پەیدا کردووە؟ ئەوان لە ترسی بەرپرسیارێتی هەر خواخوایان بووە خوشکەکەیان بابەتی خوێندنەکەیان لەگەڵ باس نەکات.

کچەکە درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا و گوتی دوای نزیکەی چوار مانگ، ڕۆژێکیان ئەو ناسیاوەمان تێلی بۆ کردم و لە ئەحواڵی پرسیم، ئەو کە خێزاندارە و 20 ساڵ لە من گەورەترە، گوتی هەر نەهاتی لە دووکان سەرێکمان لێ بدەی، منیش لەبەرئەوەی قەرزاری بووم پێم عەیب بوو بڵێم لەبەر خوێندن و ئیشوکاری ماڵەوە بوارم نییە، بۆیە بەڵێنم پێدا سەردانێکی بکەم. ڕۆژێکیان سەردانم کرد، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و پرسیاری کرد کە لەگەڵ خوێندنەکەم چۆنم، بەڵام لە قسەکردنی دەردەکەوت کە داواکارییەکی هەبێ، دواتر خۆی بۆ نەگیرا و گوتی حەز دەکەم ئەو نیوەڕۆیە پێکەوە نان بخۆین، منیش پێمگوت ببوورە ڕاستە ئێمە ناسیاوی یەکدین، بەڵام بە تەنیا ناتوانم لەگەڵ تۆ بێمە دەرەوە بۆ نانخواردن. ئیدی ئەو ڕۆژە بە هەر جۆرێک بێ خۆم لە دەستی ڕزگار کرد. بەڵام دواتر تەلەفۆنی کرد و زۆر قسەی کرد کە ئەو مەبەستێکی خراپی نییە و تەنیا حەزی کردووە وەکو دوو هاوڕێ پێکەوە بچینە دەرەوە. ئێستاش هەراسانی کردووم و دەڵێت یان دەبێ بە زووترین کات پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە یان لەگەڵی بچمە دەرەوە.

ئامۆژگاریی ئەو کچە کرا کە یەکەم: کارێکی هەڵەی کردووە کەسوکاری لە پارە قەرزکردنەکە ئاگادار نەکردووەتەوە. دووەمیش لە جیاتی ئەوەی قەرز لە خەڵک بکات، دەیتوانی قەرز لە بانک یان ڕێکخراوێک بکات، چونکە ئێستا چەند ڕێکخراو و بانکێک لە کوردستان هەن لەبەرامبەر سوودێکی کەم قەرز بە هاووڵاتیان دەدەن، جا بۆ پرۆژە بێ یان خوێندن. بۆیە کچەکە لەسەر داواکاریی ئێمە قەرزی لە ڕێکخراوێکی قەرزدەر کرد و خۆی لەو کێشەیە ڕزگار کرد.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# برازاکەی خۆی لەسەر جۆگەلە ئاوێک دەکوژێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– قەڵادزێ**

کەسوکاری مامۆستا ڕەسوڵ دەڵێن هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کوڕەکەیان لەسەر چەند مەترە زەوییەک و جۆگەلە ئاوێک بکوژرێ، لەوەش کارەساتتر بەلای ئەوانەوە ئەوەیە کە بە دەستی مامی کوژراوە.

ڕۆژی 2017/7/20 مامۆستایەکی دانیشتووی گەڕەکی مام قاسمەی شارۆچکەی قەڵادزێ بەناوی ڕەسوڵ ئیسماعیل عەبدوڵڵا، تەمەن 47 ساڵ، لە گوندەکەی خۆیان (گوندی دووڕە) بە دەستی مامێکی خۆی کوژرا. دوای ڕووداوەکەش تۆمەتبارەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

کەسوکاری مامۆستا ڕەسوڵ دەڵێن چەند ساڵێکە کێشەی زەویوزار لە نێوان مامۆستا ڕەسوڵ و مامەکەیدا هەبووە، پێشتر کێشەکەیان چارەسەر کراوە، بەڵام بە یەکجاری نا.

ئازاد ئیسماعیل کە برای مامۆستا ڕەسوڵە، باسی کێشەی نێوان براکەی و مامەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "باوکم بەرلەوەی بمرێ میراتەکەی بەشکرد، مامۆستا ڕەسوڵی برام سێ دۆنم لەو زەوییەی بەریکەوت، تخوبی لەگەڵ زەوییەکەی مامم یەک بوو، بۆیە بەردەوام کێشەیان هەبوو لەسەر سنووری زەوییەکانیان".

مامۆستا ڕەسوڵ برا گەورە بووە، بۆیە ئازاد دەڵێت هەموو پرس و ڕایەکیان بە ئەو بووە و بۆ ئەوان وەکوو باوک بووە. ئازاد زیاتر لەبارەی کێشەی نێوان براکەی و مامی قسە دەکات و دەڵێت "ئەو کێشەیە دەمێک بوو هەبوو، پێشتر کێشەکەیان بردە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام ساردییەک لە نێوانیاندا هەبوو، لە دڵەوە ئاشت نەبووبوونەوە، بۆیە کێشەکەیان دووبارە سەری هەڵدایەوە".

ئازاد باسی ساتەوەختی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو ڕۆژە مامۆستا ڕەسوڵ و مامم هەردووکیان لەسەر زەوییەکانیان بوون، جۆگەلە ئاوێک بەنێوان زەوییەکانیاندا دەهات، ڕەسوڵ خەیارەکانی ئاو دەدا، مامیشم بەهەمانشێوە، هەرجارە و یەکێکیان دەستکاری جۆلەگەی کردووە و ئاوەکەی بۆ خۆی بردووە، لەسەر ئەوە بووەتە دەمەقاڵەیان، مامم چەکی پێبووە، یەکسەر دەستڕێژی گوللەی لە مامۆستا ڕەسوڵ کردووە و کوشتوویەتی".

ئازاد دەڵێت مامەکەی لە حاڵەتی تووڕەبووندا ئەو تاوانەی کردووە، بۆیە هەر دوای ڕووداوەکە یەکسەر خۆی تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردووە و دواتریش خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە.

سەبارەت بە هەڵوێستی خێزانەکەشیان، ئازاد دەڵێت "هەموومان گۆشت و خوێنی یەکدین، نامانەوێ کێشەکە لەوە زیاتر گەورە بێ، خۆم تەلەفۆنم بۆ کوڕەکانی مامم کرد کە تەلەفۆنەکانیان دابخەن و نەیەن بۆ سەرقەبران و پرسەکەی، چونکە کوڕەکانی مامۆستا ڕەسوڵ گەورەن و دەترسام کاردانەوەیان بەرامبەریان هەبێ". سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵاش لەسەر تۆمەتبارەکە، ئازاد گوتی "مامۆستا ڕەسوڵ هاوژینی هەیە و کوڕی هەیە و مامی دیکەی هەیە، دواتر دادەنیشین بەیەکەوە و بڕیارێک دەدەین کە ئایا لە سکاڵا لەسەر مامم تۆمار بکەین، یان لێی خۆش ببین. ئێمە ئێستا دۆسیەکەمان داوەتە دەست یاسا بۆ ئەوەی بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ".

عومەر عەبدوڵڵا کە برای بکوژەکە و مامی مامۆستا ڕەسوڵە، لەو ناوەدا دۆشداماوە، ناتوانێ لایەنگری هیچ لایەکیان بکات و ناتوانێت بڵێ مامۆستا ڕەسوڵ لەسەر حەق بووە یان براکەی، بەڵام دەڵێ جۆگەلە ئاوێک و چەند مەترە زەوییەک ئەوەی نەدەهێنا خوێنی لەسەر بڕژێندرێ.





ڕەسول ئیسماعیل عەبدوڵڵا

عومەر عەبدوڵڵا کە دوای ناشتنی برازاکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی: "بە بیستنی هەواڵەکە تووشی شۆک بووم، مامۆستا ڕەسوڵ جگە لەوەی برازام بوو، زۆربەی جار پرس و ڕامان بە یەکدی دەکرد. بۆ من زۆر سەختە کە بە دەستی براکەم کوژراوە، بۆ من هەردوولا وەکو یەکن. نازانم کۆتاییەکەی بە کوێ دەگات، دەبێ کارێکی وا بکەین ئەو کێشەیە درێژە نەکێشێ و لەوە زیاتر دەستمان نەچێتە خوێنی یەکدی. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە من لەو نێوەدا تەنیا نێوبژیوان دەبم و پشت بە یاسا دەبەستین".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "تەرمی ئەو مامۆستایە کاژێر 10:25 خولەکی بەیانی هێنرایە نەخۆشخانە، چوار گوللە بەر سک و سینگ و ملی کەوتبوو. دوای ئەوەی ڕێکاری پێویست و پشکنین بۆ تەرمەکە کرا، ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".

هەروەها بەکر بایز، قایمقامی قەزای پشدەر لەبارەی کێشەی نێوان ئەو مام و برازایە بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر کێشەی نێوان ئەو مام و برازایە براوەتە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر، هەروەها لەلایەن لێژنەی فتواوە یەکلایی کراوەتەوە، بەڵام دووبارە کێشەکە سەری هەڵداوەتەوە".

گوتیشی "ئەو شوێنەی تاوانەکەی تێدا کراوە، زەویی کشتوکاڵییە و بەراوە، گرێبەستی کشتوکاڵی هەیە، ئەو زەوییە لە باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە. دوای تاوانەکەش بکوژ خۆی تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردووە و خۆی ڕادەست کردووە".

### کوژرانی شەش کەس لە شەش مانگدا

هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ئاماری ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردووی لە قەزای پشدەر و ڕانیە بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ڕابردوو شەش کەس لە سنووری ئەو دوو قەزایە بە ئەنقەست کوژراون (پێنج پیاو و ئافرەتێک). هەر لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا 49 کەس (33 نێر و 16 مێ) بە ڕووداوی جۆراوجۆری وەکو هاتوچۆ، سووتان و خۆسووتاندن، خنکان و خۆخنکاندن، خۆکوشتن و کوشتنی بە هەڵە گیانیان لەدەستداوە.

## دوو کەس داویانەتە بەر چەقۆ

# حوسێن لە ڕووداوێکی گوماناویدا کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

لە هەولێر پیاوێکی خێزاندار لە ڕووداوێکی گوماناویدا دەکوژرێت، لەکاتی ڕووداوەکەدا ژنێکی لەگەڵ بووە کە هاوژینی پێشووی یەکێک لە بکوژەکان بووە، بەڵام هیچیان لەو ژنە نەکردووە، ئەمەش گومانی لەلای پۆلیس و خانەوادەی پیاوە کوژراوەکە دروست کردووە.

حوسێن شەریف، تەمەن 35 ساڵ، خێزاندار و خاوەنی سێ منداڵ بوو، ئێوارەی ڕۆژی 2017/7/15 پاش ئەوەی ئامۆژنی هاوژینەکەی پەیوەندیی پێوە دەکات تا نانی ئێوارە بهێنێت بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری، چونکە دایکی لە نەخۆشخانە جەڵتە لێیدابوو. حوسێن کاژێر 8:30ی شەو لە ماڵی خۆیان دەردەچێت و بەرەو ماڵی مامی هاوژینەکەی دەچێت، لەوێ ئامۆزای هاوژینەکەی بەناوی (ش) لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لە ڕێگادا لەلایەن (ی) هاوژینی پێشووی (ش) و کەسێکی دیکەوە درایە بەر چەقۆ و کوژرا.

ئەژین عەبدولقادر، 29 ساڵ، ماوەی 15 ساڵە هاوژینی حوسێنە، لەبارەی (ش)ی ئامۆزای و هاوژینەکەی پێشووی دەڵێت "(ش) شەش مانگە لە (ی) جیابووەتەوە، بەڵام هاوژینی (ش) زۆر دڵی لە حوسێن پیس بوو، چونکە حوسێن بەردەوام هاتوچۆی ماڵی مامم (باوکی ش)ی دەکرد".

ئەژین باسی ئەو شەوە دەکات کە هاوژینەکەی تێدا کوژراوە و دەڵێت "حوسێن نانی ئێوارەی خوارد، ئامۆژنم کە لە نەخۆشخانە بوو، دایکی جەڵدە لێیدابوو، پەیوەندی پێوە کرد و گوتی بڕۆ لە ماڵی ئێمە خواردن بهێنە بۆ نەخۆشخانە، حوسێن چوو بۆ ماڵی مامم لە گوندێکی دەوروبەری بنەسڵاوە، لەوێ (ش)ی ئامۆزام، بەگوتەی خۆی ویستوویەتی بچێت بۆ سەردانی نەنکی، لەگەڵ حوسێن دێت، بەڵام لە ڕێگای نێوان گوندەکە و بنەسڵاوە، بۆسە بۆ مێردەکەم دادەنرێت و لەلایەن مێردی پێشووی (ش) و ئامۆزایەکی، بەر چەقۆی دەدەن".

ئەژین کە زۆر گومانی لە چۆنیەتی کوژرانی هاوژینەکەی هەیە، دەڵێت "ئەوەی لای من جێی گومانە، مێردی پێشووی (ش) لە شوێنێکی وا دوور و چاڵایی بەو تاریکییە چۆن ئەوانی بینی و چۆن زانی (ش) لەگەڵ حوسێنە؟ ئەی (ش) بۆ چەقۆیەکی بەرنەکەوت؟ چۆن خۆی ڕزگار کرد؟ من دڵنیام ئەمە پیلانە و پێشوەختە بۆ هاوژینەکەم دانراوە، دەستی ئامۆژنم و (ش)ی ئامۆزاشمی تێدایە".

ئەژین کە بەتەنیا لە هەولێرە و ماڵی باوکی لە دەرەوەی وڵات دەژین، پێیوانیە هاوژینەکەی ناپاکی لێکردبێت، ئەو دەڵێت "هیچکات گومانی خراپم لە حوسێن نەکردووە".

سەبارەت بە چۆنیەتی زانینی هەواڵی کوژرانی هاوژینەکەشی، ئەژین گوتی "کاژێر 10:30ی شەو ئامۆژنم پەیوەندیی کرد و گوتی ئەژین لەکوێی؟ گوتم لە ماڵەوەم، پرسی کێت لەلایە، گوتم بەس منداڵەکان، بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ تەلەفۆنەکەی داخستەوە، پێم سەیر بوو وامزانی دایکی مردووە، تەلەفۆنم بۆ حوسێن کرد، (ش) وەڵامی دامەوە، گوتم تۆ بۆچی وەڵامی مۆبایلی مێردی من دەدەیتەوە؟ گوتی (ی) حوسێنی بەر چەقۆ داوە و من هەڵاتووم، ئێستاش لە نەخۆشخانەم، چونکە من بورامەوە، دواتر چووینە نەخۆشخانە".

بەگوتەی ئەژین، (ش) بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکە، چیرۆکێکی دروستکردووە، ئەو دەڵێت: "(ش) بە پۆلیسی گوتووە کاتێک دەهاتین بۆ نەخۆشخانە، مێردی پێشووم هات و حوسێنی بەر چەقۆ دا، منیشیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ ماڵێک لە کەسنەزان، مێردی پێشووم گیانی خوێناوی بوو، بۆیە چووە گەرماو خۆی بشوات، ئامۆزاکەشی سەرقاڵی تەلەفۆن بوو، کەس لە ماڵەکە نەبوو، ئیتر بەدزییەوە هەڵاتم بۆ نەخۆشخانە".

شەریف کەریم، باوکی حوسێن، خوێنی کوڕەکەی لە ملی ماڵی (ش) دەزانێ و سکاڵاشی لەسەر تۆمارکردوون، ئەو دەڵێت "کوڕەکەم بێ کێشە بوو، کاری بارهەڵگریی دەکرد، ماڵی مامی هاوژینەکەی زۆر تێکەڵی خۆیانیان کردبوو، بەجۆرێک ئەوەندەی هاوکاریی ماددی و مەعنەویی ئەوانی دەکرد بۆ من کە باوکی بووم وا نەبوو، پارەیان لە کوڕەکەم دەکێشایەوە".

شەریف پێیوایە کوژرانی کوڕەکەی بە "پیلان" بووە و دەڵێت "من نازانم بۆ کوڕەکەم کوژرا، ئەو هیچ شتێکی لەگەڵ (ش) نەبوو، لێدانی حەوت چەقۆ لە کوڕم، بەبێ ئەوەی (ش) کە لەگەڵی بووە، پەنجەیەکی بەخوێندا بێت، دڵنیام دەکەنەوە کە ئەوە پیلانە".

باوکی حوسێن داوا لە پۆلیس دەکات گوشار بخەنە سەر (ش) تا ڕاستییەکان بدرکێنێت، ئەو دەڵێت "پێویستە پۆلیس گوشار بخاتە سەر (ش) تا دان بە ڕاستییەکاندا بنێت، ئەگەر شتێک نەزانێت، بۆ نایەتەوە ماڵەوە، بۆ لە خانەی داڵدەدانە؟ من سکاڵام لەسەر (ش) و دایکی و هاوژینی پێشووی و ئامۆزاکەی تۆمار کردووە".

ئومێد ئیبراهیم، 49 ساڵ، هاوڕێی حوسێنە و یەکەم کەس بووە چووەتە سەر لاشەی هاوڕێکەی، ئەو بە ڕووداوی گوت "(ش) بە مۆبایلی حوسێن تەلەفۆنی بۆ کردم، ناونیشانێکی دامێ و پێیگوتم فریای حوسێن بکەوە، (ی) چەقۆی لێداوە، منیش لەگەڵ کوڕە گەورەکەم زۆر زوو گەیشتمە ئەو شوێنە، کە بینیم توانام نەبوو سەیری بکەم، هێندەم خۆشدەویست چەندی کردم، توانام نەبوو دەستی لێبدەم، زۆر گریام، بەڵام دواتر لەگەڵ کوڕەکەم خستمانە پشتی ئۆتۆمبێلەکە".

ئومێد نایشارێتەوە کە گومانی لە مردنی هاوڕێکەی هەیە، وەک خۆی دەڵێت "ئەو شوێنەی حوسێنی لێ کەوتبوو، شوێنێکی چۆڵ و چاڵایی بوو، زۆر پێم سەیر بوو بەم کاتە درەنگە، چی حوسێنی گەیاندبووە ئەو شوێنە، بۆیە منیش گومانم لە مردنی هەیە".

سەبارەت بە ئەگەری پەیوەندیی سۆزداریش لەنێوان حوسێن و (ش)، ئومێد گوتی "من بەهیچ شێوەیەک ئاگادار نیم و نازانم، بەڵام ئەوەندەی ئاگاداربووم پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا هەبوو، بەتایبەت کە (ش) ئامۆزای هاوژینی حوسێنیش بوو، چەند ساڵێکیش دراوسێی یەکدی بوون".

### پۆلیس بە گومانە

پۆلیس بە گومانە لە ڕووداوەکە و لە لێکۆڵینەوەی بەردەوامدان. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی کامێرای چاودێری بۆمان دەرکەوت کوژراوەکە لەگەڵ ژنێکدا بووە. ئێستا ئەو ژنە دەستبەسەرە و پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدایە لەگەڵی".

لەبارەی ئەنجامدەری تاوانەکەش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی "بکوژەکان ناسراون، بەڵام دوای ئەنجامدانی تاوانەکە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و بەردەوامین لە گەڕان بەدوایاندا".



حوسێن شەریف

## لیز گراندیێ، بەرپرسی بەرنامە مرۆییەکانی UN لە عێراق:

# یوئێن هاوکاریی تەکنیکی بۆ گشتپرسی دابین ناکات



لیز گراندیێ لە عێراق دوو پۆستی هەیە، جێگری نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەروەها بەرپرسی هاوکارییە مرۆییەکانی ڕێکخراوەکەشە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو زیانانە دەکات کە بەر شاری مووسڵ کەوتوون و دەڵێت 15 گەڕەکی ڕۆژئاوای شارەکە بە تەواوی وێران بوون. لیز پێشبینی دەکات تەنیا ئەو بەشەی شارەکە پێویستی بە 700 ملیۆن دۆلار هەبێ بۆ بە پەلە بنیاتنانەوەی.

هاوکات باسی هەڵوێستی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەش دەکات لە گشتپرسی.

**ڕووداو: کورد دەیەوێ گشتپرسی سازبکات، هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟**

**لیز گراندیێ:** نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە هاوکاریی تەکنیکی بۆ گشتپرسی دابین ناکات. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووی سیاسی و کاری مرۆییەوە پشتگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات. بۆ نموونە کار لەسەر سەقامگیری و ئاشتەوایی و دادپەروەری دەکەین. ئەرکی من لە عێراق لە بواری مرۆیی و سەقامگیرییە. ئەگەر ئێوە بخوازن، زۆر بە خۆشحاڵییەوە هەر مەسەلەیەک تاوتوێ دەکەین کە پەیوەندییان بەم بوارانەوە هەیە.

**ڕووداو: هەڵوێستتان لە گشتپرسی وا دەردەخات کە ئێوە لایەنگرن، لایەنگری بەغدان. ئەو لێکدانەوە و تەفسیرە ڕاستە بۆ ئێوە؟**

**لیز گراندیێ:** ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە دیاری دەکرێ. ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن فۆکوس بکەنە سەر چەند بابەتێکی دیاریکراو. ئەرکی سەرەکیی ئێستامان کارکردنە لەسەر ئاشتەوایی. زۆر ڕوونە کە شەڕی مووسڵ کۆتایی هات و هەڵمەتی سەربازی لەدژی داعش دەچێتە قۆناغەکانی کۆتایی، بۆیە کاری ئێمە بۆ ئاشتەوایی بەرفراوانتر دەبێت. لە داهاتووی عێراقدا هیچ شتێک لەوە گرنگتر نییە کە دڵنیایی هەبێت لەوەی دیالۆگی نیشتمانی هەیە و هەموو ئەوانەی لە عێراق دەژین هەست بکەن حکومەتێک هەیە بایەخیان پێدەدات، کلیلی ئەوەش ئاشتەواییە.

**ڕووداو: دەتوانی پێم بڵێی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ چەند کەس کوژراون و چەندیش ئاوارە بوون؟**

**لیز گراندیێ:** ساڵێک لەمەوبەر، کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرکردایەتی حکومەت پلانی بۆ مووسڵ دانا، پێشبینی سێ سیناریۆمان کردبوو. سیناریۆی ئەگەری بەهێز، سیناریۆی باشترین حاڵەت و سیناریۆی خراپترین حاڵەت. لە سیناریۆی یەکەمدا پێشبینیمان کرد 450 هەزار کەس لە مووسڵ ئاوارە ببن، بەڵام تاوەکو ئێستا نۆ سەت و 38 هەزار کەس لە شارەکە ڕایانکردووە. کەواتە لە دەرەوەی پێشبینی ئێمە بوو بۆ خراپترین حاڵەت، مانگێک پێش کۆتایی شەڕ ژمارەی ئاوارەکان لە پێشبینیی ئێمە زیاتر بوو. پێموایە ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لەبارەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، ئەوەیە کە حکومەت بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی دیکە، توانیویەتی هەنگاوێکی بچووک لە پێش قەیرانەکەوە بێت. هەموو ئەو کەسانەی لە شارەکە ڕایانکردووە هاوکارییان کراوە. نزیکەی سەدا هەشتای هاوکارییە مرۆییەکان لەلایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراون. نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانمان خەریکی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانن، لەو شوێنەدا کە حکومەت ناتوانێ بە تەواوی خزمەتگوزارییەکان دابین بکات، ئێمە دابینی دەکەین.

**ڕووداو: ئێوە پارە و هاوکاریی تەواوتان هەیە بۆ یارمەتیدانی ئەو هەموو خەڵکە؟**

**لیز گراندیێ:** خۆزگە دەمتوانی بڵێم بەڵێ، ڕاستییەکە ئەوەیە نەخێرنیمانە. ساڵێک لەمەوبەر پلانێکی بەهاناوەچوونی مرۆییمان بۆ 2017 دانا، بەپێی خەمڵاندنەکانمان، لە ساڵی 2017دا 11 ملیۆن عێراقی پێویستیان بە جۆرێک لە هاوکاریی مرۆیی دەبێت، ئێمە بەڵێنمان دا لەگەڵ ئێن جی ئۆکان، بتوانین هاوکاری بگەیەنینە شەش ملیۆن و 500 هەزار کەس. داوامان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی 985 ملیۆن دۆلارمان بۆ دابین بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەداخەوە تەنیا 43%ی ئەو پارەیەمان بۆ دابین کرا. دوو ساڵ پێشتر نزیکەی 90%ی پارەی پێویستمان بەدەست دەگەیشت، ئەمساڵ کە گرنگترین ساڵە و ساڵی شەڕی مووسڵە، کەمتر لە نیوەی پارەی پێویستمان بەدەست گەیشتووە، لە واشنتن لەگەڵ هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی کۆبووینەوە و گوتمان لە عێراق ئاشتەوایی ڕوونادات بەبێ دابینکردنی هاوکاری مرۆیی. ناتوانی دڵنیابی

> ئەمساڵ 11 ملیۆن عێراقی پێویستیان بە هاوکاریی مرۆیی دەبێ

> هاوکاریی پتر لە هەزار کچی کوردی ئێزدی کراوە

> لە 54 گەڕەکی ڕۆژئاوای مووسڵ 15یان بە تەواوی وێران بوون

> تەنیا ڕۆژئاوای مووسڵ پێویستی بە 700 ملیۆن دۆلارە

لەوەی دەستکەوتە سەربازییەکان دەپارێزرێن ئەگەر ئەو کەسانەی کاریگەریی ڕەوشەکەیان لەسەرە هاوکارییان پێنەگات.

**ڕووداو: بەڕێزتان تازە لە واشنتنەوە هاتوون، هیچتان بە دەست گەیشتووە سەبارەت بە گەیشتنە ڕێککەوتنێک لە نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی داهاتووی عێراق دوای داعش؟**

**لیزگراندی:** لەو کۆبوونەوانەدا ئەوە یەکێک بوو لە تەوەرە گرنگەکان، یان دەتوانم بڵێم تەوەری سەرەکی بوو. هەموو ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دان بەوەدا دەنێن کە هەنگاوی داهاتوو ئەوەیە بایەخ بە دیالۆگی نیشتمانی بدرێت. ئاشتەوایی نیشتمانی بەهێز بکرێت. ئێمە دەزانین کە سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا، ئەگەر ئەو سەرکەوتنە بە ئاشتەوایی نیشتمانیی کۆتایی نەیەت، سەرکەوتنەکە بچووک دەبێت. بۆ ئەوەی بگاتە ئاشتیی درێژخایەن، پێویستە ئاشتەوایی هەبێت.

**ڕووداو: ڕێکخراوی لێبووردن، حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان بە کوشتنی هەزاران مەدەنی لە شاری مووسڵ تۆمەتبار دەکات، لەبارەی ئەو تۆمەتە چی دەزانن؟ ئایا ئەوانە ڕاستن؟**

**لیز گراندیێ:** بەدڵنیاییەوە پێویستە لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە بکرێت بۆ زانینی ڕاستیی ڕووداوەکان. پێموایە زۆر گرنگە کە حکومەت لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا، بەردەوام گوتوویەتی بەڵگەکان بهێنن، بەرپرسیارێتی ئێمەیە بەدواداچوونیان بۆ بکەین. کاتێک شەڕی مووسڵ دەستیپێکرد، هێزە ئەمنییەکانی عێراق شێوازێکی مرۆییانەیان پەیڕەو کرد، پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنییان کردە چەقی پلانەکەیان. هێزە ئەمنییەکانی عێراق گوتیان هەر شتێک دەکەین لەپێناوی پاراستنی خەڵکی مەدەنی. لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، خەڵکیان لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا پاراست، لە قۆناغەکانی سەرەتای شەڕی ڕۆژئاوای مووسڵیشدا هەمان شت ڕوویدا، بەڵام ڕەنگە بیرت بێت کاتێک ئۆپەراسیۆنی مووسڵی کۆن دەستیپێکرد، پێوەرەکانی پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی لەکاتی شەڕ گۆڕان. کە شەڕەکە دەستیپێکرد، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە خەڵکی مووسڵی کۆنی ڕاگەیاند بۆ پاراستنی ژیانتان باشترە ماڵەکانتان جێبهێڵن و بەرەو هێزە ئەمنییەکان بڕۆن، ئەو هێزانە لە بەرەی شەڕ دوورتان دەخەنەوە بەرەو شوێنی سەلامەت. ئەوەی گرنگە بەدرێژایی شەڕ پاراستنی خەڵکی مەدەنی ئامانجی هێزە ئەمنییەکان بوو. پێوەرەکان گۆڕان، بەڵام پرەنسیپەکە وەک خۆی مایەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە کارمەندی مرۆیی زۆرتان هەیە لە بەرەکانی شەڕ، ئایا زانیارییان لەبارەی ئەو تۆمەتانە نییە، چەند کەس لە شەڕی مووسڵ کوژراون؟**

**لیز گراندیێ:** بەڵێ تیمەکانمان لە مەیدانی شەڕ ئامادەبوون، بەڵام ئێمە لە پشتەوەی بەرەی شەڕ بووین، ئەوەی ڕوونە و ئێمە بەدڵنیاییەوە پشتڕاستی دەکەینەوە، ئەوەیە کە ئازاری ئەو عێراقییانەی لە ململانێکەدا گیریانخواردبوو وێنا ناکرێ. خەڵکی مەدەنی لەژێر مەترسیی لەڕادەبەدەردا بوون، بەڵگەی ڕوون هەبوو کە داعش دەیان هەزار کەسی وەک پەرژین بەکاردەهێنا، خەڵکی مەدەنی لەژێر مەترسیی بۆمبی چێندراودا بوون. چەندین خێزان خواردن و ئاویان نەبوو لەکاتی شەڕدا. دۆزەخ بوو بۆ ئەوان. ئەوەی بەسەر خەڵکی مەدەنیدا هات وێنا ناکرێ.

**ڕووداو: ئێوە تا چەند نیگەرانن لە ئەگەری تۆڵەسەندنەوە لە لایەنگرانی داعش؟**

**لیز گراندی:** بەشی مافەکانی مرۆڤ لە تیمی سیاسی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو هاوبەشەکانمان بە نیگەرانیی زۆرەوە لە ڕەوشەکەیان دەڕوانی. ژمارەی ئەو کارەساتانەی بەهۆی داعشەوە بەسەر خێزانەکان هاتوون نازمێردرێن. زۆر کەس خانوویان ڕووخاوە، کەسانێک هەن کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، بەتایبەتی ئەو ژنانەی بە زۆر بە ئەندامانی داعش دراون، ئەو ژنانەی کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر و منداڵیان بووە. پێموایە دەبێ زۆر بە هەستیارییەوە لەو ڕاستییە بڕوانین کە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەگەری هەیە هەوڵەکانی پێشێلکاری لەدژی نەک تەنیا ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبووە، بەڵکو خەڵکی دیکەش زیاد بکات. زۆرجار ئەمە لە کۆتایی شەڕەکاندا دەبینین. ئەگەری هەیە لە مووسڵیش دووبارە ببێتەوە.

**ڕووداو: ژمارەی پێشێلکارییەکان چەندە؟ تاوەکوو ئێستا چەند سکاڵا لەلای ئێوە تۆمار کراوە؟**

**لیز گراندی:** لە هەندێ ناوچە ڕێژەکە زۆرترە، ئەوەی ئێمە زۆر لە خەمیداین ئەوەیە دەسەڵات بزانێت کێشەیەک هەیە، دەسەڵاتداران نەک تەنیا پابەندن بەوەی کاری لەسەر بکەن، بەڵکو دەبێ هەوڵی نەهێشتنی بدەن. لە هەر شوێنێک پێشێلکاری هەبێت حکومەتی عێراق بەڵێن دەدا بەدواداچوون بکات و دادپەروەری بەرقەرار بکات، ئەوە لەهەمووی گرنگترە.

**ڕووداو: بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لە ماوەی سێ هەفتەی حوزەیرانی ڕابردوودا 3000 خانوو ڕووخاون بەهۆی شەڕەوە، ئەوە ژمارەیەکی زۆر گەورەیە، قەبارەی ماڵوێرانی چەندە، چەند پارەی پێویستە بۆ ئاوەدانکردنەوە؟**

**لیز گراندی:** خاڵی مەترسیدار لەبارەی ئەم داتایە ئەوەیە کە خەمڵاندنەکە کەمترە لە ئاستی وێرانکارییەکە. هەفتەی پێش کۆبوونەوەکانی واشنتن، ئاژانسی یو ئێن دی پی لە ڕۆژئاوای مووسڵ ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی وێرانکارییەکان تەواو کرد، لە کۆی 54 گەڕەکی ناوچەکە 15یان بەتەواوی وێران بوون. 23 گەڕەک ڕێژەی زۆریان ڕووخاوە، ئێمە دەڵێین بەشێوەی مامناوەند ڕووخاون. پلەبەندییەکە بەمجۆرەیە: خاپوور بووە، نیوە ڕووخاوە، کەمێکی ڕووخاوە. ئەو گەڕەکانەی کەمێک ڕووخاون 16 گەڕەکن. حیسابی تێچووی بنیادنانەوەی ژێرخانی بنەڕەتی ناوچەکەمان کرد، وەکو تۆڕی کارەبا، هێڵی ئاو و ئاوەڕۆ، هەروەها بنیادنانەوەی نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و پاککردنەوەی شارەکە. حیسابی سەرەتایی بۆ بنیادنانەوە نزیکەی 400 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئێستا ژمارەکە دوو هێندە بووە. لە واشنتن ڕاپۆرتی وێرانکارییەکانمان خستەڕوو، وای دەخەمڵێنم کە پێویستمان بە 700 ملیۆن دۆلار بێت بۆ بونیادنانەوەی بە پەلەی تەنیا بەشی ڕۆژئاوای مووسڵ.

**ڕووداو: ئەی ناوچەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕێژەی وێرانکارییەکە چۆنە؟ هیچ کۆمەکی نێودەوڵەتی دێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی شنگال؟**

**لیز گراندی:** بەمدواییە سەردانی شنگالم کرد، کە بارودۆخی ئەوێ دەبینی تووشی سەرسوڕمان دەبی، تەواوی شارەکە ڕووخاوە. یو ئێن دی پی هاوکاریی چاککردنەوەی تۆڕی کارەبای کردووە، لەگەڵ کردنەوەی نەخۆشخانەی سەرەکی، بەڵام ئەمە سەرەتایەکی زۆر بچووکە و تەحەدییەکە زۆر گەورەیە. نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات

> بنیاتنانەوەی مووسڵ ئاڵۆزترین و گەورەترین تێچووی دەبێت

بنیادنانەوەی مووسڵ ئاڵۆزترین و گەورەترین تێچووی هەبێت کە تاوەکو ئێستا بۆ بنیادنانەوەی ناوچەیەک خەرجی کردووە. ئەوە تەنیا یەک ناوچەی شەڕە، لە هەموو عێراق وێرانکاری دوای شەڕ دەبینی. لە ئەنبار، سەلاحەدین، دیالە، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش. لە دەشتی نەینەوا. شەڕێکی گەورە بووە و تێچووەکەشی زۆرە. لە کۆبوونەوەکانی واشنتن گفتوگۆ لەبارەی بنیادنانەوەی ناوچەکە کراوە. حکومەتی

> 900 هەزار کەس لە مووسڵ ئاوارە بوون

عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هاوکارییان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە بۆ بونیاتنانەوەی وێرانییەکە، قسەیەکی بەهێزیان کرد، گوتیان ئێمە لەبری هەموو جیهان داعشمان تێکشکاند، ئێستا داوا لە جیهان دەکەین هەنگاو بنێن و هاوکار بن بۆ بنیادنانەوەی وڵاتەکەمان.

**ڕووداو: وەڵامی جیهان چی بوو بۆیان؟**

**لیز گراندی:** حکومەتی کوێت ڕایگەیاند کە میوانداریی کۆنگرەی بونیاتنانەوە دەکات، گوتیشی لە چەند مانگی داهاتوودا ئەو کارە دەکات، ئەوە ئاماژەیەکی زۆر بەهێز بوو، نیشانی دەدا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشت ناکاتە عێراق.

**ڕووداو: دوای مووسڵ کوێ دەبێتە ئامانجی هەڵمەتی دژی داعش لە عێراق؟**

**لیزگراندی:** ئاشکرایە هێشتا سێ ئەولەویەتی سەرەکی لە عێراق هەن، ناوچەی تەلعەفەر، ڕۆژئاوای ئەنبار، هەروەها گرنگترینیان حەویجە. ئاگادارین کە ئێستا سوپا تاوتوێی ئۆپەراسیۆنی داهاتوو دەکات، زۆر نیگەرانین لەبارەی ئەو خەڵکە مەدەنییەی کە لەو ناوچانە گیریان خواردووە، وەکو تەلعەفەر، هەروەها ئەو خەڵکە مەدەنییەی لە حەویجە ماون. بە درێژایی شەڕ ئاگاداری ڕەوشی حەویجە بووین. ڕەوشەکە لە هەموو ناوچەکان خراپترە. خەڵکی مەدەنی ئەوێ لەژێر مەترسیی لە ڕادەبەدەردان. ئێمە نیگەرانی ژیانی ئەوانین.

**ڕووداو: ئایا بڕیاری کۆتایی دراوە، ئۆپەراسیۆنەکە لە حەویجە دەبێ یان تەلعەفەر؟**

**لیز گراندی:** تێگەیشتنی ئێمە ئەوەیە ئۆپەراسیۆنەکە زنجیرەیی دەبێت، واتە دوای ئازادکرانی مووسڵ، ناوچەیەکی دیکە ئازاد دەکەن دواتر ناوچەیەکی دی تاوەکو دەگەنە خاڵی کۆتایی. ئەوەی لەکاتی هەڵمەتێکی سەربازیدا ڕوودەدات، ئاگادارکردنەوەی فریاگوزارە مرۆڤدۆستەکانە، ئەوە زۆر گرنگە، چونکە دەبێ دڵنیابین توانای ئەو کارەمان هەیە. بۆ دابینکردنی هاوکاری مرۆیی دەبێ توانامان هەبێت بەر لە شەڕ ئامادەکاری بکەین. هێشتا ئاگادار نەکراوین لە کاتی شەڕی دواتر، پێشبینی دەکەم پێمان بڵێن، چونکە وەک گوتم دەبێ لەوێ بین بۆ ئەوەی ئامادەی بەهاناوەچوونی خەڵک بین.

**ڕووداو: حەویجە گەورەترین تەحەددایە، چونکە ژمارەیەک زۆر خەڵکی مەدەنی تێدایە. ئایا ئێوە ئامادەکارییەکانتان تەواو کردووە؟**

**لیز گراندی:** چەند مانگێکە لە ئامادەکاریدان، ئەوەش لەبەرئەوەی دەزانین خەڵکی ئەوێ لە مەترسیی گەورەدان، وەک گوتت، ئەوە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەبێت، دەستکراوە بە دروستکردنی کامپ بۆ حەواندنەوەی ئەو خەڵکەی کە ڕەنگە ڕابکەن. لە ئێستاوە ئامادەکاری کراوە، دەزانین ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەبێت.

ڕووداو: ئاوارەکان ڕوودەکەنە کەرکووک یان هەرێمی کوردستان، کەمپەکان لە کوێ دەبن؟

لیز گراندی: لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەکە کارمان کردووە بۆ بنیادنانی کامپ لەو ناوچانەی کە بەرپرسان خۆیان دیاریی دەکەن. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پلانی شەڕی حەویجە، پێشبینی دەکەین پێویستمان بە دروستکردنی کامپی دیکەش هەبێت.

**ڕووداو: چەند کچی کورد لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ ڕزگارکراون؟**

**لیز گراندی:** سەدان ژنی ئێزدی ڕزگارکراون، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاژانسێکی هەیە تایبەت بە هاوکاریکردنی دانیشتووان، بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە بۆ یارمەتیدان و گونجاندنەوەی ئەو کچانە لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگاکانیان، دەزانین کە هاوکاریی پتر لە هەزار کچ کراوە.

## هەندێجار تووشبوو دەکوژێ

# جۆرێکی هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر پەرە دەستێنێ



سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

پزیشـکێکی پسـپۆڕی هـەرس و جگەر دەڵێـت ئەمسـاڵ ئـەو جـۆرەی هەوکردنی ڤایرۆسـیی جگـەر ڕوو لـە زیادبوونە کە لە ڕێگەی خـواردن و خواردنەوەی ناخاوێنەوە دەگوازرێتـەوە، وەزارەتـی تەندروسـتیش لەگـەڵ ئـەوەی ئامـاری فەرمیـی نییـە، پشتڕاسـتی دەکاتـەوە کـە ئـەو جـۆرەی هەوکردنـی ڤایرۆسـیی جگـەر بەربڵاوە، بەتایبەتی لە کەمپەکان.

پێنـج جۆر هەوکردنی ڤایرۆسـیی جگەر هـەن: جۆری A و D کـە بەهۆی خۆراکەوە دەگوازرێنـەوە و نابنـە حاڵەتی درێژخایەن و زۆربەیـان خۆبەخۆ چـاک دەبنەوە، بەڵام کەمینەیەک تووشی هەوکردن و پەککەوتنی جگەر دەبـن و لە ماوەیەکـی کورتدا ژیانی تووشبووەکە دەکەوێتە مەترسییەوە و دوور نییە بیکوژێ.

ئـەوەی زۆرتـر جێگـەی باسـوخواس و پشکنین و چارەسەرە، بریتین لە جۆرەکانی B و C کـە دەبنە نەخۆشـیی درێژخایەن و ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن و ڕێوشـوێن لەدژیان نەگیرێتەبەر ئەوە هەم پەککەر و کوشندەن، هـەم لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکە دەگوازرێنـەوە لـە ڕێگەی شـلەکانی لەش، وەکوو: سێکس، خوێن و بەرهەمەکانی، لیک و شیری دایک.

### ئەمساڵ جۆری A زیادی کردووە

پسـپۆڕێکی تەندروسـتیی کۆمـەڵ دەڵـێ هەوکردنـی ڤایرۆسـیی جۆری A، لە پیسـایی کەسـێکەوە دەچێتـە جەسـتەی کەسـێکی تەندروستەوە.

د.عەبدولفەتـاح هەورامـی، کـە دکتـۆرای لـە پزیشـکیی کۆمەڵ هەیـە، بـە (ڕووداو)ی گـوت "کاتێک کەسـێکی تەندروسـت خواردن و خواردنەوەیـەک دەخـوات کـە بە پیسـایی کەسـێکی تووشبوو پیس بووبێ، ڤایرۆسەکەی بۆ دەگوازرێتەوە".

د.عەبدولفەتـاح دەڵـێ مـەرج نییـە گواسـتنەوەکە ڕاسـتەوخۆ لـە پیسـاییەوە بۆ خـواردن بـڕوات "کاتێـک ئەندامێکـی خێزان دەستی بە ڤایرۆسەکە پیس بووە و خواردن بۆ خێزانەکە ئامادە دەکات، یان بەهۆی بەرکەوتنی زۆر لەنێوان جەسـتەی کەسی تووشبوو لەگەڵ کەسـی تەندروسـت، دوور نییـە هەمـوو یان بەشـێکیان تووش بـکات، هەندێکجاریش ئاوی پیسـبوو بـە زێراب و زبڵ دەبێتە سـەرچاوەی گواستنەوەی نەخۆشییەکە".

ڕێکخـراوی تەندروسـتیی جیهانیـش دەڵێ هەوکردنی ڤایرۆسـیی جۆری A پەیوەندییەکی بەهێـزی هەیـە بـە خـواردن و خواردنـەوەی ناخاوێن و ناسەلامەت، ناخاوێنی سیستمی ئاو و لاوازیی خاوێنیی تاکەکەسی و تایبەتی.

> **وەزارەتی تەندروستی:**
> ئـەو نەخۆشـیيە بەتـایبـەتی لـە کەمپەکان زۆرە

### ئەمیش مەترسیدارە

پسـپۆڕێکی هـەرس و جگـەر دەڵـێ نابێ مەترسـییەکانی هەوکردنی ڤایرۆسـیی جگەری جۆری A نادیدە بگیرێن.

د. هیـوا ئەبوبەکـر کـە دکتـۆرای لـە نەخۆشـییەکانی هـەرس و جگـەر هەیـە، بـە (ڕووداو) ی گـوت "ڕاسـتە ئـەم جۆرە لە هەوکردنـی جگـەر وەکوو جۆرەکانـی B و C نابێتـە نەخۆشـیی درێژخایەنی جگـەر، بەڵام هەندێکجـار دەبێتە هـۆی پەککەوتنی کتوپڕی جگـەر و دوور نییـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا کەسەکە بکوژێ".

هەندێکجار ئەمجۆرە لە هەوکردنی جگەر بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بڵاودەبێتەوە. ساڵی 1988 لە شانگەهای شەپۆلێکی ئەم نەخۆشییە هـات و بووە هۆی نەخۆشخسـتنی 300 هەزار کەس.

ڕێکخـراوی تەندروسـتیی جیهانـی دەڵـێ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشـییە لە ناوچەیەکدا، لێکەوتـەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆری دەبێ "ئەو کەسـەی تووشـی دەبـێ، زۆرکات چەند هەفتەیـەک یـان تەنانەت چەنـد مانگی دەوێ تاوەکوو چاک دەبێتەوە.

ئەو پزیشـکەی پسپۆڕی هەرس و جگەر لە سلێمانی دەڵێ جیاواز لە ساڵانی پێشوو، ئێستا ئەو جۆرەی هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەری (A) ڕوو لە زیادبوونە.

د.هیـوا ئەبوبەکـر گوتـی "زۆر بـە باشـی تێبینی دەکەین ئەمسـاڵ ژمارەی حاڵەتەکانی هەوکردنـی جگـەری A زۆر زیاترن لە سـاڵانی دیکـە. ئەم جۆرەی هەوکردنی جگەر لای ئێمە خەریکە وەک پەتای لێدێ".

پزیشـکە پسـپۆڕەکە دەڵێ بەهـۆی ئەوەی لـە کوردسـتان کراوە بـە ڕۆتین کـە لە کاتی خوێنبەخشـین، نەشـتەرگەری، چارەسـەری ددان، هاوسـەرگیری و چەندیـن بۆنـەی دیکە پشـکنینی ڤایرۆسـەکانی B و C بـۆ خەڵکی دەکرێـن، دوو لێکەوتە پەیدا بوون، هەم کەمتر لە جـاران ئەو حاڵەتانە ون دەبن، هەم خەڵک و پزیشـکیش تەنیا سەرنجیان لەسەر ئەو دوو جۆرەیە و جۆری یەکەمیان فەرامۆش کردووە.

بـە بۆچوونـی دکتـۆر هیـوا، هۆکارەکـە تاوسـەندنی قەیرانـی ئابووریـی کوردسـتانە "ئـەم قەیرانـە هەم ڕۆڵـی دەزگای چاودێری و خۆپاراستنی تەندروسـتیی کوردستانی سست کـرد و چیـدی وەک جاران چـالاک نین، هەم ئاسـتی خاوێنیـی خەڵکـی دابەزانـد و زۆرتر ڕووبەڕووی کردن لەگەڵ ڤایرۆسەکە".

### وەزارەت: ئامارمان نییە

دکتـۆر هیـوا دەڵێت پشـکنینی ڤایرۆسـی جگەری جۆری A هەم وەکوو ئەوانەی دیکە ورد نییـە و هەم کەمتر بەردەسـتە، بۆیە زۆر کەم پشکنینی تاقیگەیی بۆ ئەم جۆرەیان دەکرێ.

وەزارەتی تەندروسـتیش دەڵێ ئەو ئامارەی لای ئەوان بۆ هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر هەیە، تەنیـا جـۆری B و C تێدایـە و شـتێک نییە بەنێوی ئاماری هەوکردنی ڤایرۆسـیی جگەری جۆری A کە بە پشکنینی تاقیگە سەلمێندرابێ.

د.خاڵـس قـادر، گوتەبێـژ و بەڕێوەبـەری گشـتیی دیـوان لـە وەزارەتی تەندروسـتی بە (ڕووداو)ی گـوت "بـە دڵنیاییـەوە ژمـارەی حاڵەتـەکان زۆرن، بـەڵام بـە وردی نازانیـن چەنـدن، نێـو کەمپـەکان بەتایبەتی شـوێنی بەربـڵاوی ئەمجـۆرە لـە ڤایرۆسـی هەوکردنی جگەرن".

د.خاڵسـیش قەیرانـی ئابـووری بـە هۆکارێکـی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی هەوکردنی جگەری جۆری A دەزانێ "بەهۆی قەیرانەکـەوە چاودێریـی وەک جاران بەهێز نییە و خاوێنیش وەکو جاران بە توندوتۆڵی نەگیراوە".

### نیشانەکانی:

(لەمـاوەی 14 – 28 ڕۆژدا دەردەکەون)

کـە بریتین لە: تـا، لەشـداهێزران، نەمانی ئـارەزووی خـواردن، سـکچوون، ئێڵنـج، سکئێشـە، تۆخبوونـی ڕەنگـی میـز، تووشبوون بە زەردوویی (70%ی نەوجەوان و پێگەیشتووانی تووشبوو).

هەندێکجـار نەخۆشـەکە بـۆ ماوەیـەک چاک دەبێتەوە، کەچی نیشـانەکان دووبارە سـەرهەڵدەدەنەوە. نیشانەکان بە گشتی لە نەوجەوان و کەسانی پێگەیشتوودا توندترە، بەڵام منداڵانی تەمەن شـەش ساڵ و کەمتر هێـواش نەخۆشـییەکە دەگـرن، یـان هیچ نیشانەیەکیان نابێ.

# گەرمابردن و ڕێگەکانی پێشگیری لێی



## هۆکارەکان:

گەرمای هەوا
لەدەستدانی ئاو و خوێی لەش
شێی زۆر

## کێ زۆرترین مەترسی لەسەرە؟

منداڵان
بە ساڵاچووان
تووشبووان بە نەخۆشی دڵ، دەمار و شەکرە

## نیشانەکان

هەناسەکێشانی توند
لاوازی و داهێزان
گرژبوونی ماسوولکەکان
گێژبوون
دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە
هەڵچوون
ڕەنگ زەرد بوون
کرانەوەی بیلبیلەی چاو
لاوازبوونی ترپە
دابەزینی گوشاری خوێن
وشک و داخبوونی پێست
بەرزبوونەوەی گەرمای لەش بۆ سەرووی ٤٠ پلە
سوور یان شین بوونەوەی ڕەنگی پێست
لەحاڵەتە سەختەکاندا تەشەنوج و تەنانەت کۆمای بە دواوەیە.

## چ خواردنەوەیەک باشە؟

گوڵاو
ئاوی شووتی
سرکە و هەنگوین و سەهۆڵ لەگەڵ تۆوی چەقچەقە، دۆی ترش، لیمۆ، عەنناب و شەکر، ڕیحانە.

## ڕێگەکانی پێشگیری

ئەوەندەی بۆت بکرێت لە ماڵ دەرمەچوو
لە شوێنی فێنک پشوو بدەن
شلەمەنی سارد بخۆنەوە
لە ئۆتۆمبیلدا فێنکەرەوە داگیرسێنن
لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکان سەردانی پزیشک بکەن
جلی گونجاو بپۆشن
کاری قورس بە لەشتان مەکەن

## یارمەتییە سەرەتاییەکان بۆ گەرمابردوو

بۆ شوێنی فێنک بیگوازنەوە
ماسوولکە گرژبووەکان بشێلن
خاولییەکی شێدار لەسەر نێوچاوان و ماسوولکە گیراوەکانی دابنێن
ئاو و شکر و خوێ تێکەڵ بکە و بیدەرێ (یەک کەوچک چایی خوێ 8 کەوچکی چای شەکر لە ١ لیتر ئاو بکەن)
ئەگەر بەوانە چاک نەبوو بۆ بنکەیەکی پزیشکی بیگوازنەوە

## محەممەد بن سەلمان ڕکابەرەکانی رادەماڵێ

# ململانێی شاراوەی ئامۆزاکان لەناو ئالی سعود

**رووداو- هەولێر**

تا رۆژی 20ی حوزەیرانی ئەمساڵ هیچ کەسێک نەیدەتوانی فەرمان لەسەر محەممەد بن نایف بکات، چونکە تاوەکوو ئەو رۆژە وەلیعەهدی سعودیە بوو. بەڵام شەوی 20ی حوزەیران بن نایف بانگهێشتی کۆشکێک لە مەککە دەکرێت و لەوێ دوای چەندین کاژێر قسەکردن، بە پێچەوانەی ویستی خۆی ناچار دەکرێ دەستبەرداری پایەکەی ببێ.

بەرەبەیانی رۆژی دواتر سعودییەکان لە رێی دیمەنی ماچکردنی دەستی بن نایف لەلایەن محەممەد بن سەلمان، وەلیعەهدی نوێی سعودیە، زانییان پاشای داهاتووی وڵاتەکەیان گۆڕاوە. یەکێک لە کەسانی نزیک لە ئەنجوومەنی شاهانە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاندووە "کاتێک محەممەد بن سەلمان دەستی کەسێکی ماچ کرد، دەبێ بزانیت ئەو کەسە شتێکی خراپی بەسەردێت". لە دوای یەکتر بینینی بن نایف و بن سەلمان دادگای شاهانە رایگەیاند کە محەممەد بن سەلمان وەلیعەهدی نوێی سعودیەیە.

شانشینی سعودیە لە سەرەتاوە هەوڵی دا رووداوەکە وەکوو حاڵەتێکی ئاسایی پێشانی دەرەوەی کۆشک بدەن، بەڵام لە نێوخۆی خانەوادەی شاهانەدا باسی زۆر هۆکاری دیکە کراوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە محەممەد بن نایف بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند، لە کۆشکەکەی مەککە بن نایف تەنیا چاوی بە شا سەلمان کەوتووە، شا مەبەستی بووە بن نایف بە خۆشی واز لە پۆستی وەلیعەهد بهێنێت بۆ محەممەد بن سەلمان.

سەرچاوەیەکی دیکەش لە کۆشکی شاهانەوە بە (واڵ ستریت)ی ئەمریکی گوتووەک "بن نایف بە زۆر لادرا. هۆکاری لادانەکەی نهێنییە و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئاشکرای بکات"، بە بۆچوونی ئەو بەرپرسەی خێزانی شاهانە "لادانی بن نایف بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانیی سعودیە بووە".

### کۆبوونەوەکەی کۆشک

رۆژی 20ی حوزەیران، بن نایف خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جەژنی رەمەزان. هەر ئەو رۆژەش دەبووایە لە کۆشکی شاهانە لە مەککە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت کۆببێتەوە. بڕیاربوو کۆبوونەوەکە ئاسایی بێ.

وەزیری نێوخۆی پێشووی سعودیە ماوەی چەند مانگێک بوو هۆشدارییی پێدرابوو کە محەممەدی ئامۆزای دەیەوێ لەسەر کار لایبدات. بن نایف ئەو نیگەرانیانەی رەتکردبووەوە. کەسێکی نزیک لە ئەنجوومەنی شاهانە بە (واڵ ستریت)ی گوتووە "بن نایف بڕوای نەدەکرد محەممەد بن سەلمان لەو ماوەیەدا ئەوە بکات، چونکە تەنیا سێ رۆژی مابوو بۆ جەژن"

بڕیاربوو بن نایف هەتا شەو بەشداری کۆبوونەوەکە نەکات، لەبەر ئەوەی بە نیاز بوو یەکەمجار نوێژی تەراویح بکات. لەگەڵ داهاتنی تاریکی، کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی بن نایف گەیشتنە کۆشک. لەگەڵ گەیشتنیدا داوای لێکرابوو خۆی بە تەنیا و بەبێ راوێژکار و پاسەوانەکانی بچێتە ژوورەوە. بۆیە بە گوتەی یەکێک لە سەرچاوەکان "هەموو شتەکان، دەمانچە و تەلەفۆنیان لە بن نایف وەرگرت".

بەرپرسێکی هەواڵگریی ئەمریکی کە فایلە پزیشکییەکانی بن نایفی بینیوە، پشتڕاستی کردووەتەوە کۆمەڵێک دەرمانی بەکارهێناوە کە توانای ئەوەیان هەیە مرۆڤ ئاڵوودە بکەن. بە گوتەی بەرپرسە هەواڵگرییەکەی ئەمریکا، هۆکاری بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە بۆ تێکچوونی باری جەستەیی و دەروونیی بن نایف لە دوای هێرشێکی قاعیدە لە ئابی 2009 دەگەڕێتەوە کە بۆ کوژرانی بن نائیف رێکخرابوو.

بەڵام رۆژنامە ئەمریکییەکان ئاماژە بۆ دیداری مەلیک سەلمان و برازەکەی ناکەن. لە راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە بن نایف پێی گوتراوە بڕیارە شاسەلمان ببینێت، بەڵام ئەمە روویندەداوە. لە راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)یشدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نەکراوە کە بن نایف شای سعودیەی بینیبێ. بە گوێرەی هەردوو رۆژنامەکە، بن نایف بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژوورێکدا راگیراوە، لەو ماوەیەشدا محەممەد بن سەلمان داوای کۆبوونەوەی 35 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی بەیعەتی کردووە، تاوەکو رەزامەندی لەسەر گۆڕینی وەلیعەهد بدەن. بە گوتەی بەرپرسانی سعودی لەو کۆبوونەوەیەدا 31 ئەندامی ئەنجوومەنەکە گۆڕانکارییەکەیان پەسەند کردبوو.

محەممەد بن نائیف لەو ژوورەدا لە بڕیارەکەی محەممەد بن سەلمان و ئەنجوومەنی بەیعەت ئاگادار کرابووەوە. بە گوتەی هەندێک بەرپرسی سعودی، بن نایف سەرەتا رازی نەبووە بڕیارەکە قەبووڵ بکات، بەڵام بە گوشاری ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانی شاهانە ملی داوە. بە گوێرەی (تایمز) و (جورناڵ)ی ئەمریکی، بن نایف زانیبووی هیچ ریگای دەرچوون لەو ژوورەی نییە، بۆیەش بەرەبەیانی 21ی مانگ رازی بوو بەیعەت بە ئامۆزا بچووکترەکەی خۆی بدات.

سیستەمی ئیداری و بڕیاردانی سعودیە لەگەڵ هی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە جیاوازە. ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە خانەوادەی شاهانەوە هەیە، لەلایەن ئەنجوومەنی بەیعەتەوە یەکلایی دەکرێنەوە کە نوێنەرایەتی هەموو نەوە زیندووەکانی عەبدولعەزیز بن سعود، دامەزرێنەری شانشینی سعودیە دەکەن.

### ئەمریکاش ئاگادار بووە

بەپێی راپۆرتێکی (جورناڵ)ی ئەمریکی، هەفتەیەک بەر لەو گۆڕانکارییە، محەممەد بن سەلمان نوێنەرێکی گەنجی خۆی بە ناوی تورکی ئەلشێخ رەوانەی واشنتن کردووە بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان لەو گۆڕانکارییە ئاگادار بکاتەوە. بەرپرسێکی کۆشکی سپیش بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە ئەمریکا هەوڵیداوە دەست لە کێشە نێوخۆییەکانی خێزانی شاهانە وەرنەدات، چونکە "ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە لەگەڵ سەرکردایەتی سعودیە هاوکاری و پەیوەندیمان هەبێت".

ئێستا بن نایف گەڕاوەتەوە ماڵەکە خۆی لە جەدە و مافی دەرچوونیشی نییە. لەگەڵ لادانی بن نایف هاوکارێکی نزیکیشی بە ناوی ژەنەراڵ عەبدولعەزیز ئەلحوەیرینی لەسەرکار لادراوە و مافی دەرچوون لە ماڵەکەی خۆی نییە. ئەم هەواڵە ئەمریکییەکانی نیگەران کردووە، چونکە ئەلحوەیرینی دەستی باڵای هەبووە لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوان ریاز و واشنتن.

محەممەد بن نایف، تەمەن 59 ساڵ، جێگەی متمانەی دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی ئەمریکا بووە و رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە لە ساتەوەختە سەختەکاندا هەبووە. لە بەرامبەردا محەممەد بن سەلمان، تەمەن 31 ساڵ، بە ریفۆرمیست و دانەری بەردی بناغەی سعودیەی نوێ دادەنرێت، لەو پلە نوێیەیدا دەسەڵاتێکی بێ سنووری لەسەر داهات و دەسەڵاتە سەربازی و ئەمنییەکانی یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان و گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهانیدا دەکەوێتە دەست.



بن نایف لەو باوەڕەدا نەبوو ئامۆزاکەی بەو بەرە جەژنە لە پۆستەکەی دووری دەخاتەوە

# ئەمریکا رژێمی ئێران دەگۆڕێت؟

**رووداو- هەولێر**

مانگی پێشوو ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا ژمارەیەک دۆکیۆمێنتی نهێنی بڵاوکردەوە کە تێیدا زانیاریی نوێ خراونەتە ڕوو سەبارەت بە بەشداریی ئاژانسەکە لە کودێتای 1953ی ئێران. بڵاوبوونەوەی ئەو بەڵگەنامانە جارێکی دیکە ئەو دەنگۆیانەی گەرمتر کرد کە باس لەوە دەکەن ئیدارەی ئەمریکی بیر لە گۆڕینی رژێمی ئێران دەکاتەوە.

رۆژێک پێش بڵاوبوونەوەی ئەو دۆکیۆمێنتانە، رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەبەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران رایگەیاند کە وەزارەتەکەی هێشتا سیاسەتێکی تەواوی بۆ ئێران دانەڕشتووە، بەڵام دانی بەوەدا نا یەکێک لە بژارەکان "کارکردنە بۆ پشتگیری لەو هێزانەی لە نێوخۆی ئێراندا هەن" و دەتوانن لە گواستنەوە و گۆڕینی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ئێراندا رۆڵی سەرەکی ببینن.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا سێ ئامانجی سەرەکی لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر بە ئێران بەدی دەکرێت. یەکەمیان جێبەجێکردنی سەختگیرانە و پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و زلهێزەکانە، دووەمیان رێگریکردنە لە فراوانتربوونەوەی دەسەڵات و نفوزی ئێران لە ناوچەکە. سێیەم ئامانجیش بریتییە لە بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە تاوەکو بتوانن بەرپەرچی فراوانخوازییەکانی ئێران بدەنەوە.

بەڵام ژمارەیەک لە سیناتۆر و بەرپرسانی ئەمریکی نزیک لە سیاسەتەکانی ترەمپ پێیانوایە تاکە رێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران، گۆڕینی رژێمە. یەکێک لەوان سیناتۆر تۆم کاتنە کە بەردەوام لەسەر سیاسەتی دەرەوە راوێژ پێشکەش بە کۆشکی سپی دەکات. کاتن پێیوایە "هەتا ئەو کاتەی دەسەڵاتێکی تیۆکراتیکی رەها (لە ئێران) هەبێت، ئەمریکا ناتوانێ پارێزراو بێت".

پلانی کاتن بۆ گۆڕینی رژێم لە ئێران، گوشاری ئابووری، گوشاری دیپلۆماتیک و هەنگاوی نهێنی بۆ پشتگیری لە "هێز و گرووپە ناڕازییەکانی نێوخۆی ئێران" لەخۆدەگرێت. کاتن لە دیمانەیەکی گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکیدا دەڵێت ژمارەیەکی زۆر گرووپی ئەتنیکی لە ئێران هەن کە "نایانەوێت لە سایەی دەسەڵاتێکی شیعی ـ فارسی مەرکەزیدا بژین".

مایک پۆمپیۆ، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) یەکێکی دیکەیە لەوانەی پشتگیری لە پڕۆژەی گۆڕینی رژێم لە ئێران دەکات. ساڵی رابردوو پۆمپیۆ بە ئاشکرا داوای لە کۆنگرێسی ئەمریکا کرد پلانێک بۆ "گۆڕینی رەفتاری تاران ئامادە بکەن کە دواجار گۆڕینی رژێمی لێبکەوێتەوە".

لەناو ئیدارەی کۆشکی سپیشدا دێرێک هارڤەی، راوێژکاری کۆشکی سپی بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئیدارەی پێشووی کۆشکی سپی "تێگەیشتنێکی هەڵەی سەبارەت بە ناوەڕۆکی رژێم لە ئێران هەبووە". بۆیە ئیدارەی ئۆباما هەوڵی دەدا پەیوەندییەکی دۆستانەتر لەگەڵ ئێراندا دامەزرێنێت. ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، پێیانوابوو رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و کرانەوەی بازاڕی جیهانی بەڕووی ئێراندا باڵی میانڕەو و ریفۆرمخوازی ئێران بەهێزتر دەکات.

بەڵام ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەمریکا پێیانوایە لە ئێران باڵی موحافەزەکار، سەرکەوتنی ریفۆرمخوازەکان بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات بەکاردەهێنێ، لادانی رژێمی ئێستاش تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا و ئێران بتوانن پەیوەندییەکی ئاساییان هەبێت. جیم مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا پێیوایە "ئێران گەورەترین هێزی تێکدەری سەقامگیری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە". وەزیری بەرگری ئەمریکاش پێیوایە دەستتێوەردانی سەربازی لە ئێران ناتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات، ئەوە خەڵکی ئێران خۆیان کە دەبێ "ئەو حکومەتە لەکۆڵ بکەنەوە، تاوەکوو پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران ئاسایی ببنەوە".

ئۆپەراسیۆنەکەی ئابی 1953 کە بە ئۆپەراسیۆنی ئاجاکس ناسراوە، پەیوەندی بە نەوتەوە هەبوو. کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی- سعودی رازی ببوو داهاتی نەوت بە یەکسانی لەگەڵ ریازدا دابەش بکات. ئێرانییەکان داوای هەمان مافیان لە کۆمپانیای ئەنگلۆ- ئێرانی دەکرد کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا بوو. بەریتانییەکان رازی نەبوون ئەو داوایە قەبووڵ بکەن، بۆیە محەممەد موسەدەق، سەرۆکوەزیران و سەرۆک ئەرکانی ئەوکاتی ئێران، لە سەرەتاکانی 1951 پیشەسازیی نەوتی ئێرانی بە نیشتمانیی کرد. بەریتانییەکان داوای هاوکارییان لە CIAی ئەمریکی کرد تاوەکو موسەدەق لەسەر کار لابدەن.

بەڵام هۆکاری باسکردن لە گۆڕینی رژێمی ئێران لە ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا نەوت نییە، بەڵکو فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێرانە لە ئەفغانستانەوە بۆ یەمەن تا دەگاتە کەنارئاوەکانی دەریای نێوەڕاست. ئێران کێشەیەکی گەورەیە بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەڵام بەرپرسانی ئەمنی لە ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا دەڵێن گۆڕینی رژێمی ئێران باجێکی گەورەی بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەدواوە دەبێت. بروس ریدڵ، ئەندامی پێشووی CIA و شرۆڤەکار لە پەیمانگەی بروکینگز، پێیوایە شەڕی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران "سێ هێندەی شەڕی عێراق قوربانی و زیانی بەدواوە دەبێت". جگە لەمەش ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندیی ئێران هێندە بەهێز و یەکگرتوو نییە و بنکەیەکی جەماوەریی هێندە بەهێزی نییە کە بتوانێ سیاسەتی گۆڕینی رژێم بۆ ئەمریکا جێبەجێ بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئەمریکا هێزی قورس بەکاربهێنێ.

لە ماوەی نزیکەی چوار دەیەی رابردوودا، ئێران کۆمەڵێک جومگەی دەسەڵاتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستکردووە یان بەهێزی کردوون، لەوانەش حیزبوڵڵای لوبنان، میلیشیا و گرووپە شیعییەکانی عێراق و ئەفغانستان، حوسییەکانی یەمەن و هێزەکانی نزیک لە بەشار ئەسەد لە سووریا کە لەلایەکەوە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەپارێزن و لە لایەکی دیکەشەوە شەڕ لە سنوورەکانی ئێران دووردەخەنەوە. هەرچەشنە شەڕێک لەگەڵ ئێران (بەراستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ) هەموو ناوچەکە دەکاتەوە بە مەیدانی شەڕێکی هەمەلایەنە لەنێوان هێزەکانی سەر بە ئێران و هێزەکانی سەر بە وڵاتانی سوننە.



یەکێک لە بژارەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕینی رژێمی ئێران، پشتگیری هێزە ناوخۆییەکانی ئێرانە

### ئیسرائیل بە گۆڕینی رژێمی ئێران رازییە؟

لەکاتێکدا وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپی سەرقاڵی دارشتنی سیاسەتێکی نوێن بۆ ئێران، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئیسرائیل ئەمەی دەوێت، لە کاتێکدا بەشێکی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەستە بە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل؟

ئەوەی ئاشکرایە، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە، بە سیاسەتەکانی ئۆباما و نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا دڵخۆش نەبوون، بەڵام ئەڵتەرناتیڤ چییە لە نێوان گۆڕینی رژێمی ئێران و کردنەوەی بوار بۆ فراوانخوازییەکانی لە ناوچەکەدا (وەکوو ئەوەی ئۆبامای پێ تۆمەتبار دەکرێت)؟



### لە وەزارەتی دەرەوە ڕازی نییە

# ترەمپ تیمێکی نوێ بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران پێکدێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی سازکرد، پاش ئەو کۆبوونەوانە بۆی دەرکەوتووە وەزارەتی دەرەوە ناتوانێ بڕارەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تایبەتی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)، ترەمپ دوای کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بڕیاری داوە تیمێک لە کەسانی جێی متمانەی خۆی لە کۆشکی سپی پێکبهێنێ بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتی 90 ڕۆژی داهاتوودا سەبارەت بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا متمانە لە پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکە بستێننەوە، یان هیچ نەبێت ئەو بژارەیە بە کراوەیی بهێڵێتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆشکی سپی بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "سەرۆک تیمێکی لە ستافی کۆشکی سپی پێکهێناوە تاوەکو لە ڕاپۆرتی 90 ڕۆژی داهاتوویاندا چاو بە پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بخشێننەوە و لە ڕاپۆرتەکەیاندا متمانە لە ئێران وەربگرنەوە. پێشتر ترەمپ ئەو ئەرکەی بە تیلەرسن و وەزارەتی دەرەوە دابوو".

بەپێی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1، حکومەتی ئەمریکا هەموو 90 ڕۆژ جارێک ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ئاستی پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکە پێشکەش بە کۆنگرێس دەکەن و لەوێوە هەڵوێستی حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە دیاری دەکرێت. لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا ئەرکی چاوخشاندنەوە بە ئاستی پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکەی تەمووزی 2015 لەئەستۆی وەزارەتی دەرەوە بووە.

لە کاتی دەستبەکاربوونی ترەمپەوە دوو جار چاوپێداخشاندنەوە بە ئاستی پابەندبوونی ئێران کراوە کە یەکەمیان لە مانگی نیسانی ئەمساڵ بووە، دووەم جاریشیان هەفتەی ڕابردوو بوو. لە ڕاپۆرتەکەی هەفتەی پێشوودا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئێران پابەند بووە بە ڕێککەوتنەکەوە. هەر دوو جارەکەش کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسانی کۆشکی سپی و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە گرژ بووە.

سەرچاوەکەی کۆشکی سپی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە پەیامی سەرۆکی ئەمریکا دیارە و نایەوێت لە 90 ڕۆژی داهاتوودا هەمان ئەنجامی دوو ڕاپۆرتەکەی پێشوو ببینێت. بەگوتەی سەرچاوەکە، بەم هەنگاوە "سەرۆک بە کۆشکی سپی دەڵێت کە دەیەوێت لە 90 ڕۆژی داهاتوودا متمانە لە پابەندبوونی ئێران وەربگیرێتەوە. ئێستاش ئەرکی ئەو تیمەیە ئەم کارە بۆ ترەمپ بکەن".

گۆڤارە ئەمریکییەکە لەگەڵ سێ سەرچاوە قسەی کردووە کە داوایان لێکراوە لە پرۆسە نوێیەکەدا بەشداری بکەن، یان ئاگاداری هەڵوێستی ترەمپن سەبارەت بە پابەندبوونی ئێران. هەر سێ سەرچاوەکە باسیان لەوە کردووە سەرۆکی ئەمریکا دەیەوێ پرۆسەکە لە دەرەوەی وەزارەتی دەرەوە بێت، چونکە ئەو وەزارەتە لە دوو ڕاپۆرتەکەی پێشوویدا هیچ بژارێکی بۆ ترەمپ نەهێشتبووەوە بۆ ئەوەی بناغەیەک بۆ داهاتوو دابنێ.

بەگوتەی سەرچاوەکان، لە کاتی ئامادەکردنی دوایین ڕاپۆرت لەبارەی ئاستی پابەندبوونی ئێران، ترەمپ داوای لە تیلەرسن کردبوو بناغەیەک دابنێن تاوەکوو لە داهاتوودا متمانە لە پابەندبوونی ئێران بەڕێککەوتنەکە بسەندرێتەوە، بەڵام دوای بینینی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە، ترەمپ بۆی دەرکەوت تیلەرسن ئەو کارەی پێناکرێت.

بڕیارە ئەم هەفتەیە سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ ئەو ستافە کۆببێتەوە کە بۆ ئەرکە نوێیەکە دەستنیشانی کردوون، بڕیاریشە هەتا ئەوکات وردەکاری پلانەکەیان بۆ ئاشکرا نەکرێت.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری کۆبوونەوەکەی ئەم هەفتەیەی نێوان ترەمپ و تیمە نوێیەکەیە، بە (فۆرین پۆڵسی) گوتووە "ترەمپ سوورە لەسەر ئەوەی لە 90 ڕۆژی داهاتوودا بڵێت ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبووە".

پێشتریش میدیای ئەمریکی ئاشکرایان کردبوو ناکۆکییەکی زۆر لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لە نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپای ئەمریکیدا هەیە. ترەمپ و ژمارەیەک لە ڕاوێژکار و یاریدەدەرەکانی پێیانوایە دەبێ پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بکرێت کە تێیدا سیستەمی مووشەکی باڵستیکی ئێران و هەوڵەکانی ئێران بۆ تێکدانی سەقامگیری ناوچەکەش وەکوو خاڵ و مەرج ببەسترێتەوە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە. وەزارەتی دەرەوە و پێنتاگۆن سوورن لەسەر ئەوەی پێویستە ئەمریکا پابەندبێت بە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە.

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕادەستی کۆشکی سپی کرابوو، ترەمپ دەبووایە واژۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە بکات کە تێیدا هاتبوو ئێران مەرجەکانی پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەی جێبەجێکردووە. لای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ترەمپ دوودڵ ببوو و بۆ پاش نیوەڕۆکەی کۆبوونەوەیەکی دیکەی لەگەڵ تیلەرسن ڕێکخستبوو کە تێیدا ستیف بەنۆن، داڕێژەری ستراتیژی ترەمپ و سێباستیەن گۆرکا، جێگری یاریدەری سەرۆک بەشدار بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەخنەیان لە ڕاپۆرتەکە گرتبوو و داوایان لە تیلەرسن کردبوو ڕوونی بکاتەوە "پەسندکردنی ئەو ڕاپۆرتە و ڕاگەیاندنی پابەندبوونی ئێران بە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە چی قازانجێکی بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا هەیە". سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکەش ئاشکرای کردووە "تیلەرسن هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە نەبووە، کاتێکیش ترەمپ داوای ڕوونکردنەوەی دەکرد، تیلەرسن بە وەڵامەکانی سەرۆکی تووڕەتر دەکرد".

ئار سی هامۆند، ڕاوێژکاری پەیوەندییەکانی تیلەرسن، ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هەموو ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە بوون لەگەڵ وەڵامەکانی وەزیری دەرەوە هاوڕا نەبوون، بەڵام سەرۆک ترەمپ پێزانینی هەبوو کە وەزیری دەرەوە زانیاری ڕوونی پێدەدات".

یەکێک لە سەرچاوە ئاگادارەکان هۆکاری تووڕەیی ترەمپ بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "90 ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆک داوای لە وەزارەتی دەرەوە کردبوو لە ڕاپۆرتەکەیاندا بناغەیەکی وەها دابنێن کە ترەمپ کۆمەڵێک بژارەی جیاوازی بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە لەبەردەست بێت. تیلەرسن نەیتوانی ئەمە بکات و ترەمپیش متمانەی پێی نەماوە بتوانێ لە داهاتووشدا بیکات، بۆیەش تیمێک لەو ستافەی پێکهێناوە کە جێی متمانەی خۆین".

لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەی مانگی نیساندا، دۆناڵد ترەمپ داوای لە وەزیری دەرەوە کردبوو بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا قسە بکات و دڵنیا بێت لەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا نیگەرانییەکانی ئەوانیش پشتگوێ نەخراوە. بە گوتەی سەرچاوە ئاگادارەکان "تیلەرسن ئەمەی نەکرد. بۆیەش متمانەی سەرۆکی لەدەست دا".

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کرد "تیلەرسن دەیەوێت هاوسەنگییەک لە نێوان بۆچوونی توندئاژۆکانی کۆشکی سپی و هەوڵدان بۆ پاراستنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕابگرێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تیلەرسن هەتا کەی دەتوانێ ئەم هاوسەنگییە ڕابگرێت؟".

" ترەمپ سوورە لەسەر ئەوەی لە 90 ڕۆژی داهاتوودا بڵێت ئێران پابەندی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەبووە"

# بۆچی ئێرلەندا هاوسۆزی سەربەخۆیی کوردستان نییە؟

**پۆڵ ئیدن***
**ڕووداو- هەولێر**

لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا، لۆرد هالیفاکس، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بەریتانیا، بانگهێشتی باڵیۆزی تورکیای کردبوو بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکات کە ئایا تورکیای "بێلایەن" ئامادەیە لەگەڵ هاوپەیمانان لە جەنگی دژی فاشیزمدا بەشداری بکات. باڵیۆزی ئەوکاتی تورکیا بە هالیفاکسی گوتبوو ئەگەر تورکیا لە جەنگەکەدا بەشداری بکات، "کێشەی ڕۆژهەڵات" سەقامگیریی تورکیا تێکدەدات. مەبەست لە کێشەی ڕۆژهەڵات "پرسی کورد" بوو.

وەزیرە بەریتانییەکە کۆڵی نەدابوو، بە باڵیۆزی تورکیای گوتبوو ئەو ئاگاداری "کێشەی ڕۆژهەڵات"ە. پرسیاری کردبوو ئایا ناکرێ ئەو کێشەیە بەو ڕێگەیە چارەسەر بکەن کە کاتی خۆی بەریتانیا کێشەی سکۆتلاندای پێ چارەسەر کرد؟

دیپلۆماتە تورکەکە پاش ماوەیەک بیرکردنەوە گوتبووی "کوردەکان سکۆتلاندی نین، بەڵکو ئێرلەندین". حامید ئاکین ئونڤەر، مامۆستای زانکۆ لە تورکیا، ئەو گفتوگۆیەی نێوان هالیفاکس و باڵیۆزی تورکیای لە بێرنارد لویسەوە بیستبوو. بە بۆچوونی ئونڤەر سیاسەتی تورکیا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە "ژمارەی کوردە سکۆتلاندییەکانی بەرزکردووەتەوە و ژمارەی کوردە ئێرلەندییەکانی کەم کردووەتەوە".

چەند دەیەیەک دوای ئەو مشتومڕە، سەربازێکی هێزی تایبەتی ئەمریکا کە لەشەڕی دژی ئەنسارولئیسلامدا یارمەتیی پێشمەرگەی دابوو، بەدەم سەیرکردنی دیمەنە شاخاوییە جوانەکانی کوردستانەوە بە ڕۆژنامەنووسێکی گوتبوو: "پێشتر بیرم لێنەکردبووەوە، بەڵام دەکرێ تۆ لە ئێرلەندا یان شوێنێکی وەکوو ئێرە بیت. ئەگەر ئەم خاکە هی منیش نەبووایە هەوڵم دەدا بیکەم بە هی خۆم".

ئەم دوو بڕگەیە کە هی دوو قۆناغی جیاوازی مێژوون، بەڕوونی دەریدەخەن گەلی کورد و ئێرلەندی خاوەن سروشتێکی یاخیگەران و خۆشەویستییان بۆ نیشتمانەکەشیان هەر لە هی یەکدی دەچێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئێرلەندییەکان دان بەو وێکچوونەدا نانێن کە لە نێوان مێژووی خۆیان و کورددا هەیە؟

چالاکڤان و سیاسییەکانی ئێرلەندا هیچکات مێژووی ئەو دوو گەلەیان پێکەوە بەراورد نەکردووە و هاوسۆزییان لەگەڵ کورد زۆر کەم بووە. ئێرلەندییەکان زۆربەی جاران مێژووی خۆیان لەگەڵ دۆزی فەڵەستیندا بەراورد کردووە. بەمدواییە ئاڵای فەڵەستین لەسەر هەموو ئەنجوومەنی شارەکانی کۆماری ئێرلەندا هەڵکرا. بەڵام ئاڵای کوردستان ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە. ئێرلەندا لە زۆربەی کێشە دەرەکییەکاندا بێلایەنیی هەڵبژاردووە، بەڵام لە کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلدا هەموو کات هەڵوێستێکی ڕوونی هەبووە، بەم حاڵەشەوە بە دەگمەن قسە یان دانپێدانیان لەسەر دۆزی مێژوویی کورد بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردن هەبووە.

ساڵی ڕابردوو کورد و ئێرلەندییەکان یادی سەت ساڵەی دوو ڕووداوی جیاوازیان کردەوە. ئێرلەندییەکان یادی سەرهەڵدانی جەژنی قیامی 1916یان کردەوە، کە لای ئێرلەندییە نەتەوەخوازەکان بە ساتەوەختی تەقینەوەی خەبات و شەڕی سەربەخۆیی ئێرلەندا دادەنرێت. کوردستانی عێراقیش یادی سەت ساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆیان کردەوە کە سەرەتای پرۆسەی دابەشبوونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێبەشبوونی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی بوو، ئەمەش ڕێک ئەو پرۆسەیەیە کە هەولێر دەیەوێت هەڵیوەشێنێتەوە.

ئێرلەندای باشوور لەساڵی 1922 سەربەخۆیی وەرگرت. پاش گشتپرسییەکەی کوردستان لە 25ی ئەیلول، ڕەنگە دەوڵەتی کوردستانیش لە هەمان ڕێکەوتدا سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت کە ئێرلەندییەکان یادی سەت ساڵەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیانی تێدا دەکەنەوە، واتە ساڵی 2022.

بۆچی ئێرلەندییەکان زۆر بە کەمی دان بە خەباتی کورد بۆ سەربەخۆییدا دەنێن یان هاوسۆزیی بۆ دەردەبڕن، لە کاتێکدا ئێرلەندییەکان مێژووی خۆیان بە هۆکارێک دەزانن بۆ ئەوەی پشتگیری لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانی بێدەوڵەتی دیکە بکەن.

ئەو خەڵکە ئێرلەندییانەی ئاشنای کوردستانن، زۆرجار هۆکاری ئەمە بۆ بێئاگایی دەگەڕێننەوە و دەڵێن ئەگەر ئێرلەندییەکان ئاشنایەتییەکی زیاتریان لەگەڵ مێژووی کورد و ئاواتی سەربەخۆیی کورد هەبووایە، ئەوە هاوسۆزییان لەگەڵیان دەردەبڕی.

هەڵبەت ئەمە حاڵەتێکی تەواو گشتگیر نییە لە ئێرلەندا و ئەمەش جێی دڵخۆشییە. سەرەتای ئەمساڵ لە شاری دێری لە ئێرلەندای باکوور، کۆماریخوازەکانی ئێرلەندا لە کونجی ئازادی دێری (Free Derry Corner) کۆمەڵێک نەخشیان لەسەر دیوارەکان کێشا، ئەمەش وەکوو ئاماژەیەک بۆ خەباتی هاوبەشی کۆماریخوازەکانی ئێرلەندای باکوور و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سووریا.

جیا لەمە ئێرلەندییەک کە لە ڕیزەکانی یەپەگە دژی چەکداری داعش شەڕ دەکات، بەمدواییە بە ڕۆژنامەیەکی ئێرلەندیی گوتبوو "زۆر شتی هاوبەش لە نێوان خەباتی کورد و خەباتی ئێرلەندا دەبینم. هەردووکمان دوو وڵاتی بچووکین و لەدژی دوژمنی گەورە شەڕمان کردووە". شەڕڤانە ئێرلەندییەکەی یەپەگە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەو چوار دەوڵەتەی فەرمانڕەوای چوار ناوچە کوردییەکەن، مامەڵەی ناڕەوایان لەگەڵ کورد کردووە.

دێمۆرت مێلیدی، مێژوونووسی ئێرلەندی پێیوایە بێئاگایی ئێرلەندییەکان بەرامبەر دۆزی کورد لەچاو دۆزی فەڵەستین هۆکاری خۆی هەیە.

مێلیدی بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکوو سەدام کوردی کیمیاباران نەکرد و تاوەکوو ئەوکاتەی کورد شەڕی داعشی نەکردبوو، کەم کەس لەبارەی کوردەوە شتێکیان بیستبوو. بەڵام فەڵەستینییەکان بە ڕفاندنی فڕۆکە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان ناوی خۆیان خستە سەر نەخشەی جیهان".

مێژوونووسە ئێرلەندییەکە پێیوایە زاڵبوونی بیری چەپ یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە وادەکات ئێرلەندییەکان وەکوو پێویست لایەنگری لە دۆزی مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد نەکەن. تەنانەت سیاسییە میانڕەوەکانی ئێرلەنداش کە لەکاتی سەردانی ئیسرائیل و فەلەستین تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی یاسر عەرەفات دادەنێن، زۆر بە کەمی ئامادەن یەک وشە لەبارەی مافی کوردەوە بڵێن.

مێلیدی هەروەها دەڵێت: "ئەو وڵاتانەی کورد بۆ سەربەخۆیی شەڕی لەگەڵ کردوون: تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا، لە ڕۆژئاوا وەکوو دەسەڵاتێکی کۆلۆنیالیی ڕاستەقینە تەماشا ناکرێن، بەڵکو هەموو گەلانی ئەو وڵاتانە بە ستەملێکراو دەزانن، بەڵام کێشەی فەڵەستینییەکان وەکوو خەباتێک لەدژی جووە سپی پێستە کۆلۆنیالیستەکان و هاوپەیمانە ئەمریکییەکەیان لەقەڵەم دەدرێ، ئەمەش لە مێشکی ئێرلەندییە ساویلکەکاندا خۆشەویستییەکی زیاتری بۆ دۆزی فەلەستینییەکان دروستکردووە".

لە نێوەڕاستی نەوەدەکان و لەکاتی شەڕی نیوخۆی هەرێمی کوردستاندا، دانوستاندنی ئاشتیی نێوان لایەنە کوردییەکان بەسەرپەرشتی ئەمریکا لە ئێرلەندا بەڕێوەچوو. ئەگەرچی ئەم هەوڵە شکستی هێنا، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئێرلەندا ڕۆڵی خۆی لەو دانوستاندنەدا گێڕا.

ئەمڕۆکەش ئێرلەندا مەرج نییە واز لە بێلایەنیی خۆی بهێنێ، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە بۆ کێشەی فەڵەستین وازی لە بێلایەنی هێناوە، بەڵام ئێرلەندا دەتوانێ بۆ پرسی جیابوونەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕۆڵی نێوبژیوان بگێڕێت. ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە بەریتانیا ئامادە نییە بیگرێتە ئەستۆی خۆی. دواتر لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێرلەندا لە ناو دەوڵەتە سەربەخۆکاندا پێشوازی لە کوردستان بکات، لە کاتێکدا ئێرلەندا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە 2022 یادی سەت ساڵەی سەربەخۆیی بکاتەوە.



کۆماریخوازەکانی ئێرلەندا لەسەر دیوار نووسیویانە :"شۆڕشی ڕۆژئاڤا ... یەک جیهان و یەک تێکۆشان".

*** پۆڵ ئیدن فریلانسەرێکی ئێرلەندییە لە هەرێمی کوردستان، بۆ بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی ڕووداو دەنووسێ.**



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئاوڕێک لە تورکمان بدەنەوە

تورکمان وەک پێکهاتەیەکی جیاواز، مێژوویەکی درێژە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بە ئاشتی لەگەڵ کورد دەژین، تێکەڵاوی و نزیکایەتییان لەگەڵ کورد بە ئەندازەیەکە زۆربەی خێزانەکانیان لەڕێی ژن و ژنخوازییەوە ڕەگێکیان دەچێتەوە سەر کورد، یان خوارزا یان خاڵوانی خێزانە کوردە هاوشارییەکانیانن. بەشی زۆریان هەر بە بنەچەش دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵە و عەشیرەتە کوردییەکانی ئەو ناوچەیەی لێی دەژین. بەهۆی سیاسەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزیی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، بەشێک لەوانیش هاوشێوەی کورد کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی عەرەب و ئاوارەو دەربەدەر کراون. ماڵ و موڵک و زەوییان دەستی بەسەردا گیراوە و دراوە بە عەرەبی سەردەمی تەعریب.

لەگەڵ کورد خاڵی هاوبەشیان زۆرە، هاوشاری و تێکەڵاون، لە ڕابردوودا هەردوولا قوربانیی دەستی ستەمکاریی دەسەڵاتی عەرەب بوونە، بەر سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کەوتوون، خەڵکیان لەسێدارە دراوە، گوند و شارۆچکە و گەڕەکەکانیان تەخت کراون و عەرەب هێنراوەتە شوێنیان، بۆ داهاتووش چارەنووسمان پێکەوە بەستراوەتەوە. بەڵام هیچکات کورد نەیتوانیوە ئەم ڕاستییە لە تورکمان بگەیەنێت و لە ململانێکانیدا لەگەڵ عەرەب، تورکمان بخاتە سەنگەری خۆیەوە. هۆکارەکەشی بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ئەدای خراپی سیاسی و ئیداری و جۆرێک لە دووبارەکردنەوەی زوڵم و ستەمکاریی کوردەوە هەیە لەسەر تورکمانەکان.

ئەگەر لەسەرەتای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەکانی خۆی، تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان کورد و تورکمان دروستبووایە بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە سیاسییەکانی، ئەوکات ڕەنگە گرتنەبەری ڕێگەی چارەسەری کێشەکان پێویستی بە ڕێوشوێنی دەستووریی وەک مادەی 140 نەبا. بەتایبەتی لە شارێکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزیی وەک کەرکووکدا کورد دەبوو لەوە تێبگات کە سەرباری ڕەوایەتی مەسەلەکەی، بەڵام پێویستی بە هاوبەشێک هەیە بۆ داوای وەرگرتنەوەی شارەکەی. ئێمە پێچەوانەکەیمان کرد و لە زۆر وێستگەدا تورکمانمان خستە بەرەی عەرەبەوە لە دروستکردنی ڕێگری لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و تەنانەت ناوچەکانی تری هاوشێوەی کەرکووکیشدا.

وەک دەڵێن مێژوو هەر بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بۆ پەند لێوەرگرتنیشە، دەکرێت ئێستا کورد پەند لە هەڵەکانی خۆی وەرگرێت، بەتایبەت کە لەبەردەم پرۆسەیەکی چارەنووسسازداین بەرەو سەربەخۆیی کوردستان. وەک لە دەیەی ڕابردوودا نەمانتوانی تورکمان وەک هاوبەشێک بهێنینە سەنگەری داواکردنەوەی کەرکووکەوە، پێویستە ئێستا ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە و دەستەبەری ئەوە بکەین کە تورکمان لە سەنگەری سەربەخۆیی کوردستاندا بێت. چونکە لەلایەک وەک هاوبەشێک لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی کوردستان مێژوویەکی زۆرە لەگەڵمان دەژین، هەروەها ئەگەر تورکمان شانبەشانی کورد داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکات، هاوکێشەکان لەسەر ئەرزی واقیع لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە قازانجی پرۆژەی کوردی زۆر دەگۆڕێت، پێویستە لەوە تێبگەین کە بەبێ تورکمان ئێمە ئەو ناوچانە وەرناگرینەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دونیا لە ڕەوایەتی داخوازییەکەمان زۆر سوودبەخش دەبێت.

بەڵام تورکمان بەچاوی گومانەوە لە کورد دەڕوانێت، بەبێ دەستەبەرکردنی دڵنیایی، چارەنووسی خۆی ناداتە دەست قەدەری کورد، بەتایبەت کە ئەو نزیک پانزە ساڵەی ڕابردوو کورد وێنایەکی ناشرینی لە دەسەڵاتداریێتی لەو ناوچانە نیشانداوە. دەبێت لە ئاستێکی باڵادا لەگەڵ تورکمان بکەوینە گفتوگۆ، گەرەنتیی نێودەوڵەتی، دەستوور، هەر سازشێکی دیکە کە پێویست بێت بۆ گۆڕینی سەرنجی تورکمان بەلای کورددا، دەبێت کورد بێ دوودڵی پێیان ببەخشێت. هەروەها پێویستە بەرچاویان ڕوون بکەینەوە لەوەی تورکمان کەوتووەتە نێوان دوو واقیعەوە، هاوبەشییان لەگەڵ کورد دەبێتە زامنی پاراستنی ناسنامە و مافەکانیان و مانەوەیان لە عێراقدا دەیانخاتە بەردەم پرۆسەی سڕینەوە.

بەدەر لە مەترسییەکانی تری بەردەم عێراق لە نائارامی و شەڕ و ململانێی خوێناوی، تورکمان بەهۆی دابەشبوونیان بەسەر هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، لەبەردەم هەڕەشەیەکی دیکەی بچووکبوونەوەشدان و ئێستا سەرەتاکانی دەرکەوتوون کە شیعە دەخوازێت ناسنامەی شیعی زاڵ بێت بەسەر ڕۆحە نەتەوەییەکەیاندا، بەمەش پێگە و قەبارەی تورکمان زۆر بچوکتر دەبێتەوە لە جاران. هەروەها عەرەبەکانی عێراق سەر بە کۆمەڵگایەکی خێڵەکین کە ڕێژەی زاوزێ لەناویاندا زۆر خێرایە. لەبەرامبەردا تورکمان کەمترین خێزانیان بواری ئەوە دەدەن لە دوو منداڵ زیاتریان هەبێ. ئەمە وادەکات تورکمان بکەوێتە بەردەم مەترسی لەناوچوون و توانەوە لەناو عەرەبدا.

ئەگەر تەماشای پەنجا شەست ساڵی ڕابردوو بکەین، ئەو مەترسییە دەبینین، بۆ نموونە لە سەرژمێریی ساڵی 1957 کە بەپێی بنەما زانستییەکان باوەڕپێکراوترین سەرژمێرییە، تورکمان لە عێراقدا ڕێژەیان (2.16%)ی ئەوکاتەی کۆی گشتیی دانیشتووانی عێراق بووە، بەڵام دوای چل ساڵ و لە دوا سەرژمێریی ساڵی 1997 دا ژمارەی تورکمان کەمی کردووە بۆ (0.28%). تەنانەت لەسەر ئاستی کەرکووک، ساڵی 1957 تورکمان 21.44%ی دانیشتووانی کەرکووک بوون، لە دوا سەرژمێریی ساڵی 1997 دا ڕێژەی دابەزیوە بۆ 6.66%.

تەنانەت لە پشک و بەشداری و نوێنەرایەتیکردنیشدا لە عێراق هەمیشە پێکهاتەیەکی نکوڵلێکراو بووە، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا وەزیرێک بە تورکمان دراوە، مام جەلال کاتێ سەرۆک کۆمار بوو، پێشنیازی کرد لە سێ جێگرەکەی یەکێکیان بۆ تورکمان بێت، بەڵام سوننە و شیعەی عەرەب پێکەوە لەدژی ئەو پێشنیازە وەستان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە عەرەب سەرباری ئەوەی هەموو هەوڵەکانیان خستووەتە گەڕ بۆ لێکدوورخستنەوەی کورد و تورکمان، بەڵام ئامادە نین تورکمان بکەنە شەریک لە حوکمڕانیی عێراقدا. ئێستاش کە عێراق نزیکبووەتەوە لە 37 ملیۆن کەس، تورکمان بەو ژمارە کەمەوە دەبنە بەشێکی زۆر بچووک لە عێراق و بەهۆی ئەو گەشەکردنە ناسروشتییەی عەرەبەوە تادێت ژمارەی عەرەب زیاتر دەبێت و تورکمانیش بچووکتر دەبنەوە.

ئەگەر تورکمان بیەوێ لەگەڵ کورد بژی، چ لە ڕووی ژمارە و وەک پێگەی سیاسیش دەبێت بە هێزی دووەم لە کوردستان. لە کوردستانێکی نزیک بە 7 ملیۆن کەسیدا، تورکمان دەبنە پێکهاتەیەکی گەورە. ئەوکات وەک ئیستحقاقێک بۆ پێکهاتەی دووەم دەبنە خاوەنی یەکێک لە پۆستە باڵاکانی کوردستان (سەرۆکایەتی، حکومەت، پەرلەمان). چەندین وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و پۆستی ناو وەزارەت و فەرمانگەکان وەردەگرن. لە پەرلەمانی کوردستانیش دەبنە خاوەنی ژمارەیەک کورسی بەرچاو و بەو هۆیەشەوە دەتوانن بە یاسا پارێزگاری لە ماف و ئیمتیاز و کولتوور و زمانی خۆیان بکەن. بەڵام بە مانەوەیان لە عێراقدا، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا هەڕەشەی گەورە دەکەوێتە سەر ناسنامە و تەنانەت وجودیشیان.

**وەک لە دەیەی ڕابردوودا نەمانتوانی تورکمان وەک هاوبەشێک بهێنینە سەنگەری داواکردنەوەی کەرکووکەوە، پێویستە ئێستا ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە و دەستەبەری ئەوە بکەین کە تورکمان لە سەنگەری سەربەخۆیی کوردستاندا بێت**



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# بەرەو مەفرەزە سەرەتاییەکانی داهاتوو!

سیاسەت بە ئەنجامەکانیدا هەڵدەسەنگێندرێ. کاتی خۆی کە دانوستاندنەکانی نێوان ئێران و زلهێزە جیهانییەکان سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران شکستی هێنا، دکتۆر جەلیلی جەلیلی، دانوستاندنکاری هەرەباڵای ئێرانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ زلهێزەکان، لە گەڕانەوەدا بۆ تاران گوتی: "ڕاستە لە دانوستاندنەکاندا نەگەیشتینە ڕێککەوتن، بەڵام لە گفتوگۆکاندا لۆژیکی ئێمە زاڵتر بوو!".

شکستی ئەو دانوستاندنە و ڕێنەکەوتن لەگەڵ زلهێزەکان بوو بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خراپترین و چۆکشکێنترین گەمارۆ بەسەر ئابووریی ئێراندا بسەپێنێ. ئەو گەمارۆیە مەکینەی ئابووریی ئێرانی تا ئاستی وەستان و ئیفلیجبوون برد و ئێرانیشیان ناچار کرد هەر یەک دوو ساڵ دواتر، پاشەکشەی زۆر زیاتر و تەنازولی زۆر گەورەتر بۆ هێزە جیهانییەکان بکات. هەموو ئەمەش بەو هۆ سادەیەی کە حاکمانی ئێران لەبیریان کردبوو، دیپلۆماسیی گۆڕەپانی "دان" و"ستاندن" لەسەر بنەمای دەسەڵاتە، نەک باسی لۆژیک. خەڵک لە حاکمەکانی ئێران ناپرسن لۆژیکی گفتوگۆتان چی بوو، بەڵام دەپرسن بۆچی ئەمە ئاکامی سیاسەتتان بوو؟ ئەوانەی لە دانوستاندنە ئەتۆمییەکانی ئێراندا دڵیان بە لۆژیک خۆش کردبوو، ئەوانەن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا، پێیان دەگوترێ "ئوسووڵگەرا".

ئوسووڵگەرایی لە سیاسەتی گۆڕانخوازانەی باشووری کوردستانیشدا خەریکە بە ئاقارێکی زیانباردا دەڕوا. بێگومان وەک چۆن ئوسووڵگەراکانی ئێران شۆڕشگێڕبوونیان وەک بەهایەک پاراستووە، تەنکە تارماییەکی ئەقڵانیەتێکی شۆڕشگێڕانە، بەسەر سیاسەتکاری لە باشووری کوردستانیشدا زاڵە. بەوەشەوە، جیاوازییەکی بنەڕەتی ئوسووڵگەراکانی ئێران و ڕیفۆرمخوازەکانی کوردستان لەیەک جیادەکاتەوە: ئوسووڵگەرایی لە سیاسەتی ئێراندا ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژیکە، بەڵام لە باشووری کوردستاندا، دەرئەنجامی کەم ئەزموونییە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕیفۆرمیستیانەدا. من ئەمە ناو دەنێم هەڵە لە هەڵبژاردنی مێتۆد. هەڵەی ئوسووڵگەرایی لە پانتایی سیاسەتی ڕیفۆرمیستی باشووردا، لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەیەوێ شەڕی دەسەڵات بەشێوەی جەبهەیی بکات، لە کاتێکدا بەبڕوای من، شەڕی سەنگەر بە سەنگەر، لەوانە بوو دەسکەوتی زۆر دەستگرتر و زیاتری هەبوایە. دوو نموونە دەهێنمەوە:

هەموومان خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانیمان لەبیرە. من یەکێک لەو کەسانە بووم کە زۆر دڵم پێی خۆش بوو، بە چەندین نووسینیش ئەوەم باس کردووە. من پێموابوو دەکرێ ئەو خۆپیشاندانانە قووڵ بکرێنەوە و، بکرێن بە کارتی گوشارێکی گەورە بۆ چاکسازیی جددی و بەردەوام لە هەرێمی کوردستان. هەر ئەوکات بە نووسین پێشنیارم کرد، بەجێی "خۆپیشاندان لە پێناوی خۆپیشاندان"، یان "خۆپیشاندان لە پێناوی داوای ڕادیکاڵ"، زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزەدا بکرێ کە خۆپیشاندانی جەماوەری، بە ڕەوتی گۆڕانخوازیی بەخشیوە. بێگومان ئەو خۆپیشاندانانە ترسێکیان خستبووە دڵی دەسەڵاتەوە. کابینەی د.بەرهەم ـیش گوێکراوەترین کابینە بوو بۆ بیستنی دەنگی خۆپیشاندەران. من گەرماوگەرم بەنووسین پێشنیارم کرد بەرلەوەی ئەو خۆپیشاندانانە خۆیان بپووکێنەوە یاخود سەرکوت بکرێن، زیرەکانە و لەبەرامبەر ئیمتیازوەرگرتنی هەنگاوبەهەنگاو لە هێزی حوکمڕان، بەشێوەی کاتی ڕابگیردرێن و کەی پێویست بوو، کەی هەست کرا حکومەت دەستی بەدەستی بەخەڵک دەکا، خۆپیشاندانەکان وەک کارتێکی فشار دیسان جۆش بدرێنەوە.. ئەمەش ئەو کاتە دەکرا کە خەڵک شەفافانە ئاگاداری ڕەوتی دانوستاندنەکان بوونایە و، ئەنجامی کردەی دەستەجەمعیی خۆیان – هەرچەندە بچووکیش بووایە!- ببینیایە (بۆ وێنە ڕادەستکردنەوەی بەشێکی موڵکە گشتییەکان لە حیزبەوە بۆ حکومەت و زۆر شتی تریش، کە ڕادیکاڵ نەبوون و ڕێشیان تێدەچوو). بەڵام پێشەنگەکانی خۆپیشاندان ئەوەیان نەکرد. هەموو شتێکیان ویست و لە ئەنجامدا هیچیشیان بەدەست نەهێنا.

نموونەیەکی تر، ئەو دانوستاندنانەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە پێوەندیی لەگەڵ کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم کران. ئەو دانوستاندنە بێکۆتایی و بێدەستکەوتانە، دەستەواژەی "گەڕی وتوویژ"یان کرد بە قەشمەرترین دەستەواژەی ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی! هیچیش لەو وتوویژانە شین نەبوو، ئەم دۆخەی ئێستا نەبێ. بەبڕوای من لە کەیسی قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێمیشدا، گۆڕان هەمان هەڵەی بەردەرکی سەرای دووپات کردەوە: لە جێی "هێندێک شت"، "هەموو شتێک"ی ویست (یان شتێک کە لە ڕوانگەی پارتییەوە هەموو شت بوو!)، ئاکام بوو بەوەی "هیچ"ی بەدەست نەهێنا.

زۆرمان لەبیرمانە لە جەرگەی قەیران و وتوویژەکاندا، د.بەرهەم ساڵح دەستپێشخەرییەکی جیاوازی کرد. هێڵێکی لیبراڵ و میانڕەو هەیە لە کوردستان کە د. بەرهەم ساڵح نوێنەرایەتیی دەکا. پێشنیاری ئەم هێڵە بۆ چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتی پێشنیارێکی مامناوەندی بوو، کە هەرچەند ئەسڵی کێشەکەی چارەسەر نەدەکرد، بەڵام هیچ نەبێ بۆ ئەم هەلومەرجە هەستیارە ناوچەیی و ناوخۆییە، دەیتوانی دابەشکاری یان هیچ نەبێ چاوەدێرییەکی وردتر و لە نزیکەوە بەسەر ناوەندی بڕیاری سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، مسۆگەر بکات. پێشنیاری د. بەرهەم ئەوە بوو کە بۆ ئەم قۆناغە، بارزانی لە جێی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێم گۆڕانی بەسەردا بێ و بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر چەند جێگرێکی کارادا دابەش بکرێن. ئەگەر ئەمە سەری بگرتایە، بارزانی هەروەک تائێستا لەجێی خۆی ماوەتەوە، دەمایەوە، بەڵام لەبەرامبەردا، پەرلەمان ئاوا سووک نەدەکرا و خەڵکیش ئەوەندە نائومێد و بێزار نەدەکران و، لە هەموو شتێ گرینگتر، ئەگەری ئەوە زۆر بوو لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەکی نیشتمانیدا، دەستەیەکی بەهێز لە نوێنەرانی هەموو هێزەکان، بەگۆڕانیشەوە، تیمی سەرۆکایەتیی هەرێمیان پێکبهێنایە و، بەشداریی کارای پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی بوونایە، شتێک کە بۆ ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان یەکجار ستراتیژی و چارەنووسسازە! پارتی، کاتی خۆی ئامادەیی بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دەسپێشخەرییەی د.بەرهەم دەربڕیبوو، بەڵام گۆڕان، وەک لە میدیاکاندا باس کرا، بە "پەخشانێکی جوان"ی وەسف کرد و، ڕەتیکردەوە. گۆڕان، کایەی "دان" و "ستاندن"ی کرد بە قوربانیی شەڕ لەسەر بەهاکان: ئوسووڵگەراییەکی بێ ئاکام!

قسە لەسەر ئەوە نییە ئاخۆ پارتی ناهەقی کردووە یان نا، کە بەدڵنیاییەوە کردوویەتی! پرسیار ئەوەیە کە تۆ گریمان بۆ هەموو خەڵکی دنیاشت سەلماند پارتی ناهەقیی کردووە، ئایا بەو سەلماندنە، زیانەکانی ئەو ناهەقی و سیاسەتە چەوتانەی ئێستا و ڕابردوو قەرەبوو دەبنەوە؟ ئایا هەر بە تەنیا ئەوەی کە دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایە، هیچ گۆڕانێک لە وەزعی وڵاتدا پێکنەهاتووە، هێمای ناسەرکەوتوویی ئەجنداکەی گۆڕان نییە؟ ئایا سیاسەتی حەکیمانەتر ئەوە نەبوو کە بەجێی داوایەکی ڕادیکاڵ (هەرچەند مەشروع!)، مەتەرێز بە مەتەرێز بچوویتایە پێشەوە؟ دیارە، بەبڕوای من، وەک گوتم، کێشەی گۆڕان ئەوەندەی شکستی مێتۆدە، شکستی بەهاکان نییە. قسە لەسەر ئەو مێتۆد و مێکانیزمانەیە کە لە ژینگەی سیاسیی کوردستاندا بۆ وەدیهێنانی ئەو بەهایانە ڕەچاو دەکرێن. هەرچەند، حاشا لەوە ناکرێ، لەپشت هەر مێتۆدێکەوە جۆرێکی دیاریکراوی مەعریفە هەیە!

ئێستا و لەهەرەتی باسی ڕیفراندۆم و ئەگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆییشدا، دیسان هەلومەرجێکی هاوشێوە خولقاوە کە بە بڕوای من، پێویستە گۆڕان بە ڕۆحێکی ڕیفۆرمیستی، بەڵام پراگماتیستانە و بە پشوویەکی درێژ و دووربینییەکی ستراتیژیکەوە مامەڵەی لەگەڵ بکا. مێتۆدی بەهاگەرایی، بەو شێوەیەی لەو دوو تاقیکردنەوەیەی پێشوودا بینیمان، وزەی بنیاتنەری گۆڕان هەروا بە قەتیسماوی دەهێڵێتەوە. خۆ ئەگەر کارەساتی گەورەتریش ڕووی دا، خەڵکی کوردستان ناپرسێ بەهاکانت چی بوون؟ دەپرسن چیت کرد، بە کۆنکرێتی چیت کرد بۆ بەرگرتن لە کارەساتەکان؟ سیاسەتی دەست لەسەردەست دانان و چاوەڕوانیی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر کەلێنی ناو ڕیزەکانی جەماوەری کوردستان قووڵتر و، میللەت بێ هیوا و دڵساردتر دەکاتەوە. ئەویش نەک هەر دڵسارد لە حیزبەکان، بەڵکو دڵسارد و بێزار لە نیشتمان و ئازادی. میللەتێک کە بەم دەردە برابێت، ئیتر ئیرادەی هیچ گۆڕانێکی نابێ و بەرگەی هیچ گۆڕانێکی گەورەی داهاتوو ناگرێ. ئەویش لە زەریای سەرشێت و بە لرفەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

پرسی ڕیفراندۆم و ئەگەری سەربەخۆیی لە هەرحاڵدا گرێیەکی گەورەی مێژوویی دەکاتەوە: گرێی دەروونیی نەتەوەیەک. جا گریمان هەزار گرێی تریشی بەدوادابێ! پرسی ڕیفراندۆم و ئەگەری سەربەخۆیی نابێ لەگەڵ پرسی پەرەسەندنی سیاسی و کێشەکانی دیمۆکراسیی ناوخۆیی کە پرسی درێژخایەنن، تێکەڵ بکرێت. لە پرسی ڕیفراندۆمدا دنیا تەنیا یەک ئەکتەر دەبینێ: خەڵکی کوردستان. ئیرادەی یەکگرتووی خەڵکی کورد کارتێکی بەهێز دەبێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تەحەدا دەرەکییەکانی داهاتوو. لەم پرسەدا، هەر کەس کون لە پاپۆڕەکە بکا، هەمووان دەخنکێن!

یەکێک لەو هۆکارە گرینگانەی بزووتنەوەی گۆڕانخوازیی بۆ دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس دواخست، بوونی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان بوو. ئەمە جەوهەری وتەیەکی نەمر نەوشیروان مستەفایە. پرسی ئاسایشی نیشتمانی، پرسی یەکەم و ستراتیژیی هەر مرۆڤێکی بەرپرسیارە. وەک چۆن ڕووخانی حکومەتی سەدام حسێن بوو بەهۆی ئازادبوونی وزەیەکی گەورەی گۆڕانخواز لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا، دەکرێ دامەزرانی کیانی سەربەخۆ و دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی بۆ نەتەوەی کوردستانیش، زنجیرێکی گەورەتر لە پێی عەداڵەتخوازانی ڕاستەقینەی کوردستان دابماڵێ. سەربەخۆیی دەتوانێ وزەی مێژوویی ئازادبووی هەناوی نەتەوەی کوردستان لە پێناوی پێکهێنانی نیشتمانێکی جیاواز، دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر، جۆش بدات.

گۆڕان پێویستە هەر بەدەسپێشخەریی ئازایانەی خۆی، ئەم بەستەڵەکە سیاسییەی ئەمڕۆ بشکێنێ. بە ڕۆحێکی بەرپرسیارانەوە، لەجێی ئوسووڵگەراییەکی ڕادیکاڵ، پراگماتیسمێکی ڕادیکاڵ بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە ڕەچاو بکا. شتێک بدا و شتێک بستێنێ و لەجێی دەست لەسەردەست دانان و، خۆشەتەکدان بە سیاسەتکردن لەسەردابی یەکیەتی و پارتی، هێزی خۆی بۆ داڕشتنەوەی ئەجندایەکی نوێ و ستراتیژییەکی جیاواز بۆ گۆڕانخوازی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا تەرخان بکات.

"مەفرەزە سەرەتاییەکانی داهاتوو"، سوپایەکی مەدەنی و ناتوندوتیژ دەبێت لەپێناوی شۆڕشێکی نوێ دژی بنەما کولتوورییەکانی سیاسەتی باو. گۆڕان دەبێ دەستوبرد بکات!

**وەک چۆن ئوسووڵگەراکانی ئێران شۆڕشگێڕبوونیان وەک بەهایەک پاراستووە، تەنکە تارماییەکی ئەقڵانیەتێکی شۆڕشگێڕانە، بەسەر سیاسەتکاری لە باشووری کوردستانیشدا زاڵە**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئایا گۆڕان دێتەوە؟

1

هەفتەی رابردوو، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕانی بیانووبڕ کرد و لە دەستپێشخەرییەکی نوێدا، بێ هیچ شەرت و مەرجێک رازی بوو بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ناو حکومەت. لە بەرامبەردا، گۆڕان بە بیانووی هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتیی نوێ و خانەی ڕاپەڕاندنی خۆی، وەڵامی پارتیی نەدایەوە. تا ڕاددەیەک ڕێی تێدەچێ، چونکە پارتی داوای کۆبوونەوەی کردووە و مەبەستیەتی بزانێ کە دوای گەڕانەوەی یوسف محەممەد بۆ پەرلەمان، گۆڕان بە نیازی چییە؟ ئایا پەرلەمان لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا کە ماویەتی، دەتوانێ لەگەڵ کارابوونەوەیدا دەست بکات بە دەرکردنی بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی لە 25ی ئەیلول؟ هەروەک پێشتر لەلایەن حیزبە کوردستانییەکان، نوێنەری پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە بڕیاری لێدراوە و ئایا پەرلەمان ڕێز لە ویست و ئیرادەیان دەگرێت؟ هاوکات ئایا پەرلەمان دەتوانێ یاسای هەڵبژاردنەکان، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان و سنووری ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەموار بکاتەوە؟ ئایا پەرلەمان پشتیوانی لە فەرمانی هەرێمیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە ڕۆژی 1ی تشرینی دووەمی وەک وادەی هەڵبژاردنە گشتییەکان و سەرۆکایەتیی هەرێم دیاری کردووە؟ یان ئەوەتا یەکەم کاریان، سەرلەنوێ دەستبردنەوەیە بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم؟

پارتی هیچ مەرجێکی لەسەر گۆڕان نەماوە، بەڵام وەک گەورەترین کوتلەی سیاسی لە پەرلەماندا کە خاوەنی زۆرینەیە، دەیەوێ بزانێ کە پەرلەمان لە پێناوی چیدا کارا دەبێتەوە. ئەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە کە دەستبردن بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هێڵی سوور بێت، بەڵام پێیوایە کە نابێت لە ئەولەویەتی کاری پەرلەماندا بێت و بگرە دەیەوێ کار لەسەر سێ پرسە گرنگەکە بکرێت. لەبەرامبەردا زۆر زەحمەتە گۆڕان بە تێکشکاوی بێتەوە ناو پرۆسەکە و بە بیانووی هەبوونی بۆشایی یاسایی (مەبەست سەرۆکی هەرێمە) مل بۆ ئەو دەستپێشخەرییەش نادات. چونکە ئەگەر وا بکات، لە ڕوانگەی جەماوەرەکەیەوە ئەوانیش بوونەتە پاشکۆ یان هاوئاوازی پارتی! گۆڕان بەدوای شەرعییەتی پەرلەمانیی بڕیاری گشتپرسیی کوردستانەوە نییە (لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگبێ بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان هەنگاوێک بهاوێن، بەڵام بۆ شتی دیکە نا) و لە تەقەڵای مانەوەیە لە کێڕڤی بەرزی دژایەتیکردنی پارتیدا. هەر ئەوەشە وا دەکات کە چاوەڕوانیی ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لەو دەستپێشخەرییە نەکرێت.

## ڕێکخەری نوێ و سیاسەتی کۆن

2

هەڵبژاردنی عومەری سەید عەلی بە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان تا ڕاددەیەکی زۆر مسۆگەرە و، هەم پارتی و هەم یەکێتیش پێی دڵخۆشن کە کەسێک دەبێتە ڕێکخەری گۆڕان تا ڕاددەیەک نەرمتر و میانەڕۆتره لە ئەوانی دیکە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر کەسێ بچێتە سەر ئەو گردە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕقی لە دەسەڵات و حکومەت دەبێتەوە. بۆیە ناکرێ پارتی و یەکێتی چاوەڕوانییەکی گەورە لەسەر هاتنی ئەو پیاوە بۆ سەر کورسیی دەسەڵاتی گۆڕان بنیاد بنێن. یان چاوەڕوانی ئەوە بن بە ماوەیەکی کەم گۆڕان سەدوهەشتا پلە لە هەڵوێستە سیاسییەکانی پاشگەز بکاتەوە، یان نەرمیی زیاتر بنوێنێ. یەکێتی ئەو ڕاستییە دەزانێ کە گۆڕان توانای بڕیاری سیاسیی نەماوە، بۆیە خۆشحاڵە لەو ئەمری واقیعەی کە پارتی لە تازەترین دەستپێشخەریدا، بۆ سەرکردایەتیی تازەی گۆڕانی دروست کردووە. هاوکات ئەوەش دەزانێ کە گۆڕان هەر بڕیارێک بدات بۆنی پاشگەزبوونەوەی لێ بێت، هێندەی دیکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکێتی و جەماوەرەکەی لێی دەبنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، پارتی کارتی هەڵبژاردنی وەک کەرەستەیەکی گوشار بۆ سەر ناوەندەکانی یەکێتی بەکاردێنێت و ئەوەش لە پێناوی ئەوەیە کە دوو ئامانج بەدی بێنێت: یەکێتی هەتا سەر پاڵپشتی لە ریفراندۆم بکات و لە داهاتووشدا، ئەگەر گۆڕان نەیەتە پێشەوە، بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو لەگەڵ پارتیدا بمێنێتەوە. چونکە پارتیش ئەوە لە یەکێتی تێگەیشتووە کە یەکێتی حەز ناکات ئەمساڵ هەڵبژاردن بکرێت، خۆ ئەگەر دوو ساڵیش دوا نەخرێ، بخرێتە کۆتایی ساڵی داهاتوو. یەکێتی پێویستی بە کاتە تا لە دوای ریفراندۆم، هەم بەو قورساییەی ئێستای ڕۆڵ ببینێت، هەمیش بە هێواشی گۆڕان قووت بدات. بۆیە تا پارتی زیاتر باسی هەڵبژاردن دەکات، یەکێتی بە دەنگی بەرزتر پشتیوانی لە ریفراندۆم دەکات.

## ریفراندۆم بۆ بارزانی

3

ئەڵبەتە جەوهەری ئەو ململانێیەی لە ناوخۆی کوردستان لەسەر مەسەلەی گشتپرسی دروست بووە، ئەگەر هەندێکی پەیوەست بێت بە وابەستەیی سیاسی بەشێک لە لایەن و گرووپە سیاسییەکان بە ئەجێندای تاران، بەغدا و ئانکارا، بەشە هەرە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ئەم بڕیارە لە 7ی حوزەیران لە کۆبوونەوەیەکدا بەسەرۆکایەتی بارزانی دراوە و هەر خۆشی سەرۆکی کۆمیتەی باڵایە.

ئەوان دەیانویست هەر هەنگاوێک بهاوێژرێت، هیچ فەزڵێکی سیاسی و مێژوویی بۆ خەبات و ماندووبوونی بارزانی تێدا نەبێت و ئەو پێداگیرییەی لەسەر نایاساییبوونی بڕیارەکە دەیکەن و تانە لە وادەی جێبەجێکردنی دەدەن، لەوەوە نییە کە بڕیارەکە لەپەرلەمان دەرنەچووە (چونکە لە پەرلەمانیش دەرچووبایە هەر دەبووایە بارزانی ئیمزای بکات!) بگرە، مەترسیی هەرە گەورەیان ئەوەیە کە ڕۆژی 25ی ئەیلول خەڵکی کوردستان بەشدارییەکی بەرفراوان و گەورە لەو پرۆسەیەدا بکەن. بەوەش خەڵکی کوردستان دەیسەلمێنن کە پابەندی بڕیاری بارزانی و حزبەکانی دیکەی کوردستانن. بۆیە ئەو گشتپرسییە ئەگەرچی پرسیارە لە چارەنووس، بەڵام بەشداریی فراوان و (بەڵێ)ی زۆر، پێگەی بارزانیش وەکو ڕابەری بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کورد پتەوتر دەکات.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# کۆریدۆری حەیات

ماوەیەکە بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی شیعەی عێراق و تۆزێ لەولاتریش، کاربەدەستانی تاران، باسوخواسی پێویستیی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی عێراق - سووریا گەرم دەکەن و بە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان سەخڵەت دەبن. پرسیار ئەوەیە کە داخۆ چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان و ئەو ناوچە جوگرافییەدا هەیە کە بە سنووری عێراق-سووریا دەزانرێت؟ وەڵامەکە لە دووتوێی ئەو مەجالە حەیەوییەدایە کە مومکینە لەم جوگرافیایەوە بۆ دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی کوردستان بڕەخسێت. ئەم بابەتە وردەکارییەکانی ئەو مەجالە حەیەوییە ڕووندەکاتەوە.

هێڵی ڕەبیعە- شەنگال هەتا تەنەف- سنووری ئوردن، دەتوانێت ڕێگایەکی ئەڵتەرناتیڤی گواستنەوەی وزە و گەیاندنی ئاوی کوردستان بۆ ئوردن-خەلیج بێت. بەمەش دەکرێت ئەم ڕێگا گریمانەییە کۆریدۆرێکی حەیاتی بێت کە مەجالی حەیەوی بۆ کوردستان دابین بکات و سەرچاوەی ژیانیش بە کەنداو بگەیەنێت.

## جوگرافیای جێی تەماح: سنووری عێراق و سووریا

لەو ساتەی کە داعش بەناوی پێشڕەویی موبارەکەوە کاروانی ئۆتۆمبیل و چەکدارەکانی لە عێراقەوە بردە ناو سووریا و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بێسنووری دا، مەرزەکانی عێراق و سووریا و نەخشەکەی سایکس-پیکۆ واتایەکی کردارییان نەما. تەنانەت ئەوانەش کە ئێستا داوای پاراستنی ئەو سنوورانە دەکەن، بە کردەوە کار بۆ هەڵوەشانەوەی دەکەن.

ئەگەر لە دەوڵەتانەوە دەستپێبکەین، ئەمریکا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان و ئوردنەوە ئەو سنوورانەی بێ واتا کردووە. لە هەرێمی کوردستانەوە چەک دەگەیەنێتە هێزەکانی سووریای دیموکرات و لەلای ئوردنیشەوە هانی پێشڕەویی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەدات. لە ڕۆژئاوا و لە باشووری خۆرهەڵاتی سووریاش بنکەی سەربازیی داناوە.

لەلایەکی دیکەوە، قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی، لەسەر ئەو سنوورانەوە وێنەی نوێژکردنی خۆی بڵاودەکاتەوە و حەشدی شەعبی بەعاج دەگرێت و باسی ئەگەری ڕۆیشتن بۆ ناو سووریا دەکات!

تورکیاش بۆردومانی شەنگال دەکات و پەکەکەش ئەوێ وەک ڕێڕەو بەکاردەهێنێت. جگە لەوە، تەنانەت هەندێک لە سوننەکانی عێراقیش باس لە گرنگیی سێمالکا بۆ هەرێمی گریمانەیی سوننە دەکەن تا لەوێوە خۆیان لە سنوورەکانی تورکیا نزیک بکەنەوە. ئەم ناوچەیە دەتوانێت فەزایەکی حەیاتی بۆ هەرێمی کوردستانیش بکاتەوە.

## ڕێگای بەدیل

یەکێک لە گەورەترین تەگەرەکانی بەردەم پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان ئەو بەربەستە جوگرافیاییەیە کە مومکینە دەوروبەر بۆی دروستبکەن. کاریگەرییەکەیشی ئەوەندە زۆرە کە بەرپرسانی پلەبەرزی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر وەک گرنگترین کارتی هەڕەشە پیشانی کوردی دەدەن و لەنێو بازاڕ و شەقامی کوردستانیشدا بەو نیگەرانییەی کە ئەگەر ئێران و تورکیا سنوورمان لێ دابخەن گرانیی ڕوومان تێدەکات، ڕەنگی خۆی پیشاندەدات.

داخستن و دانەخستنی سنوورەکان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە پەیوەندی بە بارودۆخ و قۆناغە جیاوازەکانەوە هەیە. مومکینە دایخەن یان داینەخەن، لەوانەیە بۆ ماوەی کاتی ئەو کارە بکەن یان بۆ ماوەی درێژخایەن! هەریەک لەم ئەگەرانە ڕووبدات، هیچ لەو بابەتە ناگۆڕێت کە کوردستان پێویستی بە دەرچەیەکی نوێ، غەیری ڕێگای عێراق و ئێران و تورکیا هەیە. ئەوەی لێرەدا وەک بەدیل دێتە پێشچاو، ڕێگای گەیشتن بە کەنداوە! بۆ ئەمەش دوو ڕێگا هەیە:

یەکیان ڕێگای ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق و ئەویتریشیان ڕێگای گەیشتن بە ئوردنە.

ڕێگای یەکەم نزیکە و کوردستان دەتوانێت بە مەسافەیەکی نزیکەی 620 کیلۆمەتری، هەولێر بە عەرعەر لە سعودیە بگەیەنێت. تا هەم نەوتی خۆی بباتە ئەوێ و هەم بۆڕیی ئاوی کوردستان-خەلیج دابمەزرێنێ. بەڵام ئاستەنگی گەورەی ئەمنی- سەربازی و سیاسی لەبەردەم ئەم بیرۆکەیەدا هەیە و زەحمەتە بە ئاسانی سەربگرێت. چونکە مەرجی یەکەمی ئەمە ئەوەیە کە هەرێمی سوننە بە ئەنبارەوە دابمەزرێت و پەیوەندییەکەیشی لەگەڵ کورد باش بێت. بەڵام ئێستا حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، زۆرێک لە ناوچە سوننەنشینەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و تەقریبەن پێکهاتەی دیموگرافی ئەو ناوچەیەش بەهۆی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی و هەروەها تێکچوونی ژێرخانەوە گۆڕاوە. جگە لەوە، پرۆژەیەکی یەکگرتووی سوننەش لەئارادا نییە.

شیعەکانی عێراقیش، ئەنبار بە حەوشەی پشتەوە و پەراوێزی ئەمنیی خۆیان دەزانن و لە ماوەی درێژخایەندا ڕێگا نادەن هێزێکی دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان لەوێ زاڵ بێت.

ڕێگای دووەم، گەیاندنی ڕەبیعە- شەنگال بە تەنەف-ئوردنە کە دەرفەتی دروستبوونی لە ڕێگەی یەکەم زۆرترە، چونکە:

1. لێواری سنووری باکووری ڕۆژهەڵات-باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بە زۆری لە دەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی سووریادایە، هەرچەندە لە هەندێک جێگا هێشتا داعش ماوە، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت ئەو هێڵە لە ژێر کاریگەریی ئەمریکا- ئوردندا بێت.

2. پەیوەندیی کورد- عەرەبی سوننە لە هەردوو دیوی سنوورەکە، بە ئاراستەی بەهێزبوون پێشدەکەوێت.

3. زەحمەتە سووریا وا خۆی بگرێتەوە کە بتوانێ ئەو سنوورانە وەک جاران کۆنترۆڵ بکاتەوە. بۆیە تەنانەت ئەگەر دابەشیش نەبێت، لەوانەیە دۆخێکی دیفاکتۆی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و عێراق لەو وڵاتە بێتەئاراوە.

4. ڕێگایەکی زەمینیی دوور نییە و بە مەسافەیەکی- 400 500 کیلۆمەترەوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێ خۆی بە تەنەف و لەوێشەوە بە ئوردن بگەیەنێت.

## کۆریدۆری حەیات

ناوەڕۆکی بیرۆکەی کۆریدۆری حەیات، ڕێگایەکی گریمانەیی گەیاندنی هەرێمی کوردستانە بە ئوردن کە لەوێوە دەتوانێ هەم بەرەو دەریای سوور و خەلیج شۆڕ بێتەوە، هەم بەرەو ئیسرائیل و دەریای سپی بڕوات.

هێڵی سەرەکیی ئەم کۆریدۆرە لە ڕەبیعە-شەنگالەوە دەستپێدەکات و دوای لادان لە مەیادین، لە دێرەزوور بەرەو ڕێگای تەنەف-ئوردن دەڕوات. مەودای ئەم هێڵە نزیکەی 411 کیلۆمەترە. بە 170 کیلۆمەتری دیکەش دەگاتە خاکی عەرەبستان و بە 370 کیلۆمەترەوە لە عەممانەوە دەگاتە ئیسرائیل و بە گشتی لە تەنەفەوە بە 450 کیلۆمەتر دەگاتە دەریای سپی.

ڕێگای گواستنەوەی وزە دەماری حەیاتیی دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی کوردستان دەبێت. بۆیە ناچارە جگە لە تورکیا بیر لە ڕێگای دیکەش بکاتەوە. ئەگەر گۆڕانکارییەکانی سووریا بە ئاراستەی نەمانی دەسەڵاتی ئەسەد لەم سنوورە بڕوات و داعش لەوێ نەمێنێ، هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێگایەکی زەمینی بۆ گواستنەوەی نەوت لەڕێی تەنکەرەوە لە ڕەبیعە بۆ مەیادین و لەوێشەوە بۆ تەنەف بکاتەوە. لە درێژخایەنیشدا، ئەم ڕێگایە لەبەر کەمیی مەسافەکەی ڕێگایەکی گونجاوە بۆ دروستکردنی هێڵێکی بۆڕیی نەوتی کوردستان-ئوردن. ئێستا کوردستان بە درێژایی 1452کیلۆمەتر بە تەنکەر نەوت ڕەوانەی بەندەر عەباس لە ئێران دەکات و بە هێڵێکی 785 کیلۆمەتری، نەوت لە کەرکووکەوە ڕەوانەی بەندەری جەیهان لە پارێزگای ئەدەنە لە تورکیا دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان لە دهۆکەوە بۆڕییەکی نەوت یان بە تەنکەر نەوت ڕەوانەی ئوردن بکات، واتا لە دهۆکەوە بڕواتە ئەلهۆل و لەوێشەوە بگاتە مەیادین و دواتریش خۆی بە تەنەف بگەیەنێت، ڕێگایەکی 560 کیلۆمەتریی لە پێشە.

جگە لەوە، کەمیی سەرچاوەی ئاو لە ئوردن و سعودیە و وڵاتانی دیکەی خەلیج شتێکی ئاشکرایە. کوردستانیش سەرەڕای بەرەنگارییەکانی تورکیا و ئێران دەتوانێت لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداو و سیاسەتی گلدانەوەی ئاو، زیاتر لە پێویستی و مەسرەفی خۆی ئاوی هەبێت. بە هەناردەکردنی ئاو بۆ ئوردن و خەلیج، دەتوانێت هەم سەرچاوەیەکی داهات پەیدا بکات، هەم دەرفەتەکانی مانەوەی دەوڵەتی کوردستان زیاتر بکات. پێشتر تورگوت ئۆزال سەرکۆماری پێشووی تورکیا بیرۆکەی گەیاندنی ئاوی جەیهانی بۆ خەلیج هەبوو کە بە بۆڕیی ئاشتی ناوی دەبرد، بەڵام سەری نەگرت. بێشک، بەهۆی نزیکتربوونی کوردستان لە خەلیج، دانوستاندنی هەرێمی کوردستان- ئوردن خەلیج لەسەر پرۆژەیەکی ستراتیژی و گرنگی وەک هێڵی حەیات/ ژیان بۆ گواستنەوەی ئاوی دیجلە بۆ ئوردن و کەنداو، شتێکی گرنگ و نزیک لە واقیع دەبێت. ئەمە هەم پێگەی کوردستان بەهێزتر دەکات و هەم لە کێشەی ئاوی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێراندا، بەشێک لە دنیای عەرەبی سوننی لەگەڵ خۆی دەخات.

## ئەنجام

لەبەردەم بیرۆکەی کۆریدۆری حەیاتدا گرفت و ئاستەنگ هەن، بەڵام ئەگەری لابردنیشیان لەئارادا هەیە. ئەمە چەندە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەوەندەش گرێدراوی دۆخی ناوچەکە و هاوسەنگیی سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە. بۆیە، ئاسان نییە ئەم بیرۆکەیە یەکسەر ببێتە پرۆژەیەکی کرداری، بەڵام نیاز و ناچاری، هەرێمی کوردستان ئیجبار دەکات بیر لە ڕێگای ئەڵتەرناتیڤ بۆ گەیشتن بە دەرەوە بکاتەوە. دواجار، هەموو ئەو پرۆژانەش کە جێبەجێ دەکرێن، بەرهەمی بیرکردنەوە و خەیاڵێکی ناو زەینی مرۆڤەکانن!



مەجید نیزامەدین گلی*

دیپلۆماسی

# نهێنییەکانی هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەبارەی گشتپرسی

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، وەکو بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ ژمارەیەک دیپلۆماتکار و بەرپرسی نێودەوڵەتی چەند گفتوگۆیەکم ئەنجامداوە لەسەر بابەتی گشتپرسی. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەن کە بە ڕەزامەندیی خۆیان بێ ئەوەی ناویان ئاشکرا بکەم، ڕێگەیان پێ داوم بەشێوەیەکی گشتی باسیان بکەم.

## جیاوازی لە نێوان هەڵوێست و سیاسەت:

لە تورکیا و ئێرانەوە بۆ ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، هەموویان لە دژی گشتپرسی لێدوانیان داوە. بەڵام ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە. بابڵێین سەرکردەی وڵاتێک کە پەیوەندیی ئاسایی لەگەڵ عێراق هەیە، سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دەبینێت، هێشتا زۆر زەحمەتە بۆ نوێنەری ئەو وڵاتە پیرۆزبایی لە هەنگاوێک بکات کە دابەشبوونی عێراقی لێ دەکەوێتەوە.

بۆ زۆرینەی کورد گشتپرسی هەنگاوێکە بەرەو گەیشتن بە خەونێکی نەتەوەیی و مێژوویی، بەڵام بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گشتپرسی هەنگاوێکە بەرەو دابەشکردنی عێراق. ئەو دیپلۆماتکار و بەرپرسانەی قسەم لەگەڵ کردوون، هەموویان لەسەر یەک خاڵ هاوڕان: دابەشکردنی عێراق دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی زیاتر لە ناوچەکەدا.

بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەک وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان گشتپرسی بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ دەبینن؟ چونکە ئەگەر بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ ببینرێت، ئەوە کاردانەوەی توند و ڕاستەخۆشیان دەبێت.

ئەوەی من لە گفتوگۆکانم لەگەڵ دیپلۆماتکاران و نوێنەرانی وڵاتان تێیگەیشتبم، جگە لە ئێران هیچ وڵاتێک بە تورکیا و ئەمریکا و ڕووسیاشەوە، ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە باشووری کوردستان بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ نابینن.

هەروەها جگە لە ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان، دیپلۆماتکارانی هیچ وڵات و لایەنێکی دیکە باسی ئەوە ناکەن کە ئەوان پلانیان هەیە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری عەمەلی لە دژی گشتپرسی و سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان. ئەمەش مەرج نییە لەبەر ئەوە بێت کە ئەو وڵاتانە پلانەکانیان بە نهێنی دەهێڵنەوە، بەڵکو وەکو دیپلۆماتکارێکی یەکێتی ئەورووپا دەڵێت "تا بابەتێک نەبێتە کێشەیەکی گەورە، وڵاتان سیاسەتی بۆ داناڕێژن".

من ناڵێم هەڕەشە و لێدوانی بەرپرسانی وڵاتان نابێ بە جددی وەربگیرێت، بەڵام لێدوانێکی بەرپرسێکی ئێرانی یان هەڕەشە و جووڵەیەکی سەربازی لەسەر سنوورەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێران ئامادەیە و توانای ئەوەی هەیە چەک بەکاربهێنێ لە دژی باشووری کوردستان.

## ئێران و بژاردەی سەربازی:

"باوەڕ ناکەم ئێران هێز لە دژی کوردی عێراق بەکاربهێنێ" ئەمە قسەی بەرپرسێکی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکانە. ئەو بەرپرسە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و ئێرانیش گفتوگۆی هەبووە و وا دەردەکەوێت کە باش دەزانێت باسی چی دەکات. بەڵام لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ. لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی گشتپرسی، گوشارە نێودەوڵەتییەکان تادێ زیاتر دەبن. بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بە منی گوت کە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیان گوتووە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی گشتپرسی، ئەمریکا زمانێکی زۆر توندتر لە دژی گشتپرسی بەکاردەهێنێ. هەر هەمان سەرچاوە گوتی کە بەم نزیکانە وەفدێکی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق دەچنە لای بارزانی. هەر دەربارەی فشارەکانی ئەمریکا، سەرچاوەیەکی دیکەش ئەو زانیارییەی بەرپرسەکەی نەتەوەیەکگرتووەکانی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەندامێکی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بەم نزیکانە تەلەفۆن بۆ بارزانی دەکات و داوای لێ دەکات گشتپرسی دوابخات. هەر بەگوێرەی هەمان سەرچاوە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ واشنتن و بەغدا، ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکان خەریکی داڕشتنی "میکانیزمێکە" بۆ دواخستنی وادەی گشتپرسی بۆ ئەوەی وەکو پێشنیازێک بدرێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

## هەڵوێستی ئەنجوومەنی ئاسایش

ڕۆژی 17ی تەمووزی ڕابردوو، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربارەی ڕەوشی عێراق دوو کۆبوونەوەی ئەنجامدا. یەکێکیان کراوە بوو کە تەلەفزیۆنی (ڕووداو) گواستییەوە و ئەوەی دووەم داخراو بوو کە پێی دەگوترێت کۆبوونەوەی "ڕاوێژکاری". لە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکەدا نوێنەرانی ئەمریکا و ڕووسیا و چین و 12 وڵاتەکەی دیکەی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ یان کۆبش، نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کۆبوونەوە. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ناو کۆبوونەوەکە، پێنج وڵاتی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش بە یان کۆبشیان گوتووە کە لە کاتی هەر پێشهاتێک دەربارەی گشتپرسیی باشووری کوردستان، دەبێت یان کۆبش زانیاری و وردەکارییان بۆ بنێرێت. هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنەکە تەئکیدیان لە گرنگیی پاراستنی یەکپارچەیی و سەقامگیریی عێراق کردووەتەوە.

## "هەرای سووریامان بەسە"

سەرچاوەیەکی نزیک لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەمە قسەی نێو دیپلۆماتکارانی تورکیایە کاتێک باسی گشتپرسی باشووری کوردستان دەکەن. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت بەرپرسانی تورکیا- بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئەردۆغانەوە نزیکن- وەکو پرەنسیپ کێشەیان نییە لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان لە باشووری تورکیا کە بارزانی سەرکردایەتی بکات، بەڵام بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە یەکێک لە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی تورکیا ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە لەوانەیە سوننەی عەرەب و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق هانبدات بۆ ئەوەی داوای کیانی سیاسیی سەربەخۆ بکەن وعێراقیش وەکو سووریا بکەوێتە ناو ئاژاوەیەکی سەرتاسەرییەوە.

هەر ئەو سەرچاوەیەی نزیک لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا گوتی "قەیرانی سووریا نەبووایە، کراوەتر دەبووین بۆ گۆڕانێکی ئاوا گەورە لە عێراقدا".

**بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئاهەنگی لەیال بە 120 هەزار دۆلارە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی rووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی rووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی rووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

# داتا ترسناکەکانی مووسڵ

## ئاوارەکان:



940 هەزار
کەس ئاوارە بوون

2000
کەس ڕۆژانە دەگەڕێنەوە




240 هەزار
ئاوارە گەڕاونەتەوە

176 هەزار
کەس لە بەری ڕۆژهەڵات

760 هەزار
کەس لە بەری ڕۆژئاوا

## پلانی ئاوەدانکردنەوەی



10 ساڵ
ماوەی پلانەکە

100 ملیار دۆلار
پارەی پێویست

700
ملیار نۆژەنکردنەوەی بە پەلەی ڕۆژئاوای مووسڵ

1 ملیۆن
بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی سەرەتایی مووسڵ

11 ملیۆن
ژمارەی ئەو کەسانەی ئەمساڵ پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە

## وێرانکاری:



15
گەڕەکی بەری ڕۆژئاوا خاپوور بوون

23
گەڕەک تارادەیەک زیانیان پێگەیشتووە

16
گەڕەک تارادەیەک زیانیان پێگەیشتووە



ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە عێراق:

10
هەزار مەتر چوارگۆشە



دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراق:

1 ملیۆن
کەس





## قوربانیانی مووسڵ

40 هەزار
مەدەنی لە مووسڵ کوژراون

%40
ڕێژەی کوژراوانی هێزی تایبەت